# شۆڕشی ئۆکتۆبەر:

## ئەو کاتەی کرێکاران پەلاماری ئاسمانیان دا



نووسین، وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

**پێشڕەو محەمەد**

# شۆڕشی ئۆکتۆبەر:

## ئەو کاتەی کرێکاران پەلاماری ئاسمانیان دا

نووسین، وەرگێڕان و ئامادەکردن:

پێشڕەو محەمەد

لە بڵاوکراوەکانی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

# ناوەرۆک

شۆڕشی ئۆکتۆبەر: ئەو کاتەی کرێکاران پەلاماری ئاسمانیان دا

شۆڕشی سۆسیالیستیی 1917ی ڕووسیا

لەبەردەم دەروازەی شۆڕشێکدا

وانەکانی ئۆکتۆبەر

ڕۆژی ئایار لە ڕووسیا، 1917 – فانۆسێکی دەریایی بۆ کرێکارانی سەرتاسەری دونیا

ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشی ڕووسیادا

شۆڕشی سێکسوالیی ڕووسیا دوای 1917

حیکایەتی شۆڕشی شوبات

ترۆتسکی: لە یاخیبوونەوە بۆ شۆڕش

لینین، ترۆتسکی و ئەنتەرناسیۆنالیزم

# شۆڕشی ئۆکتۆبەر:

## ئەو کاتەی کرێکاران پەلاماری ئاسمانیان دا

نووسینی: پێشڕەو محەمەد

کێ هەبوو، کێ هەیە، بیر لەوە بکاتەوە نەریتێک بە مێژوویەکی نزیک لە 5 هەزار ساڵییەوە، لەلایەن خەڵکانێکەوە پەلامار بدرێت، کە هەمیشە مەحکوم کراون بەوەی لەنێو تەونی کۆنەپارێزیی و دواکەوتووییدا بژین؟ ئەی کێ

هەیە بیر لەوە بکاتەوە ڕۆژێک دێت ئینسان چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی دیاریدەکات؟

تا ئێستا لە مێژوودا هەمیشە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان، جەخت لەسەر ڕەهەندی سەروئاسایی ڕووداوەکان کراوەتەوە، هەموو کاتێکیش کۆمەڵگا کێشکراوەتە ناو جەنگی کێبڕکێخوازەکان و جەماوەری خەڵک وەک پردی پەڕینەوەی حاکمان و نەریتەکانیان بەکارهێنراون. پاشان لەلایەن ڕژێمی تازەوە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پەروەردە کراونەتەوە و لە دامودەزگاکاندا بەگەڕخراونەتەوە. هەر لێرەشەوە دەیان هێزی سەرکوتکاری وەک پۆلیس و سوپای چەکداری دەوڵەتیی و ئاساییش و دەزگا سیخوڕییەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی فیزیکیی و زەینیی ئینسان بەکارهێناوە، چونکە لە هەر شوێنێک

سیستەمێکی لەم چەشنە هەبووبێت، بەحەتمیی حاکمەکـــان و دەســـت لەســـەر ســـینەکانی ئەم سیســـتەمە لەوەش تێگەیشـــتوون ڕووبەڕووی بەرهەڵســـتیی و بەرەنگـــاریی لەخـــوارەوەی کۆمەڵگادا دەبنەوە.

بـــۆ ســـەدان ســـاڵ و هەزاران ســـاڵ بگـــرە، لەســـەر ئەم گـــۆی زەویـــیە، وادانرابـــوو، ئەوەی هەیە وەکخـــۆی دەمێنێـــتەوە، ئەم سیســـتەمە ئەبەدییە و ئینسان بەسروشتی خۆی پێویستی بە سیســـتەمێکی لەم چەشـــنەیە تـــا ئینســـانەکان لەشـــەڕی هەمـــووان دژی هەمـــووان بپارێزێـــت و لەنـــاو ئەم کۆمەڵگـــا و دۆخە سروشـــتییەدا، حەتـــمەن سیســـتەم و حـــاکمییەتێکی ســـەرو خەڵکیـــی، تـــا بتوانێـــت لەدەرەوەی هەمـــوو حـوکمێکی عـاتیفییەوە کۆمەڵگا ڕێکبخـات، بەڵام لەپشـتی پەردەی ئەم دۆخەوە شـتگەلێکی دیـکە

وەســــتابوون؛ سیســــتەمی چینــــایەتیی بە ئامرازەکـــانی ئایـــدیۆلۆژیا و ئامرازەکـــانی دەوڵەتیـیەوە، کە بەرگرییـان لە بەرهەمهێنـانی سامان لە لایەن زۆرینەی کۆمەڵگاوە دەکرد کە دەچـــووە گیرفـــانی کەمیـــنەوە. بەڵام ئەوان نەیـانزانی هەر لەســەر ئەم گـۆی زەویـیە، کە وادادەنرا ئینسان بەهیچ جۆرێک ناگۆڕێت و ئەم سیسـتەمە دوا سیسـتەمی ئینسـانە تیایـدا بـژی، کەسـانێک دەردەکەون، کە ئەوان چاوەڕوانیـان نەبوون.

لەســەر ئەم کەونە، لەســەر ئەم هەســارەیە، ڕەوتی مێژوو بەجۆرێک بەرەو پێشـەوە لەقەڵەم دەدرا کە تیایـــدا گەرەنتیـــی ئەبەدیـــی ئەم سیســـتەمە کرابـوو، بەڵام دیســـان نەیـــانزانی کەسانێک بەدیاردەکەون، ئەم ڕەوتە دەوەستێن.

والـتەر بنیـامین ڕووداوێـک تۆمـار دەکـات و دەڵێت:

***لە شۆڕشی مانگی تەممووزدا شتێک ڕوویدا کە ڕوونـی کـردەوە ئەم وشـیارییە هێشـتاش زینـــدووە. لە یەکەمـــین بەرەبەیـــانی ڕووبەڕووبوونەوەدا ڕوون بووەوە کە لە خاڵە جیاوازەکـــانی پاریســـدا، گەلێـــک کەس بەشـێوەیەکی هاوزەمـان، بەڵام سـەربەخۆ و دابڕاو لەیەکتری، تەقە لە سەعاتە گەورەکانی بورجەکـــان و مەیـــدانەکانی شـــار دەکەن، شایەتحاڵێکی زیندوو، کە لەوانەیە لەم بینین و ڕوانـــگەیەی خۆیـــدا قەرزاربـــاری هـــونەری سەرواســاز بێـت، نووسـیویەتی: "چ کەسـێک باوەڕی دەکرد؟ ئێستا بە ئێمە دەڵێن لەپای هەر بورجێکدا یوشەعە نوێکان، وەک بڵێی لە خودی***

***زەمەن تــووڕە بــوون، تەقەیــان لە ســەعاتە چرکەدارەکان کرد تا ڕۆژ بووەستێنن". ***

ئەمەی والــتەر بنیــامین، بــاس لە کۆمــۆنەی پــــاریس دەکــــات، بێگومــــان یەکەم ڕووداوی شۆڕشگێڕیی کرێکـاریی، پێچەوانەی پرۆسـە و ڕەوتــی گەشــەی زەمەنــی مێژوویــی سیســتەمە چینایەتییەکـــان بـــوو، بەڵام دووەم ڕووداوی گەورەی مێژوویـــی، کە مێـــژووی مرۆڤـــایەتیی تووشـی دابـڕان کـرد، شۆڕشـی ئۆکتـۆبەر بـوو، ئەو شۆڕشــەی تیایـدا بـۆ یەکەمجـار کرێکـاران پەلامــاری ئاســمانیان دا. ئاســمان بەو مانــایەی ئەم سیستەمە ئەبەدییە هەرگیز ناگۆڕێت، بەڵام کرێکــــاران ئەم بۆچوونەیــــان ڕەتکــــردەوە و ســەلماندیان دەتـوانن شـۆڕش بـکەن، دەسـەڵات بەدەستەوە بگرن، کۆمەڵگا بەڕێوە بەرن، بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنـان بـکەن، و

کولتووریێکی پێشکەوتوو بەدیبهێنن کە مێژووی بۆرژوازیی خەونیشی پێوەنەبینیوە.

لیۆن ترۆتسکی دەڵێت، کاتێک ڕووداوی کۆمۆنەی پاریس ئەوروپای کۆنەپارێزی هەژاند، کرێکاران لە کارگەی پێڵاودا، گرێبەستێکیان مۆرکرد، بەکارهێنانی وشەی نەشیاو وەک پاشماوەی کۆمەڵگای بۆرژوازیی، لەنێوان کرێکاراندا قەدەغە بێت. ئەمە یەکەم هەنگاو بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەرەڕای گۆڕینی ژێرخانی ئابووریی و سەرخانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، کولتووریێکی تازەش هاتەکایەوە، کە پێشتر بۆرژوازیی بەرهەمهێنەری نەریتی زمانی پیسی کولتووریی بوو. یەکەم هەنگاوی پاککردنەوەی زمانی ڕۆژانەی ئینسان لە وشەی نەشیاو، لەسەر دەستی کرێکاران ڕوویدا. یەکەم پەلاماردانی

سیسـتەمی پـتەوی مێژوویـی ناسـراو بە سروشـتی مـرۆڤ لەلایەن کرێکـارانەوە ئەنجـام درا.

لە ڕەوتـی شۆڕشـەکاندا، وشـیاربوونەوەی جەمـاوەر دەبێـتە بـزوێنەری شـۆڕش، بەپـێچەوانەی دیـدگای ڕۆشـنگەرەکان، کە سـتەمکاریی سیسـتەمەکان بە مەسـەلەی خـورافیی دەزانـن و ڕۆشـنبوونەوەی ئینسـان بە لەنـاوبردنی سـتەمکاریی دەبیـنن، لەکاتێکـدا لە مێـژوودا بینیومـانە و ئێسـتاش دەبینـین، کە چۆنچۆنی لەپشتی هەموو سیستەمە ستەمکار و دیکتاتۆر و سیسـتەمی سـەرمایەداریی ئەمڕۆدا، ڕۆشـنبیران و ڕۆشـنگەر و ئەکادیمیسـتەکان وەسـتاون. ترۆتسـکی لە کتێبـی ***مێـژووی شۆڕشی ڕووسیا***دا دەڵێت: "دیارترین خەسڵەتی هەر شۆڕشـێک، دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی

جەماوەرە لە ڕووداوە مێژووییەکاندا. لە ساتە ئاساییەکاندا، دەوڵەت، پاشایەتیی بێت یان دیموکراتیی، فەرق ناکات، خۆی بۆ ئاستی سەرووی نەتەوە بەرز دەکاتەوە، و ئەوسا مێژوو لەسەر دەستی پسپۆڕانی ئەم بزنس و پیشەیەی پاشایان، وەزیران، بیرۆکراتەکان، پەرلەمانتارەکان، و ڕۆژنامەنووسان، دروست دەکرێت. بەڵام لە ساتە قورس و هەستیارەکاندا، ئەو کاتەی جەماوەر چیتر ناتوانێت بەرگەی نەزمی کۆن بگرێت، ئەوا جەماوەر دەستدەکەن بە لابردن و تێکشاندنی ئەو بەربەستانەی لە مەیدانی سیاسەتدا لەدوورەوە ڕایانگرتبوون، لەسەر ڕێگاکە نوێنەرە نەریتیی و سونەتییەکانی خۆیان لادەبەن و جادەکە پاک دەکەنەوە و بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی خۆیان یەکەم بناغەکانی ڕژێمی تازە دادەمەزێنن. باشی یان

خراپــی مەســەلەکە بــۆ حــوکمە ئەخلاقییەکــان جێدەهێڵین. ئێمە هەر بەمجۆرە لە ڕاستییەکان دەڕوانـــین کە لەلایەن ڕەوتـــی بـــابەتیی و ئوبژێکتیڤی پێشکەوتنەوە پێمان دراون. مێژووی هەر شۆڕشـێک بـۆ ئـێمە پـێش هەر شـتێک مێژووی هاتنەناوەوەی بەزەبری جەماوەرە بۆ نێـــو مەیـــدانی دەســـەڵاتدارێتیی بەســـەر چارەنووسی خۆیاندا".

بەڵام لێرەدا ئەو هێزە وشیارەی لە گۆشـەو کەنارەکـانی مێـژووەوە سـەردەردەهێنێت و بە وشیاریی شۆڕشگێڕیی خەڵکی ستەملێکراوەوە چـــرۆ دەکـــات، بەرەو ئایـــدیای سۆســـیالیزم دەڕوات، وەک ئەوەی کرێکـاران لە ئۆکتـۆبەری 1917 ئەنجامیـــان دا. ئەگەرچـــی هەمـــوو شۆڕشـــێک لەســـەرەتادا کـــوێرە، بەتـــایبەت لەســـــەرەتاکانی دامەزرانـــــدنی سیســـــتەمە

بۆرژوازییەکـــان، جەمـــاوەر پلانێکـــی ئەوتـــۆی نەبـــوو بـــۆ دیـــاریکردنی فـــۆرمی حکـــومەتیی و سیستەمی کۆمەڵایەتیی دوای شۆڕش. نموونەی شۆڕشـــەکانیش لە ئینگلانـــدەوە تـــا شۆڕشـــی گەورەی فەڕەنسیی 1789، تا شۆڕشـی 1905 و شوباتی 1917ی ڕووسیا.

ترۆتســـکی لەوبـــارەیەوە لە هەمـــان کتێبـــدا دەڵێـــت: "جەمـــاوەر بە پـــلان و بەرنـــامەیەکی لەپێشـــــــدا ئامـــــــادەکراوی بونیادنـــــــانەوە و نـــۆژەنکردنەوەی کـــۆمەڵایەتیی نـــاچێتە نـــاو مەیدانی شۆڕشەوە، بەڵکو لەساتی ڕۆیشتن بۆ مەیـدانی شـۆڕش تەنهـا بەقـوڵی هەسـت بەوە دەکەن چیتر ناتوانن بەرگەی کۆمەڵگا و ڕژێمی کۆن بگرن. لە هەر چینێکدا تەنها ڕێنیشاندەرانی ئەو چینە بەرنامەی سیاسییان هەیە و ئێستاش ئەم بەرنـــامەیە پێویســـتی بە تـــاقیکردنەوەی

ڕووداوەکـــــان و پشتڕاســــتکردنەوەی لەلایەن جەمــاوەرەوە هەیە. بــۆیە، بنچیــنەی پرۆســەی سیاسـیی شـۆڕش خـۆی بـریتییە لە تێگەیشـتنی وردە وردەی ئەو کێشــــانەی لە قەیرانــــــی کـــۆمەڵایەتییەوە بەهــــۆی چینـــی خـــاوەن بەرژەوەنـــدەوە ســـەرچاوە دەگـــرن – یـــان ئاراســـتەگیریی چالاکــانەی جەمــاوەر لەڕێگـای ڕیزێـک خەملاّنـدنی یەک بەدوای یەک. قۆنـاغە جیاوازەکــانی پرۆســـەی شۆڕشـــگێڕیی، هەر یەکێکیــان هاوشــانە لەگەڵ گـۆڕانی حزبەکــان بەشــێوەیەک کە حزبــی تونــدڕەوتر هەمیشـــە جێگــای حزبــی میــانەڕەوتر دەگــرێتەوە، ئەم پرۆســـەیە فشــاری بەردەوام ڕوولەهەڵکشــانی جەمـاوەر دەردەخـات بەرەو چەپ – بەمەرجـی ئەوەی بـازدانی بـزووتنەوەکە بەر بەربەسـت و ســــەدە بابەتییەکـــــان نەکەوێـــت. لەکـــــاتی بەریەککەوتنێکـــــی ئـــــاوادا، کـــــاردانەوەیەک

دەستپێدەکات، کە بریتییە لە: نائومێدیی توێژە جیاوازەکانی چینی شۆڕشگێڕ، گەشە و هەڵکشانی بێ باکیی، و لەگەڵیشیدا، پتەوبوونی هەڵوێستی هێزە دژەشۆڕشگێڕەکان. لانیکەم، بەمجۆرەیە پڕۆژەی گشتیی شۆڕشە کۆنەکان".

کەواتە لە سەرەتای پرۆسەی قەیرانی شۆڕشگێڕییەوە، زۆرێک لە ئامانجەکانی شۆڕش بۆ زۆرێک لە خودی شۆڕگێڕەکانیش ڕوون نییە. شۆڕش لە سەرەتاوە "کوێر"ـە و خۆی نازانێت بۆرژوازییە یان سۆسیالیستی – بەتایبەت ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا کە گەشەکردنی سەرمایەداری لە تەواوی وڵاتە پەراوێزییەکاندا گەلێک پێکهاتەی سەیروسەمەرەی دواکەوتوییش پتەوتر

له جـــاران لهگهڵ خۆیـــدا ههڵـــدهگێت. شۆڕشـــهكانی وهك شۆڕشـــی 1979ی ئێـــران نمـــوونهی بهرچـــاون. "بههـــاری عهرهبـی" یهكـێكه له دوایـین نموونهكـانی ئهم شۆڕشــه كـوێرانه. ئهگهر لهنێـو دڵـی ئهمجـۆره قهیـرانه شۆڕشـگێڕییانهدا ئهو هێـزه نهبێت كه له پێشـهوه بزانێت چۆن دهســـهڵات زهروورهتـــی ههیه و چـــۆن پێكهـــاتهیهكی هێـــزه كۆمهڵایهتییهكـــان دهتوانێـــــــت ئهوه بهدیبهێنێـــــــت، و له ههموویشـی گرنگتـر، دهبێت بـۆ چجـۆره ههنگاوێـــك خهبـــات بكرێـــت تـــاكو ئهڵتهرناتیڤی سـهرهوه بهدیبێت، بهخێرایـی فراكسـیۆنی چینهكـان و تـوێژه باڵادهسـته ههنـــوكهیی و پێشـــییهكانی ڕابهرایهتیـــی

شـۆڕش بەدەسـتەوە دەگـرن و قەیرانـی شۆڕشـگێڕی نـوێکردنەوەی دووبـارەی دەزگـا دەوڵەتیـیە بۆرژوازییەکـانی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام لە سـەردەمێکدا بەتـایبەت ئەمـڕۆ کە بـۆرژوازیی سەرتاسـەری هەسـارەکەی تەنیوەتەوە، شۆڕش تەنها دەبێت سۆسیالیستیی بێـت یـان بـۆرژوازیی، بـۆرژوازیی کە خـۆی لەسـەر حـوکمە، شـۆڕش لەدژی خـۆی ناکـات، کەواتە سـتراتیژیی شۆڕشـگێڕیی، بە حەتمـی دەبێ شۆڕشی سۆسیالیستیی بێت، ئەمە یەکێکە لەو وانـانەی لە شۆڕشـی ئۆکتـۆبەرەوە فێـری دەبین.

لەم کتێـبەدا کە کـۆکردنەوە و هەڵبژاردنـی چەنـد وتـارێکە لەسـەر ڕەهەنـدە جیاوازەکـانی

شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەر هەڵوەســـتە کـــراوە، مـــن نـــزیکەی ســـاڵێکە خەریکـــی ئامادەکـــارییم بـــۆ نووسینی کتێبێک دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، وەرگێڕانی کتێبی ***مێژووی شۆڕشی ڕووسیای*** لیـۆن ترۆتسـکی (کە تـا ئێسـتا تەنهـا بەرگـی یەکەمـی تەواو بـووە)، وەک ئامادەکارییەک بـۆ ســـەد ســـاڵیادی شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەر، بەڵام هەلومەرجی نـوێی ژیـان، و دەستبەکاربوون لە ئەرک و بەرپرسیارێتیی تازەدا لەم ئەرکە دوای خستم، بۆیە دەتوانم ئێستا تەنها بەم کۆمەڵە وتـارە، بەشـی یەکەمـی کتێبەکەی ترۆتسـکی، هەروەهـا کتێبێکـی دیـکەی لیـۆن ترۆتسـکی بەنـاوی "***بەرگریکردن لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر***"، بەشـــداریی بـــکەم کە بەم زووانە ناوەنـــدی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی کوردستان، چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

بەهیــوام ســـاڵی داهــاتوو بتــوانم ئەم دوو کارەم بەسەرەنجام بگەیەنم.

پێشڕەو محەمەد

8. ئۆکتۆبەری 2017

بەرلین-کرۆیتزبێرگ

# شۆڕشی سۆسیالیستیی 1917ی ڕووسیا

کیلەر دۆیل

شۆڕشی سۆسیالیستیی 1917ی ڕووسیا، سەد ساڵ دوای ڕوودانی لە ڕۆژی 7ی نۆڤەمبەر بەگوێرەی ڕۆژمێری کۆن [کە دەکاتە 25ی ئۆکتۆبەری ئەمڕۆ]، هێشتا لەلایەن سۆسیالیستەکانەوە وەک گەورەترین ڕووداوی مێژوو باس دەکرێت. شۆڕش بەڕابەرایەتیی پارتی بەلشەڤیی، یەکەم و تائێستا تەنها

حکـومەتی کرێکـاریی بـۆ پاراسـتنی دەسـەڵات بۆماوەیەکی درێژ هێنایە مەیدانەکەوە. شۆڕش بە بانگهێشتی کرێکارانی جیهان بەبڕینی هەمان ڕێگـا، دەسـتیکرد بە هەڵکەنـدنی فیـودالیزم و سەرمایەداریی لە زەوی.

ئەمە دیموکراتیترین فۆرمی حکومەتێک بوو کە تـا ئەوکـات بینرابێـت. بەلشـەڤییەکان ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی 1871 و شـورا کرێکارییەکـان بەدرێژایـی شۆڕشـی 1905ی ڕووسـیایان بەکارهێنـا و پەرەیـان پێدان. کـۆی بڕیـاردانە سـەرەکییەکان بەهـۆی سیسـتەمی "شـوراکان"ی نـوێنەرانی کرێکـاران، سـەربازان و جووتیـارانەوە، ئەویش لە ئاسـتی لۆکـاڵیی، نـاوچەیی و نیشـتمانیدا دەدران. نـوێنەرانی مووچەخۆر، لەهەر کاتێکدا دەتوانرا

لاببرێن و هی دیکە دابنرێن و ئەوان زیاتر لە کرێی مامناوەندیی کرێکارێکیان وەرنەدەرگرت.

ڕووسیا تا هاوینی 1918 چووە دەرەوەی جەنگی یەکەمی جیهانەوە. زەوی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ سوودی جووتیارانی هەژار داگیرکرابوو. بانکە سەرەکییەکان و پیشەسازییەکانی وڵات کەوتبوونە ژێردەستی کرێکارانەوە و بەنیشتمانیی کرابوون. بەڕێوەبەرایەتیی کرێکاریی سەرەتایی لە پیشەسازییەکان و کۆمەڵگادا لەڕێگای شورا هەڵبژێردراوەکانی وڵاتەوە لەئاستی ناوچەیی و نیشتمانیدا پیادە دەکرا.

ئایدیای شۆڕش وەک تیشکێکی سەرکێشی ئاگری لەئاستی نێونەتەوەییدا بڵاوکردبووەوە. تا کۆتایی ساڵی 1918، ڕاپەڕینی کرێکاران لە ئەڵمانیا دەسەڵاتی لە قەیسەر وەرگرتبوو. ساڵی

دواتر لە هەنگاریا، بەڕابەرایەتیی بێلا کان بۆ پشتیوانییکردن لە شۆڕشی ڕووسیا سەریهەڵدا. لە بریتانیا مانگترنەکانی ساڵی 1918 شەش بەرابەر بەرزبووەوە، بەجۆرێک 35 ملیۆن ڕۆژی کار لە ساڵی 1919 "لەدەست چووبوو". کرێکارانی لەندەن خۆیان بەدوورگرت لە گواستنەوەی چەک دژی حکومەتی بەلشەڤییەکان.

## لاوازترین بازنە

زۆرینەی مارکسیستەکان چاوەڕوانبوون یەکەم سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیی لە وڵاتێکی لەبنچینەدا پیشەسازیی بە چینی کرێکاری خاوەن ئەزموونەوە، وەک ئەڵمانیا یان ئەمریکا ڕووبدات و پاشان بەرەو ئابوورییە

کەمتـــــر گەشـــــەکردووەکان بکشـــــێت. بەڵام سەرمایەداریی بەهۆی کۆمەڵێکی تایبەتی فاکتەر و هۆکارەکان، لە لاوازترین بازنەدا زنجیرەکەی تێکوپێکشکا.

ڕووسـیا لەسـەروەختی شۆڕشـی شـوباتی 1917 وڵاتێکـــی گەورە و وێرانبـــووی جەنـــگ بـوو. لە80%ی دانیشـتووان جووتیـارانی هەژار بـوون کە زۆرینەیـان لەسـەر زەوییەکـانی خێزە ئەریســــــــــتۆکرات و "دەوڵەمەنـــــــــــدە تازەپیاکەوتووەکـــان"ی جیهـــانی بازرگـــانیی، کاریـان دەکـرد. تەنهـا بڕێکـی زۆر کەمـی هێـزی کـــاری ڕووســـیا لە پیشەســـازییەکاندا کـــاری دەکــرد. دوو ملیــۆن ســەربازی ڕووســیا، کە زۆرینەیـــان لە خێزانـــی جووتیارەکـــان بـــوون، پێشـــتر لە خوێنڕێژییەکـــانی جەنگـــی یەکەمـــی جیهاندا قەتڵ و عام کرابوون.

پیشەسازیی لە ڕووسیا بەڕادەیەک مۆدێرن و سەربەدەرەوە بوو. ئەو کرێکارانەی لەناوچەکانی دەوروبەر و گوندەکانەوە هێنرابوون، لە کوختەکاندا نیشتەجێ کرابوون و لە کارگە گەورەکاندا کۆکرابوونەوە – زۆرینەیان لە شارە گەورەکانی وەک مۆسکۆ و پیترۆگراد کە لەو ڕۆژگارەدا پایتەختی وڵات بوو.

قەیسەر، خاوەن دەوڵەتێکی پۆلیسیی توندوتیژئامێز بوو بۆ پاراستنی ئیمپراتۆرییەتی گەورە و بوونی پڕ بەرژەوەندیی خۆی. ناردۆنیکەکان – سۆسیال ڕیڤۆلیوشنەرەکان، بەهەڵە پشتیان بە جووتیاران و تاکتیکی تیرۆری قەیسەر و وەزیرانی حکومەتەکەی بەست نەک ئەوەی هەلومەرج بۆ "تەقینەوە"ی

شۆڕش ئامادە بکەن. زۆرێکیان ئیعدام کران یان لە باشترین حاڵەتدا دوورخرانەوە.

بەپێچەوانەوە، سۆسیالیستە مارکسیستەکان پشتیان بە پرۆلیتاریای پیشەسازیی وەک هێزی جوڵێنەری شۆڕش بەست. ئەوانیش ڕووبەڕووی ڕاوەدوونان، ئازار و ئەزیەت و زیندان بوونەوە. ڕێکخراوەکانیان حاڵەتی ژێرزەمینیی پەیداکرد و ڕابەرانیان لە مەنفادا نیشتەجێ بوون و دوورخرانەوە. مانگرتنەکان قەدەغەکران.

## 1905

نەوە جیاوازە شۆڕشگێڕەکانی ڕووسیا دەستیانکرد بە خەبات دژی ڕژێمی قەیسەر و ئایدیاکانی خۆیان لەڕێگای موتاڵەعە و

ئەزموونی خەباتەکانی خۆیانەوە فراوانترکرد. تا سەرەتای 1905، مانگرتنەکان و ناڕەزایەتییەکان وردە وردە بەرزبوونەوە ئەویش بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە هێزەکانی ڕووسیا لەجەنگیاندا لەگەڵ ژاپۆن ڕسوا ببوون. لە ڕۆژی 9ی کانوونی دووەمدا، لە پیترۆگراد، مانگرتنێکی ئاشتیئامێز لە کرێکارانی مانگرتوو و خێزانەکانیان لەسەرتاسەری شار بەڕابەرایەتیی قەشەیەک ئەنجامدرا بۆ ئەوەی تۆماری ناڕەزایەتیی بەخواستی هەلومەرجێکی گونجاوی ژیان و ئازادییە سیاسییەکان تەسلیمی قەیسەر بکات. سەربازانی حکومەت، ئاگریان کردەوە و سەدان کەس کوژران و برینداربوون.

مانگرتن سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە. یاخیبوون لە مەیدانی پۆتمەکین لە هێزی دەریای ڕەشی ڕووسیا تیشکەکانی ناڕەزایەتییە

جەماوەرییەکانی زیاتر لە ئۆدیسا ڕۆشنکردەوە کە تیایانــدا ســەدان کەس کــوژران. مــانگرتنی گشـتیی سیاسـیی لەمـانگی ئۆکتـۆبەر ڕوویـدا کە بەهۆیەوە "سۆڤیێتەکان" یان شورا کریکارییەکان وەک فـۆرمێکی نـوێی دامەزراوەی نـوێنەرایەتیی ســەریانهەڵدا. نــوێنەران لە شــوێنی کــارەوە هەڵـدەبژێردران و لەدەوری یەک کۆدەبـوونەوە تــا مەســەلە ســەرەکییەکان لە خەباتــدا بــکەنە باسـوخواس و هەربەمجـۆرە هەمـوو ئەوشـتانە جێبەجــێ بــکەن کە قســەی لەســەر کــراوە. شوراکان بەهاوئاهەنگکردنی هەمـوو مـانگرتن و نارەزایەتییەکـان، ببـوونە هەڕەشــەیەکی جـدیی بۆسەر سیستەمی کۆن.

قەیســەر لەڕووبەڕووبــوونەوەدا بەرانــبەر ڕاپەڕینەکان، بەڵێنی "دۆما"یەکی هەڵبژێردراوی دا – شــــــوراکان ئەم پێشــــــنیارەیان وەک

ئیمتیـــازێکی ناکامــڵ ڕەتکــردەوە. مـــانگرتن و نارەزایەتییەکان بەردەوام بوون.

دواجـار ئەم شۆڕشـە بەهـۆی پەیـدانەکردنی پشتیوانییەکی گونجاو لە نـاوچە گوندنشـینەکانی دەوروبەر و ســوپادا شکســتی هێنــا. لە ڕۆژی سێی دیسـەمبەردا، شـورای پترۆگراد تێکشـکا و ڕابەرانیشـــی، وەک ترۆتســـکی وەک ســـەرۆکی شوراکان، زیندانی کـران. خەبـاتە دڕنـدانەییەکان لە نـاوچە کرێکارییەکـانی مۆسـکۆدا بە کوشـتنی سـەدان کەس بەردەوام بـوو. بەدرێژایـی سـاڵی 1905، هەزاران کەس وێـران بـوون و زۆرێـک لە خەباتگێڕانی ئۆپۆزیسیۆن ئیعدام کران.

## کۆنەپارێزیی و باشتربوون

ئەم "پـــرۆڤە کۆتـــاییە" بـــۆ ڕووداوەکـــانی 1917، ببووە هۆی بەدەستهێنانی چەند مـافێکی دیمـــــوکراتیی لەلایەن ڕژێـــــمەوە؛ بۆنمــــــوونە هەڵبژاردنی دۆمـا، بەیاسـاییکردنی چاپەمەنیی و یەکێتیـــــیە کرێکارییەکـــان. بەڵام زۆرێـــک لە ڕابەرانـی سیاسـیی بـزووتنەوەکە یـان لەزینـدان بـــوون یـــان دوورخـــراوەی نـــاوخۆیی یـــاخود دەرەکیی بوون. کرێکاران و جووتیاران جارێکی دیکە دژی ستەمی حاکم ماوەیەک بێدەنگ بوون ئەگەرچــــــی تــــــوڕەییەکی گەورەیــــــان دژی سـتەمکەرانی باڵادەسـت لەناوەوەیانـدا جۆشـی دەدا، بەڵام بـۆ ئـاە پێـداهاتنەوە و باشـتربوونی توانـای خەبـاتی خۆیـان، زەمەنیـان قۆسـتەوە. وێـڕای هەنـدێک مـافی دیمـوکرایی، قۆنـاغێکی کۆنەپارێزیی دەستپێکرد؛ ئەو بیروبۆچوونانەی

نـامۆبوو بە بـزووتنەوەی کرێکـاریی هاتەئـارا و خۆی دەرخست.

بەڵام بـزووتنەوەی کرێکـاریی بەزینـدوویی مایەوە. لە ساڵی 1912دا، مانگرتنێکی گرنگ لە کـــارگە و کانەکـــانی سەرتاســـەری وڵاتـــدا دەســتیپێکرد. لە 17ی نیســان، نــاڕەزایەتییەکی جەمــاوەریی لە کرێکــارانی مــانگرتوو لە کــانی ئـــاڵتوونی "لینـــا" لە ســـیبریا بەشـــێوەیەکی وەحشـــییانە لەلایەن هێرشـــی ســـەربازانەوە پەلامــاردرا. ســەدان کەس کــوژران و برینــدار بــوون. بە قەولـــی لینـــین، ڕابەری کۆتـــایی حکــومەتی کرێکــاریی کە پــاش پێــنج ســاڵ سـەقامگیربوو، ئەم قەتڵوعـامە "جەمـاوەری بە ئاگری شۆڕشگێڕیی جۆش و خرۆش دا".

ساڵی 1912، لەڕووسیا، ساڵێک بوو پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا دواجار

دابەشـــبوو بۆســـەر دوو حزبـــی جیـــا – بەلشەڤیکەکان و مەنشەڤیکەکان. بەلشـەڤیکەکان بەڕابەرایەتیـــی لینـــین ســـووربوو لەســـەر بونیادنـــانی پـــارتێکی شۆڕشـــگێڕ بە کـــادرە پەروەردەکراوەکـــان و ئەنـــدامە جـــددی و پابەنـــدەکان لە کارگەکـــان، ســـوپا و هێـــزی دەریاییدا. مەنشەڤیکەکان بەرگریکاری فۆرمێکی کراوەتـر و بـێ ڕێسـاتری ڕێکخراوەیـی بـوون. هەردووکیان لەم هەلومەرجەدا، ئەم دیدگایەیان هەبـوو کە یەکەم قۆنـاغ، بـریتییە لە شۆڕشـی دیمـــوکراتیی دژی فیـــودالیزم لە فـــۆرمی قەیســـەرییەت و "ئەریســـتۆکراتە خـــاوەن زەوییەکـــان"دا. لەڕووی تیـــۆرییەوە، دوای قۆنـاغێکی گەشـەی سـەرمایەداریی، دەکرێـت دەست بەجوڵە بەرەو سۆسیالیزم بکرێت.

ئەگەرچی ترۆتسکی نە مەنشەڤیک بوو و نە تا پێنج ساڵی دواتریش بەلشەڤیک بوو، لە پارتەکەی لینین نزیکتر بوو. ترۆتسکی لە ساڵی 1904 دەستیکرد بە دامەزراندنی تیۆریی "شۆڕشی بەردەوام" لە کتێبی "دەرەنجامەکان و ئاسۆکان"دا کە لە ساڵی 1906 بڵاوکرایەوە. پێش ئەوەی لینین بەهەمان دەرەنجام بگات، ئەوە ترۆتسکی بوو کە دەیگوت لە ڕووسیای "دواکەوتوو"دا، شۆڕش بۆ لەناوبردنی پاشایەتیی و فیودالیزم دەبێت بە شۆڕشی سۆسیالیستیی، بەڕابەرایەتیی چینی کرێکار پێکبهێنرێت.

ترۆتسکی بۆ لایەنی زۆری یەکێتیی لەخەباتدا، بەگوێرەی پشتڕاستکردنەوەی خۆی تا ماوەیەک خەریکی بەرگریکردن بوو لە یەکێتیی دووبارەی حزبی کرێکارانی سۆسیال

دیمـــوكراتی ڕووســـیا. ئەو بەڕەســـمی لەگەڵ ڕێكخراوێكی ناسراو بە "میژارپۆنتیسی" (گروپی نێـــوان دوو بەرە) مـــایەوە، بەڵام كاتێـــك لە تەممـــــــــــووزی 1917 پەیوەنـــــــــــدیی بە بەلشـــەڤییەكانەوە كـــرد، بە ئامـــادەییەوە وەك یەكێك لە بەهێزترین ڕابەرانی حزب قبوڵكرا.

## شوباتی 1917

شۆڕشـــی شـــوباتی 1917 دوای چەنـــدین مانـگ مـانگرتن و نائـارامیی، ڕوویـدا. لە ڕۆژی جیهـانیی ژنـان (8ی مـارس، یـان 27ی شـوبات بەگوێرەی تەقویمی كۆنی پێش شـۆڕش)، ژنـانی كرێكـاری چنـین لە پیترۆگـراد كارەكانیـان لە كارگەكـانی خۆیانـدا بەجێهێشـت. ئەوان داوای كۆتاییهێنـان بە نەبـوونی خـواردن و هەڵكشـانی

نرخەکـان و هەروەهـا کۆتاییهێنـان بە جەنـگ دەکرد.

دەیـان هەزار کەس لە کرێکـارانی دیـکە بەحەزێکی گەورەوە پەیوەندییان بەوانەوە کرد. قەیسـەر دوودڵ بـوو و بێتوانـایی خـۆی لە ڕیفـۆرم پیشـان دابـوو. ئەو فەرمـانی بە سـەربازان دا بـۆ کـردنەوەی ئـاگر بەڕووی خۆپیشـاندەراندا و بەمجـۆرە سـەدان کەس کوژران و بریندار بوون. کرێکاران داوایان لە سەربازان کرد چیتر پەیڕەویی لە فەرمانەکانی دواتـر بـۆ ئـاگرکردنەوە نەکەن. دواجـار سـەربازان ڕازی بوون و حـاکمییەتی قەیسـەر کۆتایی پێهات.

جەوێک هاتبووە ئاراوە، هەروەک جەژنێکی پڕ لە خۆشـی و شـادیی؛ کرێکاران هـاتبوونە سـەر سـەکۆی مێـژوو؛ بەڕاسـتی لە "جەژنـی

زەحمەتکێشان"ــەوە هــاتبوونە شــەقامەکانەوە. حکــومەتی دڕنــدە لەنــاوبرابوو و دەســـەڵات کەوتبــووە دەســـتی کرێکــارانەوە، دواجــار نەیاندەزانی ئێستا دەبێت بەمەوە کار بکەن. لەم بارودۆخەدا پێویست بە حزبێکی شۆڕشگێڕە کە جێگای متمانە و ناسینی کرێکاران بێت، خاوەن پایەگای جەماوەریی بێت، ڕابەرایەتییەکی هەبێت بتوانێت هەنگاوە زەروورەکان بۆ وەستاندنی کۆنەپـــارێزیی لە بەدەســـــتەوەگرتنی نـــوێ لەسەرەوە نیشان بدات و بەلشەڤیکەکان، وێڕای هەبوونی ڕابەرایەتییەک بە ئاسۆیەکی ڕۆشنەوە بــۆ تەکمیلەکردنــی شــۆڕش، هێشــتا هێزێکــی بەڕادەیەک بچــووک بــوون. وەک زۆریــنەی شۆڕشەکان، ئەو کرێکارانەی خۆیان شۆڕشیان دروستکردووە، ڕێگایەکی بەڕواڵەت سادەتریان هەڵــدەبژارد: ســپاردنی دەســەڵات بەدەســتی

سیاسـەتمەدارانی بەڕواڵەت "پێشـکەوتووخوازی ناو مەیدانەکە".

ئەو حکـومەتەی بەڕەسـمی دەسـتیکرد بە کـارکردن هەم "پێشـکەوتووخواز" بـوو و هەم لەسـەرەتاوە نەیـاری نـوێنەرانی سـەربازان و کرێکـارانی شـورای پیترۆگـراد بـوو و ئەمەش دۆخێـک بـوو وەک "دەسـەڵاتی دووانە" وەسـف دەکـرا. ئەم ئەنجـوومەنە، شـورای پیترۆگـراد، زیاتر پشتیوانیی لەنێوان دانیشتووانی شـارەکان هەبـوو نەک لە حکومەتـدا. لەم قۆنـاغەدا، مەنشـەڤیکەکان پشـتیوانیی زۆرینـەی نـوێنەرانی کرێکاران و سەربازانیان هەبوو، بەڵام مەحکوم بوو بەوەی بەدرێژەدان بە ساڵێکی پڕ ئاشـوب، ئەم پشتیوانییە لەدەستبدات.

حکـومەتی کـاتیی، لەهەمـان سـەرەتاوە حکـومەتی قەیـران بـوو. بە هەڵبـژاردن بـۆ

ئەنجومەنێکی دامەزرێنەران ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی، بەڵام ئەو کاتەی دامەزراوەیەکی وەها دەبێت بانگبکرێت، واتا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی شکۆمەندی ئۆکتۆبەر، چیتر ئەم دامەزراوەیە ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی ڕاستەقینەی هێزەکانی ناوەوەی کۆمەڵگا نەبوو.

## حکومەتی لاواز

لینین لە ڕۆژی 3ی نیسان لە مەنفاوە گەڕایەوە پیترۆگراد، و بەلشەڤییەکانی بۆ تێگەیشتن لەم خاڵە هاندا کە شۆڕشی یەکەم ڕاستەوخۆ دەبێت دوای شۆڕشی دواتر، واتا سۆسیالیستیی "ڕوو‌بدات". "تێزەکانی نیسان"ی ئەو لە ناو قیتاری فینلەندا بە گەرموگوڕییەوە دەربڕدارن و لە ناوچەکانی دیکەی شار لە

ڕۆژنـامەی بەلشـەڤییەکان بەنـاوی "پراڤـدا" لە ڕۆژی 7ی نیسان بڵاوکرایەوە. لینین بەتەواوی دژایەتیی خۆی بۆ پشتیوانیی بەلشەڤییەکانی ناوەوەی ڕووسیا بەڕابەرایەتیی کامنیڤ و جۆزێف ستالین لە حکومەتی کاتیی دەربڕی. کامینڤ و ستالین لەڕاستیدا هەمان بەڵگە و ئەرگومێنتەکانی مەنشەڤیکەکانیان دەهێنایەوە.

مەنشەڤیکەکان لە دەرەوە سەرقاڵیی پشتیوانیکردن بوون لە حکومەتی کاتیی. لە مانگی ئایاردا، بڕیاریاندا بچنە ناو فراکسیۆنی حکومەتییەوە لەگەڵ دیموکراتە دەستوورخوازە "لیبراڵەکان"ـەوە. بەلشەڤییەکان پاشان خواستی "بمرێ دە وەزیری سەرمایەدار"یان بەرزکردەوە تا بێتوانایی ئێس ئارەکان و مەنشەڤیکەکان لە خواستی حکومەتیی نیشان بدەن کە لەڕاستیدا نوێنەری هێزەکانی پێکهێنەری شۆڕش بێت.

گۆڕانکارییەکی کەم لە کۆمەڵگادا ڕوویدابوو. جەنــگ هێشــتا کــۆی ســەرچاوە ئینســانیی و پیشەســازییەکانی وێرانتــر دەکــرد. حکــومەتی کـــاتیی نە ســـــەرمایەدارانی لە دەســـــەڵاتی پیشەسازیی دوورخستبووەوە و نە زەویدارانی فیودالی لە دەسەڵاتی ناوچە گوندییەکان. لەزۆر بواردا، ئەوان یەک شت بوون.

## ڕاپەڕین

یـــــاخیبوون و ڕاپەڕیـــــن لە نـــــاوچە گوندنیشـــنەکانی کەنـــار وەک تیشـــکی ئـــاگر گەشەیانکرد. زەوییەکان دەستیان بەسەردا گیرا و کۆشـــکە شـــکۆمەندەکان ڕووخێنـــران. لە شارەکاندا، خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان دژی جەنگ سەد بەرابەر بوونەوە. دروشمی سادەی

بەلشـەڤییەکان "ئاشـتیی، نـان و زەوی" لەگەڵ قـوڵترین خواسـتەکانی کـۆمەڵانی خەڵکـدا دەهـاتەوە. ڕێگـای بە کرێکـاران، سـەربازان و دواجـار جووتیـاران دا خۆیـان لە زەرووڕەتـی بردنەپێشـەوەی شـۆڕش تێـبگەن. بەلشـەڤیی، پـارتی کرێکـاران، بەبـێ وەسـتان و ماندوونەناسـانە درێـژەی بە پروپاگەنـدە و هاندانی لە کارگەکان و بەرەکاندا دا.

تـا ناوەڕاسـتی 1917، بەلشـەڤییەکان پشتیوانی شورای ناوەندیی نوێنەرانی کرێکاران و سـەربازانی شـاریان لەدەوری خۆیـان کۆکردبـووەوە. ئەگەرچـی زۆرینـەی سـەربازان پشتیوانییان لە "هەموو دەسـەڵات بۆ شوراکان" دەکـرد، بەڵام ڕابەرایەتیـی بەلشـەڤییەکانی دەوروبەری لینـین نەیـاری بەدەسـتەوەگرتنی ڕاسـتەوخۆی دەسـەڵات بـوون تـا ئەو کـاتەی

کۆی هەلومەرجەکە لەبار دەبێت بۆ شۆڕشێکی سەرکەوتوو. ئەوان هەستیان بەوە دەکرد هێزە چەکدارەکان تا ئێستاش ئامادەیی ڕیسک و مەترسیی پەیوەستبوونی تەواویان بە شۆڕشی سۆسیالیستییەوە نییە.

## "ڕۆژانی تەمموز" و دواتر

کاتێک لە مانگی تەممووزدا پێشنیاری مانگرتنی گشتیی و نارەزایەتیی جەماوەریی دژی جەنگ و بۆ هەڵگەڕاندنەوەی حکومەت، لەخوارەوە، خرایەڕوو، ڕابەرانی بەلشەڤییەکان هەستیان بەوەکرد ئەم پێشنیارە زووە و کاتی نەهاتووە و بەو هۆیەوە بڕیاری پێچەوانەیان دا. بەڵام لە شورای شاردا، نەیاندەتوانی پاشەکشە بە شەپۆلەکە بکەن. زۆرینە دەیانویست بچنە

پێشەوە. بزووتنەوەکە چەندین ڕۆژ دژی پۆلیس و سوپا بەردەوام بوو، بەڵام هەروەک لینین و ترۆتسکی لێی دەترسان، بزووتنەوەکە نەیتوانی پۆلیس و سوپا بهێنێتە بەرەی خۆیەوە یاخود سست و لاوازیان بکات (ئەمە مەرجێکی زەروورییە و سەرەکیی دیکەیە بۆ بەدەستەوەگرتنی سەرکەوتووانەی دەسەڵات).

لەو قۆناغەدا، سوپا پەیڕەویی لە فەرمانەکانی حکومەت بە سەرکردایەتیی کێرنسکی کرد و ڕاپەڕینی تەمموز لەخوێندا گەوزێنرا. ڕۆژی 4ی تەمموز، سەدان نارازی کوژران و بریندار کران. ڕابەرانی بەلشەڤییەکان زیندانیی کران یان ناچارکران وڵات بەجێبهێڵن. ڤلادیمیر لینین دیارنەما.

لینین لە ماوەی مانگەکانی ئاب و سێپتێمبەردا، ئەو کاتەی "دوور لە چاوی

گشـــتیی" (یـــان بەدەربڕینێکـــی دیـــکە دوور لە پۆلیس) بوو، بەقوڵی خۆی سـەرقاڵی نووسـینی کتێبێکـی زۆر گرنـگ کـرد: "دەوڵەت و شـۆڕش". لینین پرەنسیپی سـەرەکیی ئەزمـوونی کۆمۆنـارە پاڵەوانەکـــانی پاریســـی لە ســـاڵی 1871 و هەروەهـــا پرەنســـیپی شـــوراکانی کرێکـــاران و ســـەربازانی لەڕووســـیا داڕاشـــت: هەڵبژاردنـــی سیستەماتیکی پۆستەکان لەگەڵ مـافی لابـردن و دامەزرانـدن لە هەر کاتێکـدا؛ هـیچ نوێنەرێـک لە ئاســتی مامناوەنــدیی کرێــی کرێکارێــک زیــاتر وەرناگرێـــــــــت؛ دەستاودەســـــــــــتکردنی بەرپرسـیارێتییەکان ("هەر چێشـتلێنەرێک دەبێت توانـای بـوون بە سـەرۆک وەزیرانـی هەبێـت و هەر سـەرۆک وەزیرانێـک دەبێـت بـۆ مـاوەیەک وەک چێشـــتلێنەر کاربکـــات")؛ بەرگریکـــردن لە جەمـاوەری چەکـدار لەبـری سـوپای جێگیـر (و هەمیشەیی).

ئەو لایەنگرانی هاندا بۆ پەرەدان بەم ئایدیا و بیــرۆکە بنچینەیــیە کە حزبێــک بە ئامــانجی گـۆڕینی سۆسیالیسـتییانەی کۆمەڵگـا دەبێـت لە زەرووروەتی لەناوبردنی ئامێری دەوڵەتی کۆن – واتــا دادگاکــان، زینــدانەکان، پەرلەمانەکــان، ســوپاکان و هتــد کە توانــا بە هەمــوو چینــی باڵادەست بەڵام کەمینەی کۆمەڵگا (1%) دەدات بــۆ پاراســتنی خاوەنــداریێتیی خــۆی بەســەر ئامرازەکـــانی بەرهەمهێنـــان، دابەشـــکردن و ئـاڵوگۆڕدا – تێبگـات. ئەوەی پێشـتر لە ڕووسـیا ڕوویـدابوو – واتـا بێتوانـایی حکـومەتی کـاتیی، ئێســتا بەڕابەرایەتیــی کێرنســکیی بێچــارە، بــۆ چارەســەرکردنی هەمــوو کێشــەکانی زۆریــنەی کۆمەڵگـا – بەشـێوەیەکی یەکـاڵاکەرەوە پیشـانی دەدا کە ناکرێــت ئــامێری دەوڵەتیــی کــۆن بە ناوەرۆکی سۆسیالیستیی پڕ بکرێتەوە.

تا کۆتایی مانگی ئاب، کێرنسکی لەلایەنێکی دیکەشەوە کەوتبووە بەردەم هەڕەشەوە: کودەتایەکی ڕاستڕەو لەلایەن ژەنەڕاڵ کۆرنیلۆڤەوە. فەرماندەی کۆی هێزەکان بەو دەرەنجامە گەیشتبوو حکومەتی کاتیی، نەیتوانیوە مامەڵەیەکی تەواو توند دژی بەلشەڤییەکان و شوراکان بکات.

ئەوە مۆبیلیزەکردن و ڕێکخستنی کرێکاران و سەربازان بوو لەلایەن ڕابەرایەتیی بەلشەڤییەکانەوە، کە هێزەکانی کۆرنیلۆڤی تێکشکاند. "تێکدان"ی هێڵەکانی ئاسن و هەروەها ئامادەیی بۆ بەرگریی چەکدارانە لە حکومەت، خاڵێکی پتەوی بە کێرنسکی بەخشیی تا فەشەل بە کۆنەپارێزیی بهێنێت. بەڵام ئەمەش لە بنچینەدا دەسەڵاتی هێزە شۆڕشگێڕییەکانی لە شوراکاندا بەرز کردەوە و تا کۆتاییەکانی

سـەرەتای سێپتێمبەر زۆرینەی یەکلاییکەرەوە لە شوراکانی شارە گەورەکاندا چوونە پاڵ بەلشەڤییەکانەوە.

ڕێگاکە بۆ لەناوبردنێکی شۆڕشگێڕانە بەخێرایی هەموار دەبوو. ئەو چوار مەرجەی لینین بۆ شۆڕشێکی سەرکەوتوو ژماردبوونی، بەخێرایی ئامادە دەبوو.

## چوار مەرجەکە

یەکەم مەرج، بوونی قەیرانە لەسەرووی کۆمەڵگاوە. ئەم قەیرانە خۆی لە درز و بۆشایی ناوەوەی توێژی حاکمدا دەردەخات. بەجۆرێک چینی حاکم نازانێت چۆنچۆنی بچێتە پێشەوە؛ ئایا لە مامەڵەدا لەگەڵ خواستی گۆڕانکاریی لەخوارەوە، قبوڵی بکات یان دەستبکات بە

سەرکوتکاریی؟ ئەم قەیرانە دەتوانێت خۆی لە فۆرمی حکومەتێک – بۆ نموونە پاشایەکی لەرزۆکی وەک قەیسەر نیکۆلاوسی دووەم – ئاشکرا بکات یان لە فۆرمی حکومەتێکی قەیرانگرتووی وەک حکومەتەکەی کێرنسکی.

فاکتەر و مەرجی بابەتیی دووەم لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕیی گۆڕاودا، چینی ناوەڕاستە کە لە سەرلێشێواویی و پەرتەوازەییدا دەژیت، دڵنیا نییە بەرەو کام لایەن وەربچەرخێت، بەڵام دەست دەکات بەوەی بەختی خۆی لەنێو کرێکارانی ڕێکخراودا تاقیبکاتەوە. تویژە ناوەڕاستەکانی کۆمەڵگا – جووتیارانی بچووک، دوکانداران و ڕۆشنبیران – تەواو لەهەڵبەز و دابەز دان، واتا پەیوەندیی بەوەوە هەیە کام یەکێک لە هاوپەیمانانی ئەوان دەگاتە باڵاترین و بەرزترین پێگە و کێشەکانیان

ئاسان دەکات، دەتوانن ئەمڕۆ لە بەرەیەک و سبەی لەبەرەیەکی دیکە بن.

لە پاییزی ساڵی 1917 لە ڕووسیا، جەماوەری جووتیاران ئامادە ببوو دەستبکات بە خەباتێکی بێ پسانەوە دژی ئەریستۆکراتییەتی خاوەن زەویی. بەرگریکارە نەریتییەکانیان لە حکومەتی کاتیدا – سۆسیال ڕیفۆلیوشنەرەکان و ئەوانیدیکە – ناچالاک بوون.

هێزەکانی دەوڵەت – سەربازان، کەشتیوانان، پیادەکان – ئیمانی خۆیان بە حزبەکانی ڕژێمەکەی کێرنسکی لەدەست دابوو و ئامادە بوون هەڵوێستێکی بێلایەن و لەزۆر بواردا ڕۆڵێکی چالاک لە شۆڕشدا بگێڕن.

چینـــی کرێکـــاری پیترۆگـــراد، مۆســـکۆ و ناوچەکـــانی دیـــکە بەخێرایـــی خەریکـــی پێشـــڕەویکردن و دەرگیریـــی مانگرتنەکـــان و چالاکیی سیاسیی بوو دژی نوێنەرانی سیاسیی چینی حاکم. ئەوان ئامادە بوون خەبات تا دوا سنووری خۆی بەرن. ئەم مەرجەی سێیەمی شۆڕشیش بەتەواوی بەدیهاتبوو.

خەســڵەتی یەکـــالاکەرەوەی چـــوارەم بـــۆ ســـــەرکەوتنی شۆڕشـــــێکی سیاســـــیی و کـــۆمەڵایەتیی دژی ســـەرمایەداریی، بـــوونی حزبێکە توانیبێتی متمانەی بەشی هەرە گەورەی چینـــی کرێکـــار ڕابکێشـــێت، هاوشـــانی ڕابەرایەتییەک بتوانێت هێڵی سەرەکیی ڕەوتی ڕووداوەکان ببینێت، بتوانێت بە دەقیقی بزانێت لەهەر ساتێکی چارەنووسسازی خەباتدا دەبێت چی بکرێت.

## بەلشەڤییەکان

پارتی بەلشەڤییەکان کە لە سەرەتای ساڵی 1917دا زیاتر لە 3%ی پشتیوانیی لەناو شوراکان و تەنها چەند هەزار ئەندامی ڕاستەقینەی هەبوو، تا مانگی ئۆکتۆبەر سەدان هەزار ئەندامی کرێکاریی و زۆرینەی یەکاڵاکەرەوەی شورا گەورە و سەرەکییەکانی بەدەستهێنابوو. ئەوان لە سوپا و هێزە دەریاییەکانیشدا پشتیوانییان بەدەستهێنابوو و کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی سەربازیی پیترۆگرادیان بەڕێوە دەبرد تا پێشڕەوایەتیی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر بکەن.

ڕابەرانی پارتی بەلشەڤیی – هەم لینین و هەم ترۆتسکی – نەک تەنها تێگەیشتنێکی ڕوونیان بۆ ئەو زەرورەتە هەبوو، بەڵکو هەستێکی دەقیقی کاتبەندیشیان هەبوو. ئەوان

هـــــاوڕا بـــــوون لەســــــەر زەروورەتــــــی "تەکمیلەکردن"ی شۆڕش لەڕێگای لابردنی پارتە ســــــەرمایەدارییەکانی حکــــــومەت و چیــــــنە نـوێنەرایەتییکەرەکەی لە دەسـەڵاتی کۆمەڵگـادا. پرۆسـە دیالەکتیکییەکـانی هانـدان و ئاژیتاسـیۆن دەربارەی دروشـمەکان لەلایەن و پروپاگەندەی شۆڕشـگێڕیی لەنێـوان بەرفراوانتـرین ڕیزەکـانی کرێکــــاران، ســـــەربازان و جووتیــــارانی هەژار لەلایەکــی دیــکەوە، گیرابــوونە بەر بــۆ ئەوەی کۆمەک بە جەماوەر بکەن کە بەهۆی ئەزمـوونە ناڕوون و ناخۆشـەکانی خۆیانەوە بەو ئەنجـامە بــــگەن شۆڕشـــــی سۆسیالیســــتیی هەمەلایەن زەروورە.

ڕۆڵــــی گرنگــــی ڕابەرایەتیــــی، بڕیــــاردانی دروســـت دەربــارەی پراکتیکــی یەکــاڵاکەرەوە لەکاتێکـــدایە کە هەمـــوو هەلومەرجەکــــان لە

گونجاوترین پێکهاتەدا کۆببوونەوە. هەوڵی زوو وەخت بۆ ڕاپەڕین، دەکرا ببێتە هۆی فەشەل و شکست؛ هەوڵی لەڕادەبەدەریش درەنگ، دەیتوانی ببێتە هۆی لەدایکبوونی منداڵێکی مردوو، هاوشانی سەرکەوتنی کۆنەپارێزیی و زەرووڕەتی سەرهەڵدانی قۆناغێکی دوور و درێژی پێویست بۆ باشتربوون تا پێش دامەزراندنی دەرفەتێکی تازە.

ئەگەر ڕاپەڕینێکی وەک ئەوەی لە پیترۆگراد لە ڕۆژی 25ی ئۆکتۆبەری 1917 (7ی نۆڤەمبەر بە ڕۆژژمێری نوێ) ڕوویدا، نەدەچووە پێشەوە و تەنانەت ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ دواخرابایە تا کۆنگرەی شورا سەرتاسەرییەکانی ڕووسیا ببەسترێت، پەیوەندیی هێزەکان دەیتوانی بەتەواویی

بەئاراستەیەکی خراپدا وەربچەرخێت و دەرفەت بۆ نەوەیەک یان سەدەیەک لەدەست بچێت!

هێــزە کۆنەپارێزەکــان لە وڵاتــدا هاوشــانی هاوشــێوە هێرشــبەرە ئەڵمانییەکــان، دەرفەتــی بەلشــەڤییەکانیان بــۆ لەنــاوبردنی حکــومەتی کێرنســکی بە هەڕەشــە دەبینــی؛ لە ئەنجامــدا دەبوو بەلشەڤییەکان ساتی ڕاپەڕین بقۆزنەوە.

ڕاپەڕیـــــــن، ڕۆژی 24ی ئۆکتـــــــۆبەر دەستیپێکرد. کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی سەربازیی، گـــــــروپە چەکـــــــدارەکانی نـــــــارد بـــــــۆ دەستبەســەرداگرتنی نووســینە ســەرەکییەکانی تەلەگــراف و پۆســـت و بـــانکی دەوڵەتیـــی، داخستنی ڕێگای سەرەکیی و دەروازەی ڕێگای ئاسن بۆ شار و داگرتنی هەموو پردەکان جگە لە پـردی سـەر ڕووبـاری نیڤـا. تـا بەرەبەیـان، کێرنسکی ڕایکردبوو و گاردی سووری کۆشکی

زستانیی گیرابوو. بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، خێرا و کاریگەر بوو. تەنانەت جەنگی تاقەتپڕوکێنی مۆسکۆش لەمیانەی یەک حەفتەدا کۆتایی پێهات.

تا بەرەبەیانی 25ی ئۆکتۆبەر (7ی نۆڤەمبەر) فەرمانێک بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دەستی شورای پیترۆگرات، لەلایەن لینینەوە، دەرکرا. کۆبوونەوەی نائاسایی شورای پیترۆگراد دوای نیوەڕۆ و لە ئێوارەدا بەسترا، دووەم کۆنگرەی شورا سەرتاسەرییەکانی ڕووسیا لە "هۆڵی گشتیی" لە پەیمانگای سیمۆنلی، مەقەڕی سەرەکیی هێزە شۆڕشگێڕییەکان بەسترا. بانگهێشتی ئەنتەرناسیۆنالیی بۆ کرێکاران، سەربازان و جووتیاران کرا.

## ژیانێکی نوێ

یەکەم فەرمانەکانی حکومەتی شورایی نوێ، لەمیانەی چەند سەعاتێک لەسەرکەوتن بەسەر حکومەتی سەرمایەداریی کێرنسکیدا، زەمینەی بۆ گەیشتن بە خواستە بنچینەکانی شۆڕش خۆشکرد: "ئاشتیی، نان و زەوی". فەرمانی ئاشتیی بەمانای پێداگریی لەسەر ئاگربەست و مەرجی ئاشتیی بەبێ کۆت و بەند بوو.

فەرمانی زەوی، بەمانای دەرکردنی خێرای ئاغا فیودالەکان بوو لەسەر موڵکەکان و بەکارهێنانی زەوییەکان بوو بۆ جووتیارانی هەژار. ئامانجی بەلشەڤییەکان ئەوە بوو بەرهەمهێنانی ئامێریی مۆدێرنی کشتوکاڵیی لە شاردا خێرا بکەن تا بەرهەمهێنانی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان بگۆڕن. کتشتوکاڵچییانی بچووک هاندەدران ئیمتیازەکانی بەرهەمهێنانی

هاریکاریی خۆراک بۆ خۆیان و دانیشتووانی شار ببینن.

دەسەڵاتی شورایی هەروەها بەو مانایە دەهات کە نوێنەرانی کرێکاران کۆنترۆڵی خێرای بانکەکان و پیشەسازیی دەکەن تا زەمینە بۆ خاوەنداریێتیی گشتیی بەسەر ئەوانە لە ساڵی 1918دا ئامادە ببێت و دەست بە بەڕێوەبردنی بکرێت وەک بەشێک لە ئابوورییەکی دەوڵەتیی بە پلاندانانی تەواو دیموکراتییانەوە.

## دوای سەرکەوتن

هەوڵەکان بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشی کرێکاران، فەشەلی هێنا. بیست و یەک سوپا لەلایەن وڵاتە ئیمپریالیستییەکانەوە بۆ پشتیوانیکردن لە هێزە کۆنەپارێزەکانی "سوپای

سپی" له جەنگی ناوخۆییدا بەکارهێنرا. هێزە پاڵەوانەکانی سوپای سور بە فەرماندەیی لیۆن ترۆتسکیی، بە بەهایەکی قورسی ئینسانیی پاشەکشەیان بەم هێزانە کرد.

تێچوونی ئابووریش زۆر گەورە بوو. بەرهەمهێنانی پیشەسازیی دابەزی بۆ 7/1ی بەهاکەی لە ساڵی 1913 و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیش بەڕادەیەک بۆ نیوە دابەزی. سەدان هەزار کەس کوژران و ملیۆنان کەس بەهۆی برسێتیی و نەخۆشییەوە گیانیان لەدەستدا.

ڕابەرانی شۆڕش زۆر پێشتر دەیانزانی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ئاسانترە لە پاراستنی لەهەلومەرجێکی ئاوادا ئەوان بەوردیی ئاگایان لە گرنگیی بەرچاوی بڵاوبوونەوەی شۆڕش هەبوو بۆ وڵاتانی دیکەی پیشەسازییتر، بەچینی کرێکاری

بەهێـزەوە، بە مەبەسـتی گەشـەکردنی خێـرای تەکنیـــک و هەنگـــاوە زەروورییەکـــان بـــۆ "بەشۆڕشــگێڕیکردن"ی پیشەســازیی، ڕێگــای ئاسـن، بەرهەمهێنـانی هێـز و کـانزا و هەروەهـا کشتوکاڵ بۆ سەقامگیرکردنی ئابوورییەکی پلان بۆدانراوی تەندروست.

تەنـانەت ئەو کـاتەی وڵات دەرگـری شـەڕ دژی هەلـومەرجە جەنگیـیە ناوخۆییەکـان بـوو، بەلشـەڤییەکان لەژێر فشـار و زەختدا بوون بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەنتەرناسیۆنالی نوێ وەک ئەڵتەرنـاتیڤ بـۆ ئەنتەرناسـیۆنالی بـێ ئیعتبـاری دووەم کە پـارتە سـەرەکییەکانی ئەو ئەنتەرناســیۆناله پشــتیوانیان لە جەنگـــی ئیمپریالیســتیی کردبــوو. لە بەهــای 1919دا، نـــوێنەرانی ڕێکخـــراوە سۆسیالیســـتیی و کۆمۆنیسـتییەکانی دوورەدەسـتترین خاڵەکـانی

دونیا ڕژانە پیترۆگرادەوە تا لە کۆنگرەی بونیادنانی ئەنتەرناسیۆنالی سێ (کۆمۆنیست)دا بەشداریی بکەن. حەز و ئارەزوو بۆ لکان بەو ئەنتەرناسیۆنالەوە بەڕادەیەک بوو کە پێش کۆنگرەی دووەم، لینین لیستی 21 مەرجی بۆ ئەندامبوون ئامادە کرد هێزە ناکۆمۆنیستییەکان بۆ بەجێنەمان لە گروپەکە، بەشداریی نەکەن.

سەرکەوتنی شۆڕش بەزەرووریی بەمانای دارمانی ئیمپراتیۆرییەتی ڕووسیا، واتا ئەم "زیندانییە گەورەی نەتەوەکان" بوو. لینین بەرانبەر بە خواستی نەتەوە ستەملێکراوەکان بۆ هەبوونی مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان زۆر هەستیار بوو. وێڕای ئەمە، ئەوانی هاندا بەشێک بن لە کۆنفیدراسیۆنێکی ئازادانە.

لە 22ی دیسەمبەری 1922، ئەو کاتەی یەکێتیی کۆماری سۆڤێتی سۆسیالیستیی جێگیر

بـــوو، تەنهـــا فینلەنـــدا و پۆڵەنـــدا ڕێگـــای جیابوونەوەیـان هەڵبـژارد. ئەوانیـدیکە – وەک ئۆکرانیـا وەک یەکەم وڵاتێـک کە سـەربەخۆیی ڕاگەیانـد – کۆبـوونەوە تـا پـێکەوە کۆمەڵگـا لەســـەر بنەمـــای پرەنســـیپە لەڕاســـتیدا سۆسیالیســتییەکان ڕێکــبخەن. پێشــکەوتنێکی گەورە لەبەرە کۆمەڵایەتییەکـــان و هەروەهـــا ئابووریی، هاتە ئاراوە.

## دوای لینین

ویـڕای حەز و جـۆش و خرۆشـی گەورەی کرێکـــاران و جەمـــاوەری ســـتەملێکراوی سەرتاسـەری جیهـان بـۆ حکـومەتی کرێکـاریی ڕووســیا، بەڵام ئەم حکــومەتە بەشــێوەیەکی تراژیـدیانە بەتەنهـا بەجێهێڵـرا. شۆڕشـگێڕانی

سۆسیالیست له هەنگاریا، ئەڵمانیا و شوێنەکانی دیکە، فەشەلیان هێنا و دوای مردنی لینین لهساڵی 1924، جۆزێف ستالین سیاسەتی حکومەتی گۆڕی بۆ سیاسەتی دامەزراندنی "سۆسیالیزم لەیەک وڵات". ئەو بە داگیرکردنی شۆڕش، دیموکراسیی کرێکاریی ڕەتکردەوە و کۆی ئۆپۆزیسیۆنی لەبەرانبەر حاکمییەتی خۆیدا تەفروتونا کرد. ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست بوو بە ئامرازێکی دەستی ستالین. گەشەکردنی دەوڵەتێکی کرێکاریی تەندروست دەیتوانی تەحەدایەک بێت دژی ستەمکارییەکانی ئەو.

ئەم دژە شۆڕشە سیاسییە لەبەرژەوەندیی توێژێکی گەندەڵ و دارماودا بوو کە پەیوەندییەکی ناچیز و کەمی بە ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکانی 1917ـەوە هەبوو. و

ئیمتیازەکـانی خـۆی لە ئـابووریی دەوڵەتیـی بە بەرنامەڕێژیی بیرۆکراتییەوە وەردەگرت.

ویـڕای ئەم گۆڕانکارییـانە، دەسـتکەوتگەلی گەورەش بەدیهات. پیشەسازیی بەهۆی لابردنـی سەرمایەداریی و فیودالیزم و بەرنامەکانی پێنج سـاڵەوە بەخێرایـی گەشـەی کـرد. بەڵام سەرجەمی ڕەگەزە دیموکراسییە کرێکارییەکان لەناو بران و لایەنگرانی دیموکراسیی کرێکاریی تیرۆرکـران، وەک ترۆتسـکی لە مەکسـیک لە دوورخراوەییـدا. ئەنتەرناسـیۆنالی سـێ وەک پۆلیسی بزووتنەوە کرێکارییەکانی سەرتاسەری دونیا و قەڵغانی پێگەی مومتازی بیرۆکراسیی دەجـولایەوە کە تەنهـا و تەنهـا قسـەی لەسـەر وەفـاداریی بـۆ سۆسـیالیزم و کۆمـۆنیزم و هاوپشـتیی ئەنتەرناسـیۆنالیی دەکـرد، بەڵام

لەهەمانکاتــدا میراتــی مامۆســتایان و ڕابەرانــی مارکسیستە گەورەکانی لەناو دەبرد.

## تێگەیشتن لە شۆڕش و دژەشۆڕش

تێگەیشتنی ڕوون لە پرۆسەکانی شۆڕش و دژەشۆڕش بۆ سەرکەوتن لە خەباتە تازەکانی بەردەممان زۆر گرنگە. هەلومەرجی شۆڕشێکی سەرکەوتوو ناکرێت و ناشێت گونجاو لەگەڵ زنجیرە مۆدێلێکدا بەرهەم بهێنرێنەوە. شۆڕش وەک تــاقیکردنەوەیەکی زانســتیی نیــیە کە کۆمەڵێــک ئــامێری بەردەســت و کەرەســتە و پرۆســە ناســراوەکان بەکاردەهێنێــت کە هەموویان لە دەرەنجامێکی دیارەوە هاتوون.

هەلومەرجە بابەتییەکانی شۆڕش، لە کردە و ئەکتــی بەرانــبەری هێــزە زینــدووەکانەوە

سەرچاوە دەگرێت؛ واتا پێکدادانی بەردەوامی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی نێوان کەمینەیەک – چینی 1%ی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان – و کۆمەڵگا، واتا 99% کە لەبنەڕەتدا هیچ خاوەندارێتییەکی نییە و لەگەڵ تویژە ناوەڕاستەکاندا بەقورسی دەچەوسێنرێتەوە.

شۆڕشگێڕان ئەزموونە شۆڕشگێڕییە جیاوازەکان بەهەمان چەشن هەڵدەسەنگێنن کە ژەنەڕاڵەکان بەرانبەر بە شەڕە جیاوازەکان دەیکەن. ئەم کارە دەکەن بۆ ئەوەی لە هەڵەکانەوە فێرببن و دووبارەیان نەکەنەوە.

ئەو کرێکار و لاوانەی دەیانەوێت ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ گۆڕینی جیهانی قێزەونی سەرمایەداریی، دواجار هەوڵی خۆیان دەدەن سەیری وانەکانی شۆڕشی ڕووسیا بکەن.

گرنگترین دەرەنجامگیریی، پەیوەستبوونە بە حزبێکەوە کە خۆی تەرخان بکات بۆ ئایدیال و ئامانجی کرێکاران و هەژاران و دامەزراندنی هێزێکی نوێی جەماوەریی لەپێناوی سۆسیالیزمدا.

# لەبەردەم دەروازەی شۆڕشێکدا

لیۆن ترۆتسکی

***ئەم وتـــارە لە بەرواری 18ی مارســـی 1917دا نووسرا، واتا ئەو کاتەی یەکەم هەواڵی نائارامیی، لە پترۆگرادەوە گەیشتبووە نیویۆرک. [ئەم وتــارە پــێش تێزەکــانی نیســانی لینــین نووســراوە و پێش لینــین پێشــبینیی شۆڕشــی ئۆکتــۆبەری کــردووە، هەر بــۆیە لە تێزەکــانی نیســـــانی لینینـــــدا، تەنـــــانەت زۆرێـــــک لە بەلشـــــەڤیکەکان دەڵـــێن لینـــــین بـــــووە بە ترۆتسکیست-و]***

شـــەقامەکانی پترۆگــراد بە زمــانی ســاڵی 1905 قســە دەکەن. دەقــاودەق وەک قۆنــاغی جەنگی ڕووسیا و ژاپۆن، خەڵک خوازیاری نان، ئاشـتیی و ئـازادیین. ڕێـک وەک سـاڵی 1905، سەیارەکان لە شەقامەکاندا لەجوڵە کەوتوون و هیچ ڕۆژنامەیەکیش بەرچاو ناکەوێت. کرێکاران لێدەگەڕێن هەڵم لە بۆیلەرەکانەوە بێتە دەرەوە، کورســـــییەکانیان بەجێـــــدەهێڵن و دەڕژێـــــنە شــەقامەکانەوە. حکــومەت قۆزاقەکــان تەعبیــیە دەکـات. دەقـاودەق وەک سـاڵی 1905، هەمـان دوو دەســەڵات لە شــەقامدا ڕووبەڕووی یەکتــر وەستاونەتەوە: کرێکارانی شۆڕشگێڕ و سـوپای قەیسەر.

نەبوونی نان، تیشکەکانی بزووتنەوە ڕۆشـن دەکــاتەوە. دیــارە ئەمە هۆکــارێکی ڕێکەوتکــرد

نییە. لە هەموو وڵاتانی شەڕانگێز، نەبوونی نان، خێراترین و گەرمترین هۆکاری ناڕەزایەتیی و تووڕەیی نێو خەڵکە. کۆی شێتیی جەنگ لەم گۆشەیەوە بۆ ئەوان دەردەکەوێت: بەرهەمهێنانی پێویستییەکان لەم ڕووەوە مەحاڵە کە دەبێت ئامرازی مەرگ بەرهەمبهێنێت.

وێڕای ئەمە، هەوڵەکانی دامەزراوە هەواڵییە نیوە ڕەسمییە بریتانی و ڕووسییەکان بۆ شیکردنەوەی بزووتنەوەکە بە نوقسانیی کاتیی کەرەستەی خۆراک یان نەبوونی بارکردن و گواستنەوە بەهۆی بارینی بەفرەوە، پێکەنیناویترین فۆرمی بەکارهێنانی سیاسەتە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە هەروەک نەعامە سەریان دەخەنە ناو بەفرەوە. کرێکاران بەهۆی ئەو تۆفانانەوە نییە کە بۆ ماوەیەکی کاتیی

گەیشتنی کەرەستەی خۆراکی دواخستووە کە کارگە و سەیارەکانی شەقام و چاپخانەکان دادەخەن و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ قەیسەردا دەڕژێنە شەقامەکانەوە.

خەڵک یادەوەرییەکی ماوەکورتیان هەیە. زۆرێک لەنێو ڕیزەکانی خۆماندا ئەوەیان لەبیر کردووە کە جەنگ، ڕووسیای لەناو بارودۆخی جۆش و خرۆشی بەهێزی شۆڕشگێڕیدا بینییەوە. دوای کارەساتی قورسی ساڵانی 1908 تا 1911، پرۆلیتاریا ورده ورده زیانەکانی خۆی لە ساڵانی دواتری خۆشبەختیی پیشەسازیدا تیمارکرد؛ کوشتاری مانگرتووان لە ڕووباری لینا لە نیسانی 1912، وزەی شۆڕشگێڕیی جەماوەری پرۆلیتاریای بێدارکردەوە. زنجیرەیەک مانگرتنی یەک بەدوای یەک. لەو ساڵانەی بە جەنگی جیهانیی کۆتایی

هـــــات، شـــــەپۆلی مـــــانگرتنە ئـــــابووریی و سیاسـییەکان، هاوشـێوەی مانگرتنەکـانی 1905 بوو. کاتێک "پوانکارە"، سەرۆککۆماری فەڕەنسا، لە هـاوینی 1914دا هـاتە پترۆگـراد (بۆ ئەوەی بە ڕۆژی ڕوونـــاک لەگەڵ قەیســـەردا باســـی چۆنـــــایەتیی ئـــــازادیی نەتەوە بچـــــووکتر و لاوازەکـــان بکـــات)، پرۆلیتاریـــای ڕووســـیا لە قۆنـاغی گرژیـی شۆڕشـگێڕیی سەروئاسـاییدا بـوو، و سـەرۆککۆماری فەڕەنسـا دەیتـوانی بە چـاوانی خـۆی لە پـایتەختی هاوڕێکەیـدا، واتـا قەیســـەر، ببینێــت چــۆن یەکەم ســەنگەرەکانی دووەم شۆڕشی ڕووسیا ڕوو لەدروستبوونن.

جەنـــــگ، ڕێگـــــرە لەبەردەم شـــــەپۆلی ڕوولەهەڵکشـــــانی شۆڕشـــــگێڕیی. ئـــــێمە دووبـــارەبوونەوەی ئەو شـــتەمان لە جەنگـــی ڕووسـیا و ژاپۆنـدا بینیـوە کە دە سـاڵ پێشـتر

ڕوویـداوە. دوای مانگرتنەکـانی سـاڵی 1903، سـاڵێکی لە بێـدەنگیی سیاسـیی بەڕادەیەک نەشکێنراوی بەدوای خۆیدا هێنابوو، واتـا سـاڵی 1904، یەکەم ساڵی جەنگ. بۆ کرێکارانی سان پترزبۆرگ دوانزە مانگ کاتی ویست تـا شـوێنی خۆیـان لە جەنگـدا ببینـنەوە و بە داواکـاریی و نارەزایەتییەکانیانەوە بڕژێنە شەقامەکانەوە. 9ی کـانوونی دووەمـی 1905، لەڕاسـتیدا بەجۆرێک سەرەتای ڕەسمیی یەکەم شۆڕشی ئێمە بوو.

ئەم جەنگەی ئێستا [جەنگی یەکەمی جیهان]، بەرفراوانتـرین جەنگـی ڕووسـیا و ژاپـۆنە. ملیۆنـان سـەرباز لەلایەن حکـومەتەوە بـۆ "بەرگریکردن لە وڵاتی باوکیان" تەعبییە کراون. ڕیزەکـانی پرۆلیتاریـا هەر بەم هـۆیەوە پێکنەهـاتووە. لەلایەکـی دیـکەوە. ڕەگەزە پێشـڕەوترەکانی پرۆلیتاریـا ناچـار بـوون لە

زەینی خۆیاندا ڕووبەڕووی پرسیارگەلێک بە ڕەهەندە بێ پێشینەکانیان ببنەوە و ئەم پرسیارانەش هەڵبسەنگێنن: هۆکاری جەنگ چییە؟ ئایا دەبێت پرۆلیتاریا چەمکی "بەرگریکردن لە وڵاتی باوک" قبوڵ بکات؟ تاکتیکەکانی چینی کرێکار دەبێت لە سەردەمی جەنگدا چی بێت؟

لەم میانەیەدا، قەیسەرییەت و هاوپەیمانەکانی، گروپە باڵاترەکانی خانەدانێتیی و بۆرژوازیی، بەدرێژایی سەردەمی جەنگ بەتەواوی جەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا کردبوو – جەوهەری ئەو تاڵانچییانەی تەماعی بێ کۆت و بەند، ئەوانی کوێر و بێ توانا و ئیفلیج کردبوو. تەماع بۆ سەرکەوتنی باندی حاکم، بەڕادەیەک گەشەی کرد کە خەڵک وردە وردە لە بێتوانایی کاملی ئەوان بۆ

چارەسەرکردنی سەرەتاییترین کێشەکانی جەنگ، پیشەسازیی و ئامادەکارییەکانی سەردەمی جەنگ تێگەیشتن. هاوزەمان، هیلاکیی و فەلاکەتی خەڵک گەشەی کرد، قوڵتر بووەوە و زیاتر لەپێشوو ڕووەو کارەسات ڕۆیشت – ئەمە دەرەنجامێکی سروشتیی جەنگ بوو کە ئاژاوەی تاوانبارانەی قەیسەرییەتی ڕووسیای چەند قات کردبووەوە.

لەژێر چەتری جەماوەری گەورەدا، لەنێو ئەو خەڵکەدا کە لەوانەیە هەرگیز یەک وشەی پڕوپاگەندەشیان بەرگوێ نەکەوتبێ، ناخۆشیی و نائارامییەکی قوڵ لەژێر فشاری ڕووداوەکاندا کەڵەکەکرا.

هەر لەم میانەیەدا، پێشڕەوترین ڕیزەکانی پرۆلیتاریا، کۆتاییان بە هەزمکردنی ڕووداوە تازەکان دەهێنا. پرۆلیتاریای سۆسیالیستی

ڕووسیا، دوای شۆکی کەوتنی ناسیۆنالیزمی کاریگەرترین بەشی ئەنتەرناسیۆنال هات، و بەم دەرەنجامە گەیشت کە سەردەمی نوێ، نەک وەستانی ئێمە، بەڵکو زیادبوونی خەباتی شۆڕشگێڕیمان دەخوازێت.

ڕووداوە هەنوکەییەکان لە پترۆگراد و مۆسکۆ، دەرەنجامی ئەم چالاکییە ئامادەکارییە ناوخۆییانەیە.

حکومەتێکی ناڕێکخراو، لەیەکترازاو و ترساو لە سەرەوە؛ سوپایەکی تەواو نائومێد، نارازیی، نادڵنیا و ترس لەنێو چینە خاوەن موڵکەکان؛ نائارامیی قووڵ لەنێو خەڵک و جەماوەر؛ پرۆلیتاریایەک کە لەڕووی چەندایەتییەوە بەهێزتر بوو لە هەر ڕۆژگارێکی دیکە، لە ئاگری ڕووداوەکاندا بەهێزتر ببوو. هەموو ئەمانە، پشتڕاستی ئەم قسەیە دەکاتەوە

که ئێمە سەرەتا و دەستپێکی دووەم شۆڕشی ڕووسیا دەبینین. وەرن ئومێدمان هەبێت کە زۆرێک لە ئێمە، دەبینە بەشدار و هاوبەش لەم شۆڕشەدا.

# وانەکانی ئۆکتۆبەر

# (1935)

لیۆن ترۆتسکی

***مـــن بە باشـــترین خۆئامـــادەکردنەوە، پێشـنیاری فرێـد زیلـەر بـۆ نووسـینی وتارێـک بەبــۆنەی هەژدەهەم ســاڵیادی ســەرکەتنی شۆڕشـی ئۆکتۆبەر بۆ ژۆرناڵی "شۆڕش" قبوڵ دەکەم. دروســـتە "شــۆڕش"، ڕۆژنـــامەیەکی "گەورە" نیــیە؛ دەیەوێــت ببێــتە حەفتەنــامە.***

بیرۆکـراتە پلەباڵاکـان لەوانەیە بەشـێوەیەکی سوکایەتیئامێز بەم هۆیەوە ڕەتیبکەنەوە. بەڵام مـن جارەهـای جـار کەوتـوومەتە ئەم بـارودۆخەوە کە ببیـنم چـۆن ڕێکخـراوە "بەهێزەکـان" بە چـاپەمەنییە "بەهێزەکانیـانەوە" لەژێـر لێـدان و شـەپۆلی ڕووداوەکانـدا لەگەڵ خاکدا یەکسان بوون و چۆن لەلایەکی دیکەوە ڕێکخـراوە بچووکەکـان بە چـاپەمەنییە لاوازەکانیـانەوە لەڕوانـگەی تەکنیکیـیەوە، لەمـاوەیەکی کورتـدا بـوون بە هێزگەلێکـی گەورەی مێژوویـی. وەرن ڕێـک و ڕاسـت ئومێـدی ئەوەمـان هەبێـت کە دەقـاودەق ئەم چارەنووسەی دواتر چاوەڕوانیی چامەپەنیی و ڕێکخراوەکەی ئێوە دەکات.

ساڵی 1917، ڕووسیا لە پەڕینەوەدابوو لە گەورەترین قەیرانی کۆمەڵایەتیدا. وێڕای ئەمە، بەشایەتیی هەموو وانەکانی مێژوو، دەکرێت بە یەقینەوە بڵێین ئەگەر پارتی بەلشەڤیی بوونی نەبوووایە، ئەم وزە شۆڕشگێڕییە گەورەیەی جەماوەر بەشێوەیەکی بێ بەرهەم لە تەقینەوە لەناکاوەندا بەهەدەر دەچوو و وەرچەرخانە گەورەکان، گۆڕابوو بۆ خراپترین دیکتاتۆرییەتی دژەشۆڕش. خەباتی چینایەتیی، جوڵێنەر و لۆکۆمۆتیڤی سەرەکیی مێژووە، جوڵێنەرێک کە پێویستی بە بەرنامەیەکی دروست، پارتێکی دروستی پێداگر، و ڕابەرایەتییەکی متمانەپێکراو و ئازا هەیە – نەک بە قارەمانی خانەنشین و کۆت وبەندی پەرلەمانیی، بەڵکو پێویستیی بەو شۆڕشگێڕانە هەیە کە ئامادەن تا کۆتایی هێڵەکە بڕۆن. ئەمەیە وانەی هەرە سەرەکیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

وێڕای ئەمە دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت لە سەرەتای ساڵی 1917دا، پارتی بەلشەڤیی تەنها ڕابەرایەتیی ژمارەیەکی کەمی زەحمەتکێشانی دەکرد. بەرەی بەلشەڤیی نەک تەنها لە شوراکانی سەربازان، بەڵکو هەروەها لە شورا کرێکارییەکاندا بەگشتیی 1 تا 2% و لە باشترین جاڵەتدا 5%ی پێکدەهێنا. پارتە سەرەکییە دیموکراسییە وردەبۆرژوازییەکان (مەنشەڤیکەکان و بەمانایەک سۆسیال ڕیڤۆلوشنەرەکان)، لانیکەم 95%ی کرێکاران، سەربازان و جووتیارانی نێو خەباتیان لەدەور کۆببووەوە. ڕابەرانی ئەم پارتانە، سەرەتا وەک سێکتاریست و فڕقەگەرا سەیری بەلشەڤیکەکانیان دەکرد و پاشان... بە خزمەتکار و بەکرێگیراوانی قەیسەری ئەڵمانیا سەیر دەکران. بەڵام نەخێر، بەلشەڤیکەکان سێکتاریست نەبوون! هەموو سەرنجی ئەوان

لەسەر جەماوەر بوو، ئەویش نەک تویژی سەرووی جەماوەر، بەڵکو ملیۆنان و دەیان ملیۆن کەسی خوارترین و ستەملێکراوترین خەڵک. وەهمگەرا و وڕێنەچیانی پەرلەمانخواز ئەوانیان فەرامۆش کردبوو. بەلشەڤیکەکان دەقاودەق بە مەبەستی ڕابەرایەتییکردنی پرۆلیتاریا و نیوەپرۆلیتاریای شار و گوند، بەزەرووریان دەزانی خۆیان بەخێرایی لەکۆی بەرەکان و گروپبەندییە بۆرژوازییەکان جیابکەنەوە و خاڵی دەستپێکی ئەم جیاکردنەوەیەش، خۆجیاکردنەوە بوو لەو "سۆسیالیست"ـە درۆزنانەی لەڕاستیدا بەکرێگیراو و خزمەتکاری بۆرژوازین.

نیشتمانپەرستیی، بەشێکی سەرەکیی ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە بۆرژوازیی بەهۆیەوە وشیاریی چینایەتیی ستەملێکراوانی نەزۆک

کـردووه و ئیـرادەی شۆڕشگێڕیشـییان ئیفلـیج دەکــات، چــونکە نیشتمانپەرســتیی بەمانــای چەوسـاندنەوە و بەپاشـکۆییکردنی پرۆلیتاریـایە بۆ "نەتەوە" کە بۆرژوازیی بە دوو پێ لەسـەری ڕاوەســـتاوە. مەنشـــەڤیکەکان و سۆســـیال ڕیڤۆلوشنەرەکان نیشتمانپەرست بوون: تا کـاتی هەڵگەڕانـــدنەوەی شـــوبات، بەشـــێوەیەکی نیوەشــاراوە؛ دوای شـوبات، بەئاشـکرا و بـێ نرخــــانە [نیشتمانپەرســــت بــــوون]. ئەوان دەیــانگوت: "ئێســتا ئــێمە کۆمارێکمــان هەیە، ئــازادترین کۆمـاری هەمـوو جیهـان؛ تەنـانەت سەربازانمان لەنێو شوراکاندا ڕێکخراون؛ ئێمە دەبێت دژی میلیتـاریزمی ئەڵمانیـا بەرگریـی لەم کۆمارەمــان بکەیـن". بەلشـەڤیکەکان وەڵامیـان دەدایەوە: "مەســـەلەکە ئەوە نیـــیە کۆمـــاری ڕووســـیا دیمــوکراتیترین کۆمــارە؛ بەڵکــو ئەم دیموکراسییە سیاسـییە سـەتحییە لەوانەیە هەر

سبەینێ ببێتە دوکەڵ و بەهەوادا بچێت، چونکە لەسەر بناغەی سەرمایەداریی دامەزراوە. ئەگەر زەحمەتکێشـــان لەژێـــر چەتـــری دیکتـــاتۆریی پرۆلیتاریا خاوەنداریێتیی لە خاوەن زەویەکان و ســــەرمایەدارەکانی خۆیـــان نەســـتێننەوە و پەیماننـــامە تالانکەرەکـــان لەگەڵ دەوڵەتـــانی هـاوڕێ نەشکێنن، ئێمە نـاتوانین ڕووسیا وەک وڵاتی باوکانی خۆمـان سـەیر بکەیـن و نـاتوانین بەرگریی لێبکەین". نەیاران و دوژمنانمـان تەواو تـــووڕە بـــوون. "ئەگەر بەمجـــۆرەیە، ئێـــوە نەک تەنها سیکتاریستن، بەڵکو بەکرێگیراوی هۆهن-تسۆلیرنیشن! ئێوە خیانەت لە دیموکراسییەکانی ڕووسیا، فەڕەنسا، بریتانیا و ئەمریکا دەکەن!". بەڵام دەسەلاتی بەلشەڤیزم لە توانای گاڵتەکردن بە سەفســــــەتەگەرییەکانی "دیمــــــوکراتە" خراپەکارەکانـــدا ئامـــادە بـــوو کە خۆیـــان بە سۆسیالیســـت نـــاودەبردن، بەڵام لەڕاســـتیدا

لەبەرانــبەر بە خاوەنــداریێتیی ســەرمایەداریدا هاتبوونە سەرئەژنۆ.

قازیــــانی ئەم مشـــتومڕە، جەمـــاوەری زەحمەتکێش بوون؛ هەرچەند کات تێدەپەڕی، دەنگـــــی ئەوان زیـــاتر و زیـــاتر بەرەو بەلشـــەڤیکەکان دەهـــات. ئەمەش جێگـــای سەرسوڕمان نییە. لەو کاتەدا، شوراکان هەموو پرۆلیتارەکـــان، ســـەربازان و جەمـــاوەری جووتیاری لەدەوری خۆی کۆکردبووەوە کە بۆ خەبات بێدار ببوونەوە و چارەنووسی وڵاتیش بەوانەوە بەســترابووەوە. "بەرەی یەکگرتــوو"ی مەنشــەڤیکەکان و سۆســیال ڕیڤۆلوشــنەرەکان بەسەر شوراکاندا باڵادەست بوو و بەفیعلیی دەســەڵاتی بەدەســتەوە گرتبــوو. بــۆرژوازیی لەڕوانگەی سیاسییەوە بەتەواویی ئیفلیج ببوو، چونکە دە ملیۆن ســەربازی شــەکەتی جەنــگ،

تەواو چەکداربوون و لەبەرەی کرێکاران و جووتیاران وەستابوون. بەڵام ئەوەی ڕابەرانی "بەرەی یەکگرتوو"، زۆرینەی ئێمەیان پێدەترساند، "ترسی"ی بۆرژوازیی بوو و "بردن و پاڵنان"ی ئەوان بەرەو کەمپی کۆنەپارێزیی. بەرەی یەکگرتوو جورئەتی ئەوەی نەکرد نزیک ببێتەوە لە جەنگی ئیمپریالیستیی یان بانکەکان یاخود خاوەنداریێتیی فیودالیی بەسەر زەوی یان دوکانەکان و کارگەکان. تەنها کاتی کوشت و ڕستەگەلی گشتیی دەخستەڕوو، لەکاتێکدا جەماوەر کاسەی سەبریان پڕببوو و ئارامیان لێهەڵگیرابوو. تەنانەت زیاتر لەوەش: مەنشەڤیکەکان و سۆسیال ڕیڤۆلوشنەرەکان ڕاستەوخۆ دەسەڵاتیان بۆ پارتی کادت گواستەوە، واتا ئەو حزبەی لەلایەن زەحمەتکێشانەوە ڕەتکرابووەوە و بەدەست ئەو حزبەوە دەیانناڵاند. کادتەکان نوێنەری پارتێکی

بـۆرژوازیی ئیمپریالیسـتیی بـوون، پارتێـک کە خـۆی لەسـەر بنـاغەی "چینەکـانی ناوەڕاسـت" وەســـــتابوو، بەڵام لەهەمـــــوو مەســــــەلە بنچینەییەکاندا، وەک قەڵغانی بەرژەوەندییەکانی خـــاوەن مـــوڵکە "لیبرِاڵەکـــان" مـــایەوە. ئەگەر حەزبـــکەن دەتـــوانین کادتەکـــان بەراورد بە ڕادیکاڵەکـانی فەڕەنسـا بکەیـن؛ هەمـان بنـاغەی کۆمەڵایەتیی، واتا "چینە ناوەڕاستەکان"؛ هەمـان ڕامکردن و خەواندنی جەماوەر بە عیبارەتگەلی پڕوپـووچ؛ و هەمـان خزمەتکـاری ڕاسـتگۆ بـۆ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریـالیزم. کادتەکان، ڕێک وەک ڕادیکاڵەکـــان، بەرەی چەپ و ڕاســـــتی خۆیـان هەبـوو: بەرەی چەپ، بـۆ سـەرقاڵکردنی خەڵــک، و بەرەی ڕاســـت بـــۆ هەڵبـــژاردن و گــــــرتنەبەری سیاســــــەتە "جـــــدی"یەکان. مەنشــــەڤیکەکان و سۆســــیال دیموکراتەکـــان هیواداربـوون پشـتیوانیی چینەکـانی ناوەڕاسـت

بەدەستبهێنن لەڕێگای یەکێتیی لەگەڵ کادتەکان، واتـــــا یەکێتیـــــی لەگەڵ چەوســـــێنەران و تەڵەکەبـــازانی چینـــی ناوەڕاســـت. سۆســـیال پاتریۆتەکـــان بەمجـــۆرە بەڵگەنـــامەی مەرگـــی خۆیان ئیمزاکرد.

ڕابەرانـــــی مەنشـــــەڤیکەکان و سۆســـــیال ریڤۆلوشـــنەرەکان، خۆویســـتانە، بە بەســـتنەوەی خۆیان بە گالیسکەی بۆرژوازییەوە، هەوڵیاندەدا زەحمەتکێشـــــان ڕازیـــــبکەن بـــــۆ ســـــپاردنی لێســـەندنەوەی خاوەنـــداریێتیی بـــۆ داهـــاتوویەکی دیـــکە و لەم میـــانەیەدا... بە مـــــردن لە بەرەی دیموکراســـــیدا ڕازیـــــان بـــــکەن؛ واتـــــا بـــــۆ بەرژەوەنـــــدییەکانی هەمـــــان بـــــۆرژوازیی. هەلپەرســـت و ئۆپۆرتۆنیســـتەکان، وەک بەبەغـــا ئەمەیان لە دانیشـــتنە لەڕادەبەدەرەکانی خۆیانـدا دووبـارە دەکـردەوە "ئـێمە نابێـت کادتەکـان بـۆ

کەمپی کۆنەپارێزیی پاڵ بنێین". بەڵام جەماوەر نەیاندەتوانی و نەیاندەویست لەوان تێبگەن. ئەوان هەموو متمانەی خۆیان بە بەرەی یەکگرتووی مەنشەڤیکەکان و سۆسیال ڕیڤۆلوشنەرەکان بەخشی و ئامادەبوون لە هەر کاتێکدا چەک بەدەستەوە بگرن و لە بەرانبەر بۆرژوازییدا، بەرگرییان لێبکەن. بەڵام لەم میانەیەدا پارتەکانی بەرەی یەکگرتوو دوای بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک، بانگی پارتی بۆرژوازییان بۆسەر دەسەڵات کردن و لەپشتی بۆرژوازییەوە خۆیان حەشاردا. جەماوەری شۆڕشگێڕ کە بەجۆش و خرۆش هاتبوون، هەرگیز لە ترس و خیانەت خۆش نابن. سەرەتا کرێکارانی پیترۆگراد، و پاشان پرۆلیتاریای هەموو وڵات؛ دوای پرۆلیتاریا، سەربازان؛ دوای سەربازان، جووتیاران، یەک لەدوای یەک بەپێی ئەزموون تێگەیشتن کە بەلشەڤیکەکان

لەسەرحەق بوون. بۆیە تەنها لەماوەی چەند مانگێکدا، ژمارەیەکی کەمی ئەو "سێکتاریست"، "سەرکێش"، "پیلانگێڕ" و "بەکرێگیراوانی هوهن-تسولێرن"انە خۆیان گۆڕی بۆ پارتی ڕابەری ملیۆنان کەسی خەڵک. ***وەفاداریی بۆ بەرنامەی شۆڕشگێڕیی، دوژمنایەتیی بێ بڕانەوەی بۆرژوازیی، دابڕانی یەکجارەکیی لە سۆسیال پاتریۆتەکان، متمانەی قووڵ بە هێزی شۆڕشگێڕی جەماوەر.*** ئەمانەن وانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

هەموو چاپەمەنییەکان، وەک ڕۆژنامەکانی مەنشەڤیکەکان و سۆسیال ڕیڤۆلوشنەرەکان، دەستیانکرد بە کەمپینێکی قێزەون دژی بەلشەڤیکەکان کە لەمێژوودا وێنەی نەبووە. هەزاران و هەزاران تەن کاغەزی چاپ بە ڕاپۆرتگەلێک پڕکرایەوە کە دەیانگوت

بەلشـــەڤیکەکان ســـەر بە پۆلیســـی قەیســـەرن، دونیایەک ئاڵتونیان لە ئەڵمانیا وەرگرتووە، لینین لە فڕۆکەخـانەیەک لە ئەڵمانیـا حەشـاردراوە و هتـد و هتـد. لەمیـانەی یەکەم مانگەکـانی دوای شـــــوبات، ئەم تۆفـــانەی تۆمەتبەخشـــــینەوە دەرخـــواردی جەمـــاوەر درا. کەشـــتیوانان و ســــەربازان زیـــاتر لەجارێـــک هەڕەشـــەی ئەوەیانکرد بە سـەرەنێزە دەچنە گیانی لینـین و ڕابەرانی دیکەی بەلشەڤیزم. لە مانگی تەمووزی 1917دا، کەمپینـی بوختـان گەیشـتە لـوتکەی خـۆی. زۆرێـک لە هەوادارانـی چەپگـرا یـان نـیمچەچەپ، بەتـایبەت لەنێـوان ڕۆشـنبیراندا، بەفشـاری بیروبۆچـوونی گشـتیی بـۆرژوازیی، تـۆقین. ئەوان گوتیـان: "بێگومـان بەلشـەڤیکەکان بەکرێگـــــراوی هۆهنتســـــولێرن نـــین، بەڵام سیکتاریستن، ئەوان تاکتیکیان نییە، بەڵام پارتە دیموکراتەکـان دەوروژێـنن؛ کـارکردن لەگەڵ

ئەواندا مەحاڵە". ئەمە، بۆ نموونە، ئاواز و تۆنی زاڵ بـــوو لە ڕۆژنـــامە گەورەکەی مەکســـیم گۆرگیـــدا کە یەک دونیـــا کەســـی جۆراوجـــۆر لەدەوری کۆببـــــوونەوە: سانتریســـــــتەکان، نیمچەمەنشـــەڤیکەکان (ئەو کەســانەی لە تیـۆردا زۆر چەپ بـــــوون، بەڵام زۆر دەترســــــان لە مەنشـــەڤیکەکان دووربـــکەونەوە) و سۆســـیال ڕیڤۆلوشـنەرەکان. بەڵام ئەمە یاسـایەکە کە هەر کەســێک لە دابــڕان لە سۆســیال پاتریۆتەکــان بترسێت، بەناچار دەبێتە بەکرێگیراویان.

لەم میــانەدا، پرۆســـەیەکی تەواو پــێچەوانە لەنێـــو جەمـــاوەردا خەریـــک بـــوو ڕوویـــدەدا. هەرچەند ئەوان زیاتر وەهمی خۆیان بەرانبەر ئەو سۆســـیال پاتریۆتـــانە لەدەســـت دەدا کە لەبەرژەوەنـــدیی خەڵــک لەپێنــاوی هــاوڕێیەتی لەگەڵ کادتەکاندا خیانەتیان دەکرد، ئەوا زیاتر و

بەدیقەتێکی زۆرترەوە گوێیان لە گوتارەکانی بەلشەڤیکەکان دەگرت و زیاتر باوەڕیان بەدروستێتیی بۆچوونەکانی ئەوان دەهێنا. بۆ کرێکاری دوکانێک، سەربازێکی سەنگەر، بۆ جووتیارێکی سەرەمەرگ بەهۆی برسێتییەوە، ڕوون دەبووەوە کە سەرمایەداران و لایەنگرانیان خەریکن تۆمەت بۆ بەلشەڤیکەکان هەڵدەبەستن، دەقاودەق بەو هۆیەوە کە بەلشەڤیکەکان بەپێداگرییەوە خۆیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ستەملێکراوان تەرخانکردبوو. تورەیی دوێنێی سەرباز و کەشتیوانان دژی بەلشەڤیکەکان گۆڕا بۆ لایەنگریی پڕجۆش و خرۆشی ئەوان و ئامادەیی بۆ سەرکەوتنی ئەوان تا دوا سنوور. لەلایەکی دیکەوە. ڕقی جەماوەر لە حزبی کادت، بەناچاری گۆڕا بۆ ڕق لە هاوپەیمانی ئەم حزبە واتا ڕق لە مەنشەڤیکەکان و سۆسیال ڕیڤۆلوشنەرەکان.

سۆسیال پاتریۆتەکان کادتەکانیان ڕزگار نەکرد، خۆیان سرِدرانەوە. دابرِانی یەکجارەکیی لە حاڵ و هەوای جەماوەر، کە لەمیانەی دوو یان سێ مانگ (ئاب-سێپتەمبەر)دا ڕوویدا، سەرکەوتنی ئۆکتۆبەری ڕەخساند. بەلشەڤیکەکان شوراکانیان بەدەستەوەگرت و شوراکانیش دەسەڵات.

لەوانەیە کەسانی گومانکار بڵێن: بەڵام لەکۆتاییدا شۆڕشی ئۆکتۆبەر، سەرکەوتنی بیرۆکراتییەتی بەدیاری هێنا. ئایا شۆڕشکردن بەهای هەبوو؟ دەبێت یەک دوو وتاری سەربەخۆ بۆ ئەم پرسیارە تەرخان بکرێت. لێرەدا ڕێگەم بدەن بەکورتیی بڵێم: مێژوو نەک لەدرێژبوونەوەی هێڵێکی سەربەخۆدا، بەڵکو بە هەوراز و نشێوەکاندا تێدەپەڕێت؛ دوای بازدانێکی گەورە بەرەو پێشەوە، پاشەکشێ

دەگـات، ڕێـک هەر بەوجـۆرەی گـوللەی تـۆپ دوای تەقـان بـۆ ئاسـمان، دەگەڕێـتەوە. وێـڕای ئەمانە، مێژوو هەر بۆ پێشەوە دەڕوات. گومـانی تێدانییە بیرۆکراتیزمی سۆڤێت زامێکی قێزەون و ناشـــرینە، کە هەڕەشـــە هەم لە شۆڕشـــی ئۆکتـۆبەر و هەم پرۆلیتاریـای جیهـان دەکـات. بەڵام یەکێتیـی سـۆڤێت شـتێکی دیـکەی وێـڕای سـتەمکاریی بیرۆکراتییـــانە هەیە: ئـــامرازە خۆماڵیکراوەکانی بەرهەمهێنان، ئابووریی پلان بـۆدانراو، کشـتوکاڵیی هاوبەشـیکراو، کە وێـڕای زیانە گەورەکانی بیرۆکراتیزم، وڵاتـی لە ڕووی ئـابووریی و کولتـوورییەوە دەبـردە پێشـــەوە، لەکاتێکدا وڵاتـانی سـەرمایەداریی بەرەو دواوە دەگەڕێـنەوە. شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەر تەنهـــا بە گەشـــەکردنی شۆڕشـــی جیهـــانیی کە لەگەڵ سەرکەوتنیدا بەڕاستی دەبێتە زامنی بونیادنانی

کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی، دەتوانێت لە کۆت و بەندی بیرۆکراتیزم ڕزگاری ببێت.

لە کۆتاییدا – و دیارە ئەمە بێ ئەهمیەت نییە – شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەم ڕووەشەوە گرنگە کە وانەگەلێکی پڕبایەخی بە چینی کرێکاری جیهان بەخشی. بیلێن شۆڕشگێڕانی پرۆلیتاریی فەرەنسا بەباشی فێری ئەم وانانە ببن و هەرگیز شکست نەهێنن.

# ڕۆژی ئایار لە ڕووسیا، 1917 – فانۆسێکی دەریایی بۆ کرێکارانی سەرتاسەری دونیا

سۆسیالیست وۆرکە – 25ی نیسانی 2017

ڕۆژی ئایاری 1917 جەژنێکی گەورەی لە ڕووسیادا بەخۆوە بینی – بەڵام گرژییەکیش بوو لە دژی حکومەتی کاتیی.

حکومەتی کاتیی ڕووسیا ڕۆژی ئایاری لە 1917ی دوای شۆڕشی شوبات بەیاسایی کرد و فیستیڤاڵێکی ڕەسمیشی بەرپاکرد.

بەڵام نارەزایەتییەکان لەسەر یاسایییبوونی تازەی ڕۆژی ئایار تەنها کۆمەکی بەقوڵتربوونەوەی تورەییەکان دژی حکومەت کرد.

لیۆن ترۆتسکی شۆڕشگێڕیی ڕووسی دەنووسێت: "هەموو شارەکانی ڕووسیا نوقمی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکان بوون. وادەردەکەوت هەموو کەسێک لە جەژندا بوو".

"تا ئەو شوێنەی لەتوانایدا بوو، سوپا بەردەمی جەژنیان گرتبوو. هەواڵ لە میتینگەکان، وتاربێژییەکان، بەیداخەکان و گۆرانییە شۆڕشگێڕییەکانی ناو سەنگەرەکانەوە

دەهـــاتن، و لەوێ چەنـــدین هەواڵ لە بەرەی ئەڵمانیاوە هەبوون".

لەژێـر چەتـری ڕژێمـی قەیسـەردا، ناشـتنی دەستەجەمعیی مردووان تەنها جوڵەی یاسایی و ڕێگاپێدراو بوو.

1917 ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژی ئایاری پێش هەزاران کرێکـاری ڕژانـدبووە شـەقامەکانەوە، بەڵام زۆرینەیان پەرتەوازە ببوون. ئەمجارەیان کرێکـارانی چەکـدار لە پیترۆگـراد ڕێپێوانیـان بەرپا کـرد و زینـدانیانی جەنـگ و ئەسـیرانیش لەتەنیشتی سەربازانەوە ڕێپێوانیان ئەنجامدا.

هەمـوو باڵەخانەکـانی نـاوچەی کۆشـک، بەتـایبەت کۆشـکی زسـتانیی، بە دروشـمە شۆڕشگێڕییەکانەوە ڕازێنرابوونەوە.

پاشــان وەزیـری دەرەوە، پاڤێـل میلیوکـۆڤ باسی لەوە کرد کە چۆن 1ی ئایار بریتی بوو لە "ڕۆژی یەکەم بەرپــــــــــاکردنی جەژن لە ڕووسیای پشووی کرێکارانی ئەنتەرناسیۆنال، واتا ڕۆژی ئایار".

ئەو دەنووســێت: "باڵەخــانە گشــتییەکان بە قسە و گۆرانییەکی مەزن ڕازێنرابوونەوە: بژی ئەنتەرناسیۆنال".

بــۆ نمــوونە یەکێــک لە تــابلۆ گەورەکــان بەمجــۆرە بەســــەر کۆشــکی مارینســـکیدا هەڵواسرابوو، کە شوێنی حکومەتی کاتیی بوو. ترۆتســکی دەنووســێت: "چــۆن دەســەڵاتداران ناتوانن هیچ بڕیارێک بدەن بۆ لابردنی ئەم شتە نەخوازراو و ئاگادارییە نیگەرانکەرانە".

وادەردەکەوت ڕۆژەکە هەمـــوو ڕووســـیا یەکـــدەخات، بەڵام ترۆتســـکی ئەوەش ئیـــزافە دەکـات: "لە بەشـەی خـوارەوەی دیسـپلینێکی سـەرکەوتووانەی خۆپیشـاندندا تەشـەنوج هەبوو".

شـەڕ و خەباتەکـان زیـاتر لە کارگەکـانەوە دەستیانپێکرد، کەرەسـتەی خـۆراک وەسـتا و تـوڕەیی بەرانـبەر بە جەنـگ لەزیـادبوون و هەڵکشاندا بوو.

تەنها چەند ڕۆژ دوای مەراسیمەکانی ڕۆژی ئایار، ناڕەزایەتییەکانی شـەقام دژی میلیۆمۆڤ دەسـتیانپێکرد. و پێویسـتە ئاگامـان لەوەش بێت کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکـان پەیمـانی ئەوەیـان دابوو ڕووسیا لە جەنگ بەردەوام بێت.

ئەو نـــاڕەزایەتییە تونـــد و تووڕەئـــامێزانەی بەدوایـــدا هـــاتن، دواتـــر بە ڕۆژەکـــانی نیســـان ناســـران. ســـەربازان و کرێکـــارانی ڕێپێوانیـــان ئەنجامدا بە خوێندنەوەی ئەم پۆستەرانە: "بمرێ میلیۆکۆڤ" و "دەبێت میلیۆکۆڤ دەست لەکار بکێشێتەوە".

هەنـــدێک دروشـــمی "بمـــرێ حکـــومەتی کاتیی"یان بەرز کردبووەوە.

بەلشـــەڤییەکان یـــارمەتیی ناڕازییـــانی چەکـــدارییان دا بـــۆ وەدەرنـــانی میلیۆکـــۆڤ. سۆخانۆڤی مێژوونووسی شۆڕش دەنووسێت، "جـــۆش و خرۆشـــێکی ســـەرو ئاســـایی بەشێوەیەکی گشتیی چینی کرێکاری شارەکان، کارگەکان و سەربازگەکانی داپۆشیبوو".

"زۆر کـارگەی بێکـار هەبـوون. کۆبـوونەوە نـاوچەیی و محەلییەکـان لە هەمـوو شـوێنێکدا دەبەستران".

لەگەڵ ئەوەی نفـــــوزی بەلشـــــەڤییەکان هەڵدەکشـــا، لینینـــی ڕابەری بەلشـــەڤییەکان کەوتبووە بەردەم هێرشی بەردەوامەوە.

ڕۆژانـــی پـــێش جەژنـــی ڕۆژی ئایـــار، ســـەربازانی برینـدار دژی لینـین ناڕەزایەتییـان دەربـــڕی بـــوو – و داوای بەردەوامبـــوونی جەنگیـــان دەکـــرد. ڕۆژنامەکـــان هەمیشـــە پروپاگەندەی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە لینین جاسوسە و دوژمنە خەڵکە.

بەڵام لە پیترۆگـراد، شـورای بەهێـز و پـتەو دژی ئەم درۆیـــانە وەســـتابووەوە و توانـــای

ڕێکخستنی هەڵکشان و داکشانەکانی نێو خەڵکی هەبوو.

دەربـــارەی ڕۆژی ئایـــار ســـۆخانۆڤ دەنووسـێت کە شـورا "دەسـت لەنـاو دەسـت خەریـک ی بەدەسـتەوەگرتنی کـۆی دەسـەلاتی ڕاســـــتەقینەی دەوڵەت و دیــــــاریکردنی چارەنووسی شۆڕش بوو".

بـۆ سەرخسـتنی دووەم شۆڕشـی داهـاتوو، متمـانەبەخۆبوون پێویسـتیی بە فراوانکـردن بـۆ سەرتاسەری ڕووسیا هەبوو.

# ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشی ڕووسیادا

لویس ئۆشی

[شۆڕشی ڕووسیا نەک تەنها ژیانی ژنانی گۆڕی، بەڵکو هەروەها لێدانێکی کوشندەش بوو لە سێکسیزم کە تا ئەو ڕۆژگارە هەرگیز هاوشێوەی ئەمە ڕووینەدابوو، تەنانەت تا ئەمڕۆش مەسەلەی تەڵاق، لەباربردن، کرێی ژنان، سێکسیزم، نەک تەنها وەک ئەوەی پێیدەڵێن جیهانی سێیەم و ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر نەکراوە، بەڵکو

لەجیهانی سەرمایەداریی نیۆلیبراڵیشدا بەڕێژەی بەرچاو ماوەتەوە؛ تا ئەمڕۆش ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو دەکەونە بەر هێرشی سێکسیزم و چەوساندنەوە و هەموو بەرهەم و لێکۆڵینەوەی بیرمەندانی ئەم بوارە تا ئەمڕۆ دەریدەخەن، جیهانی ئەمڕۆی سەرمایەداریی، بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوە بگاتە ئاستی شۆڕشی کرێکارانی 1917-وەرگێڕ].

پێشکەوتنەکانی ژنان لەمیانەی مانگەکانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 – وەک لەباربردنی خۆڕایی بۆ ئەوانەی خۆیان داوای دەکەن، یاساییبوونی ژیانی هاوبەش بەبێ تۆمارکردنی حکومی، ئازادیی مافی جیابوونەوە (تەڵاق)، گەرەنتیی پشتیوانیی دەوڵەت لە ژنانی بێ سەرپەرشت و منداڵەکانیان، لابردنی یاسای

ناشــەرعیی منــداڵ، کرێــی یەکســان، مــۆڵەتی دایکانە بۆ هەمـوو ژنـان، لابردنی سـزا لەسـەر هۆمۆسێکســوالیی، لابردنــی تەمەنــی گەشــەی سێکســی، توانـا کـۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەکـان بە بـودجەی دەوڵەتیـی وەک خـواردنە گشـتییەکان، شوێنی جلوبەرگ شۆری لە ماڵەکان و دایەنگا سەرتاســەری و خــۆڕاییە حکومییەکــان – لەو جۆرە هەنگاوانەیە کە تا ئێستاش دوای 9 دەیە، هێشتا هیچ دەوڵەتێک نەیتوانیوە بەتەواوی بگات بەم دەستکەوتانە.

بەڵام ئەم ســەرکەوتنانە، وێــڕای هەمــوو پێشـڕەوبوونیان، تەنهـا بەشـێکی حیکـایەتەکەن. گــۆڕانی هەلــومەرج و پــێگە و دەرکــی ژنــانی کۆمەڵگــای ڕووســیا بەهــۆی بەشــداریی جەماوەرییـان لەتەنیشـت پیـاوان و لە خەبـاتی شۆڕشــگێڕیدا دژی ڕژێمــی قەیســەری و ئەو

خاوەن کارانە بوو کە ژنانی مەحکوم کردبوو بە کـــارکردن لە هەلــومەرجێکی نائینســـانی و سێکسیزمدا.

وەرچەرخـــــانی گەورە لە ئاراســـــتە و وەزیفەکانـــــدا کە ئەنجـــــامی حەتمیـــــی بەدەســـتەوەگرتنی کـــۆنترۆڵی دیموکراتییـــانەی کۆمەڵگـــا بـــوو لەلایەن چینـــی کرێکـــارەوە، ئەم قســـەیەی لینـــین پشتڕاســـت دەکـــاتەوە، کە گوتبـــووی شۆڕشـــەکان، لەنـــاو دڵـــی خۆیانـــدا، "کەرنەڤاڵی خەڵکی زەحمەتکێش"ن. ئەمە ژنـانی کرێکـــار بـــوون تیشـــکی شۆڕشـــی شـــوباتی 1917یان ڕۆشن کـردەوە. ژنـانی کرێکار بەبێ ئەوەی وەک هـاوڕێ پیاوەکانیـان بە وریـاییەوە بجـوڵێنەوە، لە ڕۆژ جیهـانیی ژنانـدا دەسـتیان لەکار کێشـایەوە و بە ڕێپێویـان لە شـەقامەکانی پیترۆگـرادا داوایـان لە هەمـوو خەڵـک کـرد

پەیوەنـدییان پێـوە بـکەن. ئەوان بەیەک دەنـگ داوای کۆتاییهێنان بە جەنگ، گرانیی، برسێتیی، و مەحرومییەتی کرێکاران کرد.

یەکێک لە وەسفەکانی ئەو ڕۆژگارە پیشانی دەدات کە چـۆن "ژنـان بەشـێوەی گروپیـی، هەمـوو ئـامرازی کاریـان وەلانـا، ئاشـەکانیان بەجێهێشـت و بەخێرایـی و ئامـانجخوازانە بەشـێوەیەکی دەسـتەجەمعیی لە کـارگەیەکەوە بەرەو کـارگەیەکی دیـکە ڕۆیشـتن... ژنـان سـوودیان لەهەرشـتێک وەردەگـرت کە بەدەسـتیان دەگەیشـت (بەرد و تـۆپەڵە بەفـر و دار و هتـد)، دەرگـا و دیـواری کارگەکانیـان شـکاند و دەسـتیان بەسـەر هەمـوو کـارگە و باڵەخانەکاندا گرت.

کارەکـانی ژنـانی کرێکـاری کاتـالیزۆر بـۆ کرێکـارانی دیـکە ئەنجـام درا تـا نەک تەنهـا

پەیوەندیی بە مانگرتنی ئەوانەوە بکەن، بەڵکو دەستبکەن بە بونیادنانی بناغە دیموکراتییەکانی خۆیان بۆ تەحەداکردنی ڕژێم، خاوەن کاران و جەنگ کە دەوڵەمەندان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بوون کرێکارانی بێشومار بکەنە قوربانی و ژمارەیەکی زۆر زیاتر هەژار بکەن. لە مانگی ئۆکتۆبەر، ئەم بناغە و پێکهاتانە بەناوی شوراکان (سۆڤێتەکان)، توانیان دوایین پاشماوەی حکومەتی سەرمایەداریی بڕوخێنن و حکومەتی کرێکاریی دابمەزرێنن.

بەهۆی جەنگەوە، ژنان ڕێژەیەکی بەرچاوی هێزی کاریان پێکدەهێنا، کە لە پیترۆگراد دەگەیشتە لە 40% و بەشداریی چالاکانەی ژنان لەوێ هۆکاری یەکلاکەرەوەی سەرکەوتنی شۆڕش بوو. مادام بەشداریکردن لە شوراکاندا خۆویستانە بوو، فراوانیی ڕێز و

ڕەفتار لەبەرانبەر هەمووان لە بزووتنەوەکەدا، ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبوو.

ئەم ڕۆڵەی ژنان لە شۆڕشدا بووەهۆی بردنە ژێرپرسیاری چەوساندنەوەی ڕەگەزی و سێکسیزم کە ئەم دیاردەیە زۆر دەمێک پێش شۆڕش بوونی هەبوو. ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت ژنان بەشێوەیەکی سروشتی دەبێت لەماڵەوە بن، دەبێت منداڵان بەخێو بکەن و یان دەبێت خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتی پیاو بکەن، هەموو ئەم بیرۆکانە بە پێچەوانە و دژی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران لەقەڵەم دران.

یەکێک لە ڕابەرانی ژنی بەلشەڤیی ئەم دیاردەیەی سێکسیزمەی لە میتینگێکی لاوانی شۆڕشگێڕیدا بینی. ئەو دەڵێت: یەکێک لە بابەتەکانی ئەو ڕۆژە بریتی بوو لەوەی هەموو

ئەنـدامان دەبێت فێـری درووومـان بـبن، کە لەو کـاتەدا کورێکی لاوی بەلشـەڤیی دەڵێت: "بـۆچی دەبێت هەمووومـان فێری درووومـان ببین؟ دیـارە دەبێـت کچـان فێـر بـبن، چـونکە لە داهــاتوودا ئەوان دەبێـــت بتـــوانن قـــۆپچەی پـــانتۆڵی هاوسـەرەکانیان ببەسـتن؛ بەڵام بـۆ دەبێت ئێمە فێری ببین؟".

خستنەڕووی ئەم ڕستانە تۆفانێکی تووڕەیی بەدوای خۆیـدا هێنـا. نەک تەنهـا کچـان، بەڵکـو هەمـووان تـووڕە و کەللەیـی ببـوون و لەسـەر کورسـییەکانیان ئارامیـان نەدەگرت، "دەبێـت بـۆ هاوسەرانیان قۆبچە ببەستن؟ مەبەستت چییە؟ ئایا دەتەوێت درێژە بە یاساکانی کۆیلەیی ژنـان بـــــدەیت؟ هاوســــــەرێک، هـــــاوڕێیەکی هاوســـــەرەکەیەتی، نەک خزمەتکارێـــــک". لە کۆتاییـــدا ئەو کـــوڕە لاوەی ئەم قســـەیەکی

کردبـوو، بەناچـاری پاشەکشـەی لە قسـەکەی خۆی کرد.

مــادام بەلشـــەڤییەکان پابەنــدترین هێــزی سیاســیی پەیوەســت بە دەســەڵاتی کرێکــاران بــوون لە 1917دا، بــۆیە ڕێکخراوێــک بــوون زۆرتــرین هەوڵــی خۆیــان بــۆ ڕێکخســتنی کرێکـارانی ژنـان تەرخـان دەکـرد. ئەوان لەنێـو ژنانی جلشۆر و هاوسەری سەربازان، واتا دوو گرووپـی سـەرکوتکراوترینی ژنـان، دەسـتیان بە ڕێکخســتن کــرد. ئەوان گەلێــک نــامیلکە و ئەدەبیاتیــــان بڵاودەکــــردەوە کە باســــی هەلـومەرجی تـاییەتی ژنـانی کرێکـاری دەکـرد. بەلشەڤییەکان لە پەیوەندیی نێوان چارەنووسی دەســـەڵاتی کرێکـــاران و ئـــازادیی ژنـــان تێگەیشتبوون.

لە مانگی ئۆکتۆبەردا، ژنان بەشداریان لە ڕاپەڕیندا کرد و پەیوەندییان بە سوپای سورەوە کرد. ئەوان لە تەنیشت هەمووانداهێرشیان بردە سەر کۆشکی زستانی. ئەلێکساندرا ڕۆدیڤینۆڤا کرێکارێکی لاوی بەلشەڤیی بوو کە بەرپرسیارێتیی هەماهەنگیی کرێکارانی ترامی پترۆگرادی لەئەستۆ بوو. ئەلێکساندرا ئەو کاریگەرییە قوڵەی شۆڕشی ڕووسیا لەسەر ئەو و کەسانی دیکە هەیبوو، بەمجۆرە دەیگێڕێتەوە: "هەستم دەکرد هەموو ژیانم کە پێی گەورە ببووم، دەپچڕا و لێک دەترازا و من لەم دابڕان و ترازان و لەناوچوونەیەدا، هەستم بەخۆشی و شادی دەکرد".

دواجار لە سۆڤێتدا هەموو دەستکەوتەکانی شۆڕش لەناوچوون. دژەشۆڕشی ستالین

هەمـــوو پاشـــماوەی دەســـەڵاتی کرێکـــارانی وێرانکـــرد و بەم لەنـــاوبردن و وێرانکـــردنە دەسـتکەوتەکانی ژنـانیش لەنـاوبران. بەڵام ئەمە بەهـــیچ جۆرێـــک بە مانـــای ڕەتکـــردنەوەی دەستکەوتە شۆڕشگێڕییەکانی کرێکاران نییە لە ســـاڵی 1917دا. ئەم شۆڕشـــە دەســـەڵاتی تێگەیشـــــتن لە پۆتێنشـــــیەڵی شۆڕشـــــە کرێکارییەکـــانی بە ئـــێمە بەخشـــــی؛ ئەو شۆڕشـانەی هەمـوو فۆرمەکـانی نایەکسـانیی کـــۆمەڵایەتیی ڕووبەڕووی تەنگـــژە و تەحەدا دەکەنەوە.

ڕۆڵـــی جەمـــاوەرانی کرێکـــاران، بەتـــایبەت ژنـــــانی کرێکـــــار، لە زۆربەی وەســـــفە سەرەکییەکانی ڕووداوەکانی شۆڕش لابراوە و یـــان لەبەرچـــاو ناگیرێـــت و فەرامۆشـــکراوە. ئامانجی ئەم مێژوونووسانە بەگشتیی بریتییە لە

بێ ئیعتیبارکردن و بێ بەهاکردنی سیاسەتی ڕادیکاڵ و ئەکتی جەماوەری و تەسلیمبوون و خۆڕادەستکردنی هەلومەرجی باڵادەست. بەڵام ڕووداوەکانی ساڵی 1917 ئەوەی سەلماند ئەڵتەرناتیڤی سەرمایەداریی بوونی هەیە.

ژنان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەوەیان پیشاندا کە چۆن ستەملێکراوان دێنە سەر سەکۆی شانۆکە و لە خەباتێکی شۆڕشگێڕیدا کۆمەڵگا دروست دەکەن، چۆنچۆنی سێکسیزم لە مەیدانێکی گشتیدا ڕووبەڕووی تەحەدا دەکەنەوە و چۆن چینی کرێکار دەتوانێت هێرش بکاتە سەر ڕۆح و دڵی هەموو فۆرمەکانی ستەم و چەوساندنەوە. تێگەیشتن لەم پرۆسەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ئازادیی ژنان هەیە، کارێکی تەواو زەروورییە.

# شۆڕشی سێکسوالیی ڕووسیا دوای 1917

کۆڵن ویڵسن

شۆڕشی 1917ی ڕووسیا ژیانی پیاوانی هاوڕەگەزباز و ژنانی لیزبیەن (هاوڕەگەزخواز)ی گۆڕی و وەرچەرخانی بەسەردا هێنا. ڕووسیا بە بوو بە مەشخەڵی کرێکاران و هەژاران و چەوساوان کە بۆ یەکەم جار بەچاوی خۆیان بینیان چۆنچۆنی کۆمەڵگا

دەکرێت لەبەرژەوەندیی هەمووواندا بەڕێوە ببرێت.

پرۆسەی هەڵگیرساندنی شۆڕش و هەڵتەکاندنی نەزمی کۆمەڵایەتیی باڵادەست، ڕزگاربوونی سێکسوالیی و یەکسانیی ڕاستەقینەی هێنایە ئاراوە.

بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی شۆڕشەکە، زۆر گرنگە سەیرێکی ڕووسیای پێش شۆڕشی 1917 بکەین.

زۆرینەی خەڵک وەک هەزاران ساڵی پێشوو دەژیان – وەک جووتیاران لە گوندە بچووکەکاندا، و بژێوییان لە زەوییەکانەوە دابین دەکرد. تا ساڵی 1861 زۆرینەی جووتیاران سێرف و ڕەعییەت بوون و لەلایەن ئەریستۆکراتییەوە خاوەندارێتیی دەکران.

له سیستەمی دیکتاتۆرییدا کە لەلایەن قەیسەرەوە بەڕێوە دەبرا، هەموو جۆرە نارەزایەتییەک ڕووبەڕووی دوورخستنەوەی سەرمایەی کوشندەی سیبریا دەبووەوە.

کەمینەیەکی ڕووسەکان خاوەن سامانێکی زۆر بوون و لە خۆشگوزەرانیدا دەژیان. بۆ نموونە، بنەماڵەی شێرمیتیڤەکان خاوەنی 20 هەزار ڕەعییەت و 340 خزمەتکاریی ئامادە بوون.

سێکس بە توندوتیژیی و ستەمەوە ئەنجام دەدرا و ڕەفتاری سێکسیی لەلایەن کڵێسا و دوڵەتەوە بەتوندیی کۆنترۆڵ دەکرا. هۆمۆسێکسوالیتە (هاوڕەگەزبازیی) نایاسایی بوو. چەند بەڵگەیەکی بەرچاوی پەیوەندییە سێکسییەکان بوونیان هەبوو، بەڵام خۆی وەک پەیوەندییە تەواو نایەکسانەکانی نێوان خاوەن

زەوییەکانی چینی باڵاتر و خزمەتکاران یان جووتیارانی نێری سەربەئەوان دەردەخست.

ژنانی ئەریستۆکرات بەبێ مۆڵەتی هاوسەرەکانیان مافی سەفەر یان کارکردن یاخود خوێندنیان نەبوو. بۆ جووتیاران زەروور و بۆ مانەوە بوو. هاوکاریکردنی مێرد لە کێڵگە و بەرهەمهێنانی ئەو منداڵانەی هەمان کار بکەن، یەکێک بوو لە وەزیفە و ئەرکە بنچینەییەکانی ژن.

توندوتیژیی ماڵەوە شتێکی باو و بەرچاو بوو. ئیدیۆمێک هەبوو دەیگوت: "بە قۆنداغە تفەنگ بکەوە گیانی ژنەکەت، پاشان سەیربکە و ببینە هەناسە دەدات یان نا، ئەگەر وابوو بزانە خۆی بوراندۆتەوە و درۆ دەکات، بۆیە کوتەکی زیاتری دەوێت".

## وەرچەرخان

بەڵام لە ناوەڕاستەکانی سەدەی 19دا، کۆمەڵگای ڕووسیا دەستیکرد بەگۆڕانکاریی. قەیسەر، سیستەمی ڕەعییەتی (سێرفدەم) ڕەتکردەوە، ئەگەرچی هیچ ئازادییەکی ڕاستەقینە بوونی نەبوو و نایەکسانییەکی قوڵ و بەهێز هەروەک خۆی مابووەوە. پیشەسازیی بووە هۆی بەشاریبوونی خێرای شارەکانی وەک مۆسکۆ و پیترۆگراد.

لە دەیەی 1870دا، بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان بە بیرۆکە و ئایدیا تازەکانیانەوە دەربارەی ژنان و سێکس گەشەیانکرد. ڕۆمانی "دەبێت چی بکرێت؟" بوو بە ئینجیلی بزووتنەوە تازەکە. ئەم ڕۆمانە حیکایەتی "ڤێرا پاڤلۆڤنا" دەگێڕێتەوە کە بۆ ڕاکردن لە خێزانە بۆرژوازییەکەی خۆی، دەچێتە ژێرباری هاوسەرگیرییەکی ساختەوە.

ئەم ڕۆمانە خەونەکانی ئەو دەگێڕێتەوە. لە بەشی کۆتایی ڕۆمانەکەدا وێنەی یۆتۆپیایەک دەکێشێت کە تیایدا چیتر باسی هەژاریی نابیستین؛ ژنان و پیاوان یەکسانن؛ خەڵک دەتوانن خۆیان هەڵی بژێرن چ کارێک بکەن و چ پەیوەندییەکیان هەبێت. ئەم جۆرە ئایدیا و بیرۆکانە ئیلهامبەخشی هەزاران ژن و پیاو بوون.

وێڕای بەشاریبوون، پەیوەندییە سێکسوالییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات. فەزا یان پارە بۆ ئەوە بوونی نەبوو کە هاوشێوەگرتن و لەبەرگرتنەوەی هاوسەرەکان و مۆدێلەکانی خێزانی جووتیاریی لە شارەکاندا دووبارە ببنەوە.

گروپی "دونیای بچووکی هۆمۆسێکسوالەکان" – وەک سەب کولتوور

(کولتووری بچووک)ی هۆمۆسێکسوالی دەرکەوت. پیاوان دەچوونە پارکەکان و تەوالێتە گشتییەکان بۆ سێکسکردن. لەبەرانبەردا پیاوانی دەوڵەمەند لە گەرماوەکاندا پەیوەندیی سێکسیان لەگەڵ خزمەتکاران و نۆکەران و سەرباز و پیاوانی لەشفرۆشدا دروست دەکرد.

بۆ ژنانی لیزبیان (هاوڕەگەزباز) ژیان زۆر سەختتر بوو. ژنانی دەوڵەمەند هێندە کاتی بەتاڵیان هەبوو کە بەشداریی لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بازنە ئەدەبییەکان و گردبوونەوە باوەکاندا بۆ ژنانی هاوشێوەی خۆیاندا بکەن.

بەڵام ژیان بۆ ژنانی چینی کرێکار لەوەش قورستر بوو – قاحبەخانەکان تەنها شوێنێک بوون بۆ دیدار و بەیەکگەیشتنی "کۆشکی"یەکان یان "پشیلە نێرەکان" – ناوێک بە ژنانی هاوڕەگەزخوازی ژنانی چینی کرێکار دەدرا.

چینی کرێکار گەشەی کرد، ئەمەش شتێکی سەرەکیی و ڕەئیسیی بوو بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕ. ژنان زیاتر لەپێشوو ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕا. بۆ نموونە لە شۆڕشی 1905 کە شکستی لێکەوتەوە و هەروەها لە شۆڕشی 1917دا کە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و مانگی ئۆکتۆبەر پارتی بەلشەڤیی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

پیاوان و ژنان بەگوێرەی یاسا [لەشۆڕشی ئۆکتۆبەردا] یەکسان کران. جیابوونەوە (تەڵاق) بەگوێرەی خواست یەکسان کرا و دابینکرا؛ کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی کڵێسا لەسەر ڕەفتاری سێکسیی لابرا؛ لەباربردن بەیاسایی کرا. شۆڕش، ژیانی هۆمۆسێکسوالەکانی گۆڕی. هەموو گەڕانەوەکان بۆ ڕەفتارە سێکسییەکان لە مادەی قانوونی تاوان لە ساڵی 1922 لابران.

ئێستا تاوانێکی سێکسیی وەک کردەوەیەک لەقەڵەم دەدرا کە پێشێلی مافی تاکەکان بۆ "ژیان، تەندروستیی، ئزادیی و کەرامەت" دەکات.

پەیوەندییەکان بەگوێرەی ئایدیا تا ئێستا نەناسراوەکانی وەک ئازادیی و یەکسانیی کامڵ و هاوڕێیەتی ڕاستەقینە، دەستی بەگەشەکردن کرد.

ئەم ڕیفۆرمە یاساییانە ڕەنگدانەوەی وەرچەرخان و گۆڕانکانی ناو کۆمەڵگا بوون. ژنانی جوتیار گۆرانیگەلێکیان دەچڕی دەربارەی ئەوەی چۆنچۆنی ئەگەر هاوسەرەکانیان دەستیان بەڕوویاندا بەرز بکەنەوە، تەڵاقیان لێوەردەگرن. یەکێک لە دادگاکان مافی هاوسەرگریی دوو ژنی جێبەجێ کرد.

هەڵبەت هێشتا هەندێک بیروباوەڕ و ئایدیا و پراکتیک و کردەوەی توندڕەوانە مابوونەوە. بەقورسی دەکرێت بەسەر بیرکردنەوە ڕیشەدار و شکڵگرتووەکاندا زاڵ بین. بەڵام بەلشەڤییەکان هەوڵیاندا ئەم پێشکەوتنانە بەواقیعیی بکەن – بۆیە ژنان، هۆمۆسێکسوالەکان و کرێکاران لە پراکتیکدا ڕزگار بوون.

کەواتە بۆ نموونە، هۆڵەکانی نانخواردنی هاوبەش جێگیرکران – تاڕادەیەک بۆ دابینکردنی ئەوەی هەمووان خۆراکیان بەردەکەوێت و تاڕادەیەک بۆ ڕزگاربوونی ژنان لە کاری ماڵەوە. بەدرێژایی جەنگی ناوخۆیی، هەر منداڵێک لە پایتەخت خۆراکی خۆڕایی هەبوو و زۆرینەی بەساڵاچوانیش لە هۆڵە گشتییەکاندا نانیان دەخوارد.

سزای سەر لەشفرۆشەکان هەڵگیرا و حکومەت دەستیکرد بە هاوکاریکردنی سۆزانییەکان و گەیشتنیان بە پشتیوانییە پزیشکییەکان و پەروەردە و فێرکردنی خۆڕایی و پیشەی جۆراوجۆریان پێدرا.

دکتۆر گریگۆری باتکیس، سەرۆکی پەیمانگای مۆسکۆ بۆ تەندروستیی سێکسوالیی، سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنی نێردراوی سۆڤێت بۆ کۆنفرانسی "یەکێتیی جیهانیی ئزادادیی سێکسوالیی" (ساڵی 1923) بوو لە بەرلین.

لەوێ ئاراستەی کۆمەڵگای نوێی ڕوون کردەوە: "یاسادانەرانی سۆڤێت... بەموتڵەقی ڕایدەگەیەنن دەوڵەت و کۆمەڵگا مافی تەداخولیان لە کاروباری سێکسوالیدا نییە، نابێت دەستدرێژیی بکرێتە سەر بەرژەوەندییەکانی هیچ کەسێک... لەپەیوەندیدا

به هۆمۆسێکسوالەکان، سۆدۆمی (لەواتی) و فۆرمەکانی دیکەی تێربوون و چێژی سێکسیی، کە لە یاسا ئەوروپییەکاندا وەک کردەوەی دژە بەرژەوەندیی گشتیی و ئەخلاقی گشتیی لەقەڵەم دەدرێن، یاساکانی سۆڤێت وەک "تێکەڵبوونی سروشتیی" مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە بابەتانەدا دەکەن".

زۆرێک لە دەستکەوتەکانی شۆڕش هێشتا تا ئەمڕۆش لە زۆرێک لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا بەدینەهاتوون. لە بریتانیا نە لەباربردن بەگوێرەی خواست و داواکاریی بوونی هەیە و نە تەڵاق. هۆمۆسێکسوالیی 1967 نایاسایی بوو و تەنها لە ساڵی 1993دا لە لیستی نەخۆشییە دەروونییەکان دەرهێنرا. تا سەرەتای سەدەی بیست و یەک هێشتا یاساگەلێکی چەوسێنەرانەی زۆر دژی هۆمۆسێکسوالەکان

لە کتێبە وانەییە یاساییەکانی بریتانیادا مابوونەوە.

پێشکەوتنەکانی ڕووسیا بەهۆی بڕیار و قەرارەکانی بەلشەڤییەکانەوە نەبوو، بەڵکو دەرەنجامی شۆڕشێک بوو کە زۆرینەی نزیکی خەڵکی هێنایە ناو خەباەوە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی کۆمەڵگا لەلایەن خۆیانەوە. بەڵام پێشنەکەوتنی ئابووریی بەو مانایە بوو ڕسوویا هەژارترە لەوەی بتوانێت بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم خۆی بپارێزێت.

بەم هۆیەوەیە پشتپێبەستنی بەلشەڤییەکان بۆ فراوانکردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو زیاتر بوو. ئەمە گریمانەیەکی عەقڵانیی بوو. ساڵی 1919، جۆرج لوید، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا ڕایگەیاند "ڕۆحی شۆڕش هەموو

جەستەی ئەورووپای تەنیوە". بەداخەوە، بەڕادیکاڵبوونی ئەورووپا لەپێشڕەویکردن کەوت.

شۆڕشی سەرکەوتووی ڕووسیا ڕووبەڕووی ساڵانێک جەنگی وێرانکەر دژی لایەنگرانی قەیسەر و سوپا دەرەکییەکان بووەوە کە بڕیاریاندابوو کۆمەڵگای نوێی سۆڤێت لەنێو بەرن. هەر ئەم مەسەلەیە بووە هۆی لەدەستچوونی گەلێک دەستکەوت. جەنگ، ملیۆنان منداڵی بێ ماڵ و لانە و حاڵ و چینی کرێکاری لەناو برد.

## وەستانی دەستکەوتەکان

بەلشەڤییەکان بژاردەیەکی دیکەیان نەبوو جگە لە هێنانەپێشەوەی "سیاسەتی نوێی ئابووریی" (نێپ) وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی

دەسەڵات تا کاتی شۆڕشی سۆسیالیستیی لە وڵاتێکی پێشکەوتووتردا بگات. ئەم سیاسەتە بەڕادەیەک سەرمایەداریی سەرلەنوێ دەهێنایەوە ناوەوە.

جووتیاران بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە پارەیان وەرگرت. بوونی ئابوونە سنووردارەکان بەم مانایە بوو کە هۆڵە هاوبەشەکانی خوانکردن، دادەخرێن، ڕێک بەو جۆرەی دایەنگاکان داخران. هەموو ئەمانە کارەکەیان بۆ ژنان قورستر کرد. وردە وردە لەشفرۆشی دەگەڕایەوە و هەڵدەکشا.

ڕێگا کۆنەکان وردە وردە گەڕانەوە. کێشەکە، لە هەژاریی و دواکەوتووییدا بوو. مادام خێزانە کۆمۆنییەکانی جووتیاران لەسەر پێکەوەیی هاوسەرەکان دامەزرابوو، زۆرێک لە

جووتیاران هەرگیز لە تەڵاق سوودمەند نەببوون.

بەلشەڤییەکان دەستیانکردبوو بە گەڕان بۆ ڕزگارکردنی ژنان و پیاوان لەکۆت و بەندەکانی خێزان. بەڵام بۆ زۆرێک، خێزان تەنها بژاردە بوو. دەوڵەت پارەیەکی ئەوتۆی بۆ گەرەنتیی ستانداردی ژیانێکی شایستە بۆ ژنان نەبوو.

لە هەلومەرجێکی ئاوای گۆشەگیریی و هەژاریدا بوو جۆزێف ستالین دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ئەو لە ساڵی 1917 کەسایەتییەکی بەڕادەیەک پەراوێزیی بوو، بەڵام نوێنەرایەتیی چینێکی تازە دەرکەوتووی دەکرد کە چارەسەری دواکەوتوویی ڕووسیای لە ناچارکردنی کرێکاران و جووتیاران لە کاری بەرهەمهێنەرانەتردا دەبینییەوە. بەمجۆرە

دەوڵەت بەشێوەیەکی بەرچاو کار و ژیانی خستە ژێر کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی خۆیەوە.

ڕێک وەک سەردەمی قەیسەر، ئەرکی سەرەکیی ژنێک لە بەرهەمهێنانەوە(ی نەوە)دا دەبینرا. ژنانێک بە حەوت منداڵەوە هاریکارییەکییان لەلایەن دەوڵەتەوە هەبوو و ئەوانەی خاوەنی یانزە منداڵ بوون، کەمێک پارەی زیاتریان وەردەگرت.

حکومەتی ستالینیستی، لەباربردنی قەدەغە کرد؛ تەڵاق قورسکرا. هۆمۆسێکسوالیی دووبارە وەک تاوان ناسێنرایەوە. پیاوانی هاوڕەگەزباز بەهەشت ساڵ زیندانی دەکران.

هۆمۆسێکسوالەکان دووبارە گەڕێنرانەوە ژوورە نهێنییەکانەوە. خۆکوژیی بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵکشانی بەخۆیەوە بینی. ساڵی

1934 زیندانیگەلێکی بەرفراوان لە مۆسکۆ و شارەکانی دیکە بوونی هەبوو.

گوتاری دژەهۆمۆسێکسوالی لە پروپاگەندەی سەردەمی جەنگی نێوان ڕووسیای ستالینیستیی و ئەڵمانیای نازیدا بەگەڕخرا. ستالین دەیگوت "هۆمۆسێکسوالیستە ڕیشەکێش بکە، فاشیزم لەبەین دەچێت"، لەکاتێکدا هیتلەر دەیگوت هۆمۆسێکسوالیتە "دارمانێکی کۆمۆنیستی"یە.

وێڕای ئەمە، خیانەتی ستالین لە سۆسیالیزم ناکرێت ئەو نەریتە شۆڕشگێڕییە لەناوبەرێت و نەیهێڵێت کە بەلشەڤییەکان باشترین نموونەی بوون. بۆ بەلشەڤییەکان، گەیشتن بە ڕزگاریی سێکسوالیی و خەبات بۆ دونیایەکی باشتر لەیەک جیانەکراوە بوو.

وەرگیـــراوە لە ڕۆژنـــامەی سۆسیالیســـت وۆرکە

16ی شوباتی 2010.

# حیکایەتی شۆڕشی شوبات

**کرێکارانی ڕووسیا لە ڕۆژی جیهانیی ژنان لە 1917دا مانیانگرت. ئەمە بووە هۆی کۆتاییهێنان بە قەیسەرییەت لە ڕووسیا**

**کەڤین مورفی**

[تێبینیی: کەڤین مورفی یەکێکە لە هاوڕێ سۆسیالیستەکانم، کە لە هەمانکاتیشدا

سەرپەرشتیاری پڕۆژەی ژاکۆبنی شۆڕشی ڕووسیایە لەیادەی سەد ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، داوای لێکردم بۆ وەرگێڕانی چەند وتارێک بۆ زمانی کوردیی کە لە پرۆژەکە و ئەرشیڤی مارکسیستەکان لە ئینتەرنێت و کتێبێکیشدا بەزمانە جیاوازەکان بڵاودەبێتەوە، دەقە کوردییەکانیش هاوپێچ بکرێن].

گرنگترین مانگرتن لە مێژووی جیهاندا بە ژنانی کرێکاری کارگەی ڕستن و چنین لە پترۆگراد لە ڕۆژی جیهانیی ژنان لە 1917 دەستیپێکرد (بەپێی تەقویمی کۆنی یولیان دەکاتە 23ی ئۆکتۆبەر). 13 سەعات کارکردن لە ڕۆژدا لەکاتێکدا منداڵان و هاوسەرەکانیان لە شوێنێکی دیکە بوون، ژنان ژیانێکی ناخۆش و کارەساتباریان هەبوو کە دەبوو

خێزانەکانیشـــیان بەڕێـــوەبەرن و بۆچەنـــدین سـەعات لە سـەرمای ژێـر سـفری سـەدییەوە لەڕیـزدا بمێنـنەوە بە ئومێـدی ئەوەی پـارچە نانێکیـــان دەســـتبکەوێت. هەروەک چـــۆن تسویۆشـی هاسیگاوا لە لێکۆڵینەوە گرنگەکەیدا لەسـەر شۆڕشـی شـوبات دەڵێـت: "بـۆ ئەوەی ژنــان کــردار بنــوێنن هــیچ پێویســتییەک بە پروپاگەندە و بانگەشە نەبوو".

قەیـرانە قـوڵە کۆمەڵایەتییەکـانی ڕووسـیا بەهـۆی شکسـتی ڕژێمـی قەیسـەرییەوە بـووە هۆی بڕیاردان لەسەر چەند ڕیفۆرمێکی مانـادار و قەیرانەکانیش لە درزی قوڵی ئابووریی نێوان دەوڵەمەنـدان و کـۆی کۆمەڵگـای ڕووسـییەوە سـەرچاوەی دەگرت. ڕووسیا ڕووسیا لەلایەن ئۆتۆکراتەکـــانەوە بەڕێـــوە دەبـــرا، قەیســـەر نیکۆلاســـی دووەم، چەنـــدین جـــار دۆمـــای

هەڵوەشاندبووەوە، پەیکەرەیەکی هەڵبژێردراوی بێ دەسەڵاتی بونیاد نابوو و کە لەلایەن یاساوە باڵادەستیی پیاوانی بەسەر موڵک وماڵەکاندا سەپاندبوو.

لەبەردەم دەروازەی جەنگدا، چالاکیی مانگرتن هاتەئارا کە لە شۆڕشی 1905 و کرێکاران بەرپایان کرد و بەربەستییان لەسەر شەقامەکانی پایتەختدا دروستکرد و ئەو شەقامانەیان داخست. جەنگ کۆتاییهاتنی بە قەیسەرییەت بۆ ماوەیەک دواخست، بەڵام شکستی میلیتاریی و لەدەستچوونی نزیکەی حەوت ملیۆن و سەدان زیانی گەورەی بێ پێشینە گەندەڵیی ڕژێمی بەڕادەیەک بۆ هەموو کونج و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگا بەدوای خۆیدا هێنا. بۆیە ئەمە لەدەستدانێکی گەورە بوو و قوڵ بوو کە سەرۆک وەزیرانی داهاتوو،

شازادە لیڤۆڤی بەرەو جۆرێک لە پیلانگێڕیی برد – ئەویش بەبێ ئەوەی هیچ کردارێکی هەبێت – کە بووە هۆی دەرکردنی قەیسەر و زیندانیکردنی لە تزارینا. ڕاسپۆتین، قەشەیەکی شارلاتان و سەرسەریی نفوزێکی زۆری لە دادگای قەیسەردا بەدەستهێنابوو، لە دیسەمبەری 1916 نەک لەلایەن ئەنارشیستەکانەوە، بەڵکو لەلایەن پاشایەتیخوازەکانەوە کوژرا.

لەبەرەی چەپدا، بەلشەڤییەکان ببوون بە هێزی گەورە و کاریگەر لە پانتاییەکی بەرفراوانتری شۆڕشگێڕانی پێشڕەوی گەورەترین شەپۆلی مانگرتنەکان لە مێژووی جیهاندا (بەشێکی سەرەکیی سۆسیالیستە میانڕەوەکانی لایەنگریی جەنگ خۆیان لەهەموو کردەیەکی مانگرتن پاراست).

قەیسەرییەت بۆ ساڵانێک جەنگا. سی مانگرتنی سیاسیی لە نیوەی دووەمی 1912 لە کێڵگەی ئاڵتوونی لینا قەتڵوعامی 270 کرێکاری لێکەوتەوە و ئەوان ئازایانە ڕووبەڕووی پۆلیسی نهێنیی قەیسەر (ئۆخرانا) بوونەوە و دەستگیرکران. لێکدابڕانی شۆڕشگێڕانی دەستگیرکراو لە 1915 و 1916 دەسەڵات و هێزی ڕێژەیی چەپی لە پیترۆگراد پیشاندەدا: بەلشەڤییەکان 734، ناحزبییەکان 553، ئێس ئارەکان 98، مەنشەڤییەکان 79، میژرایۆنستییەکان 51، ئەنارشیستەکان 39. لەگەڵ شەش سەد ئەندامانی بەلشەڤیی لە کارگەکانی کانزا، ئەندازیاریی و ڕستن و چنین لە ڤایبۆرگ، شارۆشکەیەک بوو کە زۆرینەی خەباتگێڕانی سەرتاسەری جەنگی لێکۆببووەوە.

لە 9ی کـــــــانوونی دووەمـــــــی 1917دا، دوانـــزەهەم ســـاڵیادی یەکشـــەممەی خوێنـــاویی قەتڵ و عامەکە کە لە شۆڕشی 1905دا ئەنجام درابـوو، زیـاتر لە 142000 کرێکار مانیـانگرت. کاتێـــک دۆمـــا لە 14ی شـــوبات کـــرایەوە، 84 هەزار کرێکاری دیـکە لەلایەن مەنشـەڤیکە پـرۆ جەنگەکانەوە ڕابەرایەتیی کران.

کەمبـــوونەوەی کەرەســـتەی خـــۆراک بـــووە هـــۆی ئەوەی حکـــومەت داوای کـــۆکردنەوەی دانەوێڵەی زیاتر بکات لە گوندەکاندا. بۆ نمـوونە نانەواییەکـــــانی پیترۆگـــــراد داخرابـــــوون و خســـتنەڕووی نـــان بـــۆ چەنـــدین حەفـــتە کەم بـــــــووەوە و ئەم قەیـــــــرانەش وردە وردە دەسەڵاتدارانی قەیسەرییەتی زیاتر بەرزکردەوە. ئۆخرانا (پۆلیسی نهێنیی قەیسـەرییەت) چەنـدین ڕاپۆرتیی نهێنیی دەربارەی پێکدادانەکانی نێوان

پــــۆلیس و ژنـــــانی کرێکـــــاری لە هێڵەکـــــانی ســـــــەرەگرتن بـــــۆ نـــــان لە پیترۆگـــــراد پێشکەشـــکردبوو. دایکـــان "ســـەیری منـــداڵانی نەخۆش و برسی و نیوەبرسیی خۆیان دەکەن و ئەمەش لەوانەیە بـووبێتە هـۆی ئەوەی ئەوان زیـاتر لەپیـاوان لە شـۆڕش نزیـک بـووبێتنەوە. میلیکـۆڤ ڕۆدیشـیڤ و هاوبەشـەکانی زیـاتر لەوان ترسناکترن".

لە 22ی شوباتدا، کایرۆڤی بەلشـەڤیی باسی لەوە کرد ژنانی ڤایبۆرگ کۆبـوونەتەوە و ژنـان حەزیـان لەوە نیـیە لەڕۆژی جیهـانیی ژنانـدا مـانبگرن و گـوێ لە "دەسـتوور و فەرمانەکـانی حزب" بگرن. ئەمە کـایرۆڤی زیـاد ئـازاردا — ئەو دواتر دەنووسێت "تورە و بێزار" بووە کە ژنانی بەلشـــەڤیی ڕێنماییەکـــانی حزبیـــان فەرامـــۆش

کردووە – بەڵام بۆ بەیانی دواتر لەپێنج میلی کارگەی چنین مانیانگرت.

بەشداریی ژنان لە نیڤا ثرێد میلزدا هاواریان لێبەرزبووەوە: "بەرەو شەقامەکان! بووەستن! ئەوە ئێمەین!" پاڵیان بەدەرگاکانەوە نا تا کردییانەوە و سەدان ژنانی کرێکاریی کارگەی کانزا و ئەندازیاریی ڕژانە شەقامەکانەوە. کارگەی ئەندازیاریی نۆبڵ ژنانی کرێکار دەستیانکرد بە دروستکردنی تۆپەڵە بەفر و دەیانگرتە جامخانەی کارگەکانەوە تا ئەوانی دیکەش و هاوسەرەکانیان پەیوەندییان پێوەبکەن "وەرنە دەرەوە! کار بووەستێنن!". هەروەها ژنان دەستیانکرد بە ڕێپێوان بەرەو کارگەی ئەریکسۆن، و لەوێ کایرۆڤ و بەلشەڤیکەکانی دیکە کۆبوونەوەیەکی بچووکیان لەگەڵ ئێس ئاڕی کارگەکان و مەنشەڤییەکان

ئەنجامــــدا و بەزۆریـــنەی دەنــگ بڕیاریانـــدا پەیوەندیی بە کرێکارانی دیکەوە بکەن.

پۆلیس ڕاپۆرتی لەسـەر کۆبوونەوەی ژنـان و کرێکـارانی گەنـج پێشکەشـکردووە کە داوای "نان" دەکەن و دەستیانکردووە بەگوتنی گەلێک گۆرانی شۆڕشگێڕانە. لەکاتی ڕێپێواندا ژنان ئاڵا و دروشمە سورەکانیان لە پیاوان وەرگرتووە و هـــاوار دەکەن: "ئەمە پشـــووی ئـــێمەیە. زۆر بەباشـی ئاڵاکـان بەرز بـکەنەوە". لەسـەر پـردی لیتیـانی، وێـڕای دروشـــم و چـــوونە پێشـــەوە بەردەوامەکـــانی خۆپیشـــاندەرانەوە پـــۆلیس دەســـتیکرد بەڕێگریکـــردن لێیـــان بـــۆ ئەوەی مـــانگرتنەکە نەگـــاتە ناوەڕاســـتی شـــارەوە. لە درەنگـــانی دوانیـــوەڕۆدا ســـەدان کرێکـــار دەســـتیانکرد بە تێکشـــکاندنی بەربەســـتەکە و لەلایەن پۆلیسیشـەوە هێرشـیان کرایە سـەر. لە

ناوەڕاستدا "بەشێوەیەکی دیار هەزار کەس لە ژنان و گەنجان" دەستیانگەیشت بە نێڤسکی [شەقامی سەرەکیی پیترۆگراد-وەرگێڕ] بەڵام پەرتەوازە ببوون. ئۆخرانا لەڕاپۆرتەکانیدا دەڵێت خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان وروژێنەر و جوڵێنەرانەن کە بووە هۆی ئەوەی "پێویستیی بڵاوکردنەوەی یەکینەکانی پۆلیس لە هەموو شوێنێکدا بهێنێتە پێشەوە".

شەست هەزار مانگرتووی 78 هەزار مانگرتووەکە لە شارۆچکەی ڤایبۆرگەوە بوو. ئەگەرچی دروشمگەلێک دژی جەنگ و دژی قەیسەر دەرکەوتبوون، بەڵام دیارترین خواست بۆ نان بوو. لەڕاستیدا دەسەڵاتدارانی قەیسەرییەت وابیریان دەکردەوە کە ئەم یاخیبوونە تەنها بۆ نانە، بەڵام ئەم بیرکردنەوە زۆر درەنگ بوو و ئاگادارکردنەوەیەکیش بوو

بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران لەلایەن سوپای قۆزاقەوە. ئەو شەوە، بەلشەڤیکەکانی ڤایبۆرگ کۆبوونەوە و دەنگیاندا بۆ ڕێکخستنی مانگرتنی سەرتاسەریی سێ ڕۆژە لەگەڵ ڕێپێوان بۆ شەقامی نێڤسکی.

ڕۆژی دواتر، بزووتنەوەی مانگرتن بەرزبووەوە بۆ دووبەرابەر بۆ 158 هەزار کەس، ئەمە دروستکردنی گەورەترین مانگرتنی سیاسیی بوو دژی شەڕ. حەفتا و پێنج هەزار کرێکارانی ڤایبۆرگ مانیانگرت، بیست هەزاریان لە شارەکانی پیترۆگراد، راسیلیڤسکی و مۆسکۆ، و نۆ هەزاریشیان لە نارڤاوە بوون. جەنگاوەرانی گەنجانی کرێکاری سەر شەقام دەستیانکرد بە پێشڕەویی و ڕووبەڕووبوونەوەی پۆلیس و سوپا لەسەر

پردەکـان و شـەقامی نێڤسـکیان لە ناوەڕاسـتی شاردا کۆنترۆڵ کرد.

لە کارگەی ئازیاڤ، قسەکەرانی مەنشـەڤی و ئێس ئارەکان باسی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت دەکەن و لەگەڵ کرێکارانـدا بەتونـدی باسـی کـردەوەی نابەرپرسـانەی کـارگە دەکەن و داوا لەکرێکاران کرا ڕێپێوان بەرەو کۆشکی تراویدە، کە لەوێ ئەندامانی دۆما بەبەردەوامی خەریکی قەنـاعەتپێکردنی قەیسـەرییەت بـوون تـا سـازش بکـات. بەلشـەڤییەکان لە ئەریکسـۆندا داوای لە کرێکاران کردبوو ڕێپێوان بەرەو ناوچەی قازان بکەن و خۆیان بە چەقۆ، ئامرازی ڕەق و تۆپەڵە بەفـر چەکـدار بـکەن بـۆ جەنـگ و ڕووبەرووبـوونەوەی بەردەمییـان لەگەڵ پۆلیسدا.

جەماوەرێکی 40 هەزار کەسی خۆپیشاندەر دژی پۆلیس و سەربازان لەسەر پردی لیتیانیدا جەنگـــان، بەڵام لەوێ بەریـــان پێگیـــرا. 2500 کرێکـــاری کـــارگەی ئەریکســـۆن ڕووبەڕووی قۆزاقەکان بووەوە لە ناوچەی سامپسۆنیڤسکی. ئەفسەران هێرشیان دەکردە سەر قەرەباڵغیی و کۆبـــوونەوەکە، بەڵام قۆزاقەکـــان بەوریـــاییەوە جـــــــولانەوە و بـــــــۆیە ڕاڕەوەکە لەلایەن ئەفســـەرەکانەوە کـــرایەوە. کـــایرۆڤ دەڵێـــت "هەنـــدێکیان پێکەنـــین. تەنـــانەت یەکێکیـــان بەچـــاوێکی کـــراوە و خۆشـــەوە لە کرێکـــارانی دەڕوانـــی". لە هەنـــدێک شـــوێندا پرۆســـەکەیان بەدەســـتەوە گرتبـــوو: "ئـــێمە هاوســـەر، بـــاوک و برامـــان لە بەرەکـــان هەیە. ئێـــوەش دایـــک، هاوسەر، خوشک و منداڵتان هەیە. ئێمە داوای نان و کۆتاییهێنان بەجەنگ دەکەین".

خۆپیشاندەران هەرگیز هەوڵیان نەدا خۆیان بکەنە هاوڕێی توڕەیی و ڕقی پۆلیس. لە شەقامەکاندا لاوان سەیارەکانیان ڕادەگرت، گۆرانی شۆڕشگێڕانەیان دەگوت، تۆپەڵە بەفریان دەگرتە پۆلیس. پاشان هەزاران کرێکاران ڕێگاکەیان کردەوە، جەنگ و ململانێیەکی قورس لەنێوان خۆپیشاندەران و پۆلیسدا ڕوویدا بۆ کۆنترۆڵکردنی شەقامی نێڤسکی. لەهەمانکاتدا، کرێکاران سەرکەوتووبوون لە کۆبوونەوەی دووبارە لە بەرە شۆڕشگێڕییە نەریتییەکانی کازان و پەیکەری ئەلێکساندەری سێیەم لە ناوچەی زنامینسکایا لابەرن. خواستەکان ببوونە خواستی سیاسیی واتا تەنها لەقسەکردندا بۆ خواستی نان نەمابووەوە، بەڵکو قسە دژی جەنگ و ئۆتۆکراسیی (ملهوڕیی قەیسەر) دەکرا.

لە ڕۆژی بیست و پێنجەمدا، مانگرتن بوو بە مـــانگرتنی گشـــتیی، لەســـەرووی 240 هەزار کرێکـــاری کارگەکـــان لەلایەن فەرمـــانگەی کرێکاران، مامۆستایان، نووسەران، کارگوزاران، خوێنــدکارانی زانکــۆ و تەنــانەت خوێنــدکارانی ئامادەییەکانیشەوە پەیوەندییان پێوەکرا. سـایەق تەکسـییەکان پەیمانیانـدا کە تەنهـا سـایەقیی بـۆ "ڕابەران"ی ڕاپەڕینەکە دەکەن.

دووبارە کرێکاران لە کارگەکانیان ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخستەوە. لە کۆبوونەوەی کارگەی پڕ لە زەبـــر و زەنگـــی پارڤیـــانین لە ڤـــایبۆرگ، بەلشـــەڤییەکان، مەنشـــەڤییەکان و قســـەکەرانی ئێس ئاڕەکان داوایان لە کرێکاران کرد ڕێپێوان بەرەو مەیـــدانی نێڤســـکی بـــکەن. یەکێـــک لە قســـەکەران بەم ڕســـتە شـــیعرییە شۆڕشـــگێڕییە کۆتایی بە قسەکانی هێنا: "کۆتایی، جیهانێکی بێ

کەڵک، ڕۆتین و گەندەڵیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە. ڕووسیای لاو لەسەر ڕێگای ڕێپێوانێک وەستاوە!".

خۆپیشاندەران ڕووبەڕووی حەڤدە بەرکەوتنی توندوتیژئامێز بوونەوە لەگەڵ پۆلیس و سەربازان و کرێکاران دەستیانکرد بە ئازادکردنی هاوڕێ زیندانیکراو و دەستبەسەرکراوەکانیان لەلایەن پۆلیسەوە. یاخیبووان دەست لەناودەست دەچوونە پێشەوە، هێزەکانی قەیسەرییەت لەسەر زۆربەی پردەکاندا تووشی تاقەتپڕوکێن هاتبوون یان ڕێگاکەیان دەکردەوە بۆ ناوەڕاستی شار. کۆنترۆڵکردنی شەقامی نێڤسکی، خۆپیشاندەرانی یەکخست لە ناوچەی زنامینسکایا. پۆلیس و قۆزاقەکان دووبارە چەند لێدانێکیان بەئاراستەی کۆبوونەوەکاندا بەڕێکرد،

بەڵام ئەو کـاتەی سـەرۆکی پـۆلیس ناچـاربوو پاشەکشـە بکـات – ئەویـش بەهـۆی شمشـێری قـۆزاقییەوە. ژنـانی کرێکـار دووبـارە ڕۆڵێکـی سـەرەکییان گێڕایەوە: "سـەرەنێزەکانتان دابنـێن، وەرنە ناومانەوە".

لە ئێـــــوارەدا، بەرەی ڤـــــایبۆرگ لەلایەن یاخیبووانەوە کۆنترۆڵکرا. خۆپیشـاندەران بەرەو وێستگەکانی پۆلیس ڕۆیشتن و دەستیان بەسەر هەمـوو دەمـانچە و شمشـێرەکانی سـەربازانی قەیسـەردا گـرت و پۆلیسـی ئەمنیـی (ژانـدارم) و پۆلیس ڕایانکرد.

ڕاپەڕیـن و یـاخیبوون قەیســەر نیکۆلاســی دووەمی خستە بەردەم فشارێکی قورسەوە. ئەو گوتی "من فەرمان دەکەم هەر سبەی نارێکیی و پشێویی لە پایتەختدا کۆتایی پێبهێنن". و فەرمان بە فەرماندەی پیترۆگراد، خابالۆڤ کـرا ئـارامیی

بگەڕێنێتەوە و کۆبوونەوەکان پەرتەوازە بکات. خابالۆڤ ڕاڕابوو ("چۆن لەڕۆژی دواتردا ئەوان بووەستێنین؟")، بەڵام ڕاستەوخۆ بەرپرسیاریێتییەکەی قبوڵ کرد. لە هۆڵی شارەوانییدا گوتی: "دوعا دەکەین و هیواداریین سەرکەوتوو بین". لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتردا، ڕایانگەیاند کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان قەدەغەکراون و ئەگەر کۆتایی پێنەهێنن ڕووبەڕووی هێزی سوپا دەبنەوە.

لە بەرەبەیانی یەکشەممەی 26ی مانگدا، پۆلیس دەستیکرد بە دەستگیرکردنی ئەندامانی سەرەکیی و ناوکی کۆمیتەی بەلشەڤیی پیترۆگراد و سۆسیالیستەکانی دیکە. کارگەکان داخران، پردەکان هەڵگیران، و ناوەڕاستی شاریش کرا بە کەمپێکی سەربازیی. خابالۆڤ لەشەقامی سەرەکییەوە تەلەگرافی دەکرد کە "لە

بەرەبەیانی زووەوە شار ئارام بووەتەوە". دوای کەمێک هەزاران کرێکار ڕێگاکەیان کردەوە و لە شەقامی نێڤسکی دەرکەوتنەوە و دەستیانکرد بە گوتنی گۆرانی شۆڕشگێڕانە و دروشمگەلێکیان دەگـــوتنەوە، بەڵام ســـەربازان بەشـــێوەیەکی سیستەماتیک تەقەیان لێدەکردن.

بەشــەکانی گروپــی ڤۆلینســکی لە نــاوچەی زنامینســکایا بــوو بە ئەرکێکــی ســەرەکیی بــۆ کۆتاییهێنان و بەرگرتن لە خۆپیشـاندان. هەمـوو ســوارەکان دەســتیانکرد بە هێرشــکردنە ســەر کۆبوونەوە گشتییەکان، بەڵام شکستیان هێنـا لە پەرتەوازەکردنیــان. پاشــان فەرمانــدە فەرمــانی بەســەر هێـزی ســوپادا کـرد تەقەیــان لێـبکەن. ئەگەرچــی هەنــدێک لە ســەربازان تەقەیــان لە خۆپیشــاندەران کـرد، پەنجـاوپێنج خۆپیشــاندەر کــوژران لە نزیکــی زنامینســکایا و هەنــدێک لە

کرێکـاران لەماڵەکانیانـدا خۆیـان شـاردەوە و پەنایـــان بـــردە بەر کافتریاکـــان. زۆربەی کـــــوژراوان لەلایەن هێـــزی وەفـــاداریی پاشـایەتییەوە بوون بە بەکارهێنانی ئەفسەرانی پلەبالا.

وێـڕای ئەمە، هێشـتا ئەم هێرشـە خوێنـاوییە یاخیبوونی خامۆش نەکردەوە.

ڕاپــۆرتێکی پــۆلیس باســی ئەوە دەکـــات ڕاپەڕیـــوان گەیشـــتووەتە ئاســـتێکی بەرزی سەرسوڕهێنەری فیداکاریی:

"لەم قۆنـــاغەی نارێکییەکانـــدا ئەمە وەک دیـاردەیەکی گشـتیی دەبینـرا، کە کاتێـک لەلایەن هێـزی سـەربازییەوە هەڕەشـەی بڵاوکردنیان لێکرا، سەرسـەریانی یاخیبوو زیـاتر تـووڕە بـوون و دەسـتیانکرد بە هەڵکۆڵینی شەقامەکان و بەرد و فانۆسیان

لەسەر شەقامەکان دەگرتە هێزەکان. کاتێک کۆمەڵێک تەقە بە ئاسماندا کرا، نەک تەنها خۆپیشــاندان و کۆبوونەوەکــان بڵاوەیــان نەکرد، بەڵکو وەڵامێکی جەرگبڕیان دایەوە و دەســتیانکرد بە تــۆپ و بەرد تێگــرتن بە پێکەنینەوە. تەنها ئەو کاتەی ڕاستەخۆ تەقە بـــــۆ ناوەڕاســــــتی خۆپیشـــــــاندان و کۆبوونەوەکان بکرابایە، ئەگەر و گریمانەی ئەوە هەبـــوو بەشـــداریکەران پەرتەوازە بکــات... لە حەوشــەی مــاڵە دراوســێکان خۆیــان دەشــاردەوە، هەرکە تەقەکــردن دەوەســتا، خێــرا خۆیــان بەشــەقامەکاندا دەکردەوە".

کرێکاران دووبارە بە سەربازانیان دەگوت چەکەکانیان دابنێن، هەوڵی گفتوگۆیان دەدا کە بردنەپێشەوەی خەبات لەبەرژەوەندیی دڵەکانی زۆرێک لە سەربازانیشــە. هەروەک ترۆتسکی

باسی دەکات، پەیوەندیی "نێوان ژنان و پیاوانی کرێکـــار و ســـەربازان، لەژێـــر تـــاق و تروقـــی گولەبـــاران و ئـــامێر و چەکـــدا، چارەنووســـی حکومەت، جەنگ و وڵاتی دیاریکرد".

لە ئێوارەی 26ی مانگدا، ڕابەرانی بەلشەڤیی ڤاییبۆرگ کۆبوونەوەیان لە باخێکی سەوزەوات لە دەوروبەری شـــاردا ئەنجامـــدا. زۆرێـــک لە پێشنیارەکان باسی ئەوەی دەکرد کاتی بانگەواز بۆ شۆڕش تەنها دەبێت بە دەنگی گشتیی بێت. ئەوەی لەهەمووان زیاتر هاتوهاواری نابووەوە بۆ بەردەوامیدان بە جەنگ، پاشان ئاشکرا بوو یەکێـــک بـــوو لە بەکرێگیـــراوان و ســـیخوڕانی ئۆخرانا (پۆلیسی نهێنیی قەیسەر). لەڕوانگەی سوپاوە دەبوو شۆڕش لەدوای 26ی مانگەوە ڕووبدات. بەڵام پۆلیس ناتوانێت بەر بە ڕاپەڕین بگرێت بەبێ پشتیوانیی هەزاران سەرباز.

کرێکـاران لە ئێـوارەی پێشـوودا خۆیـان لە سـەربازخانەی پاڤلۆڤسـکی نزیـک کردبـووەوە: "هاوڕێیان پێتان دەگوترێت کە پاڤلۆڤسکی، تەقە لە ئـێمە دەکـات – ئـێمە سـەبازانمان لە یونیفۆرمی ئێوەدا لە شـەقامی نێڤسکی بینیوە". سەربازان "هەموویان ترساو و بێڕەنگ ببون". داوایەکـی دیـکەی هاوشـێوە لە سەرتاسـەری سـەربازخانەکەدا بەرز بـووەوە. لە ئێـوارەدا، سـەربازانی پاڤلۆڤسـکی بـوونە یەکەم ئەو کەسـانەی پەیوەنـدییان بە ڕاپەڕیـوانەوە کـرد (ئەگەرچی، ئەمە جیابوونەوەی تێکەوت و ئەوان گەڕانەوە بۆ سەربازگەی خۆیان و سیٚ لەسـەر نۆیان بەخێرایی دەستگیرکران).

لە بەرەبەیانی 27ی مانگدا، شۆڕش گەیشتە یەکیـنە سـەربازییەکانی ڤۆلینسـکی، واتـا ئەو هێـزەی لەنـاوچەی زنامینسـکایا تەقەیـان لە

خۆپیشاندەران کردبوو. چوار سەد یاخیبوو بە ئەفسەرەکانی خۆیان دەگوت: "ئێمە چیتر نامانەوێت تەقەمان لێبکرێت و هەروەها چیتر نامانەوێت خوێنی براماکانمان بەبێ هۆ بڕژێت". کاتێک یەکێک لە ئەفسەرانی قەیسەر فەرمانی قەیسەری بۆ کۆتاییهێنان بەیاخیبوون خوێندەوە و هەر لەو کاتەشدا یەک دوو تەقەی کرد. دواتر سەربازانی دیکەی ڤۆلنسکی چوونە ناو ڕاپەڕینەکەوە و بەرەو سەربازگەی نزیکی پریۆبراژینسکی و لیتوانیی ڕۆیشتن، کە ئەوانیش یاخی ببوون.

بەشداربوویەک دواتر دیمەنەکە بەمجۆرە دەگێڕێتەوە: "سەیارەیەکی سەربازیی بە سەربازێکەوە، تفەنگێکی بەدەستەوە بوو، ببوو بە بەشێک لە کۆبوونەوە و ڕاپەڕینەکە و بەرەو ناوی سامپسۆنیڤسکی گلۆر دەبووەوە.

ئاڵاسوورەکان بەزۆر چەکبەدەستەکانیان ناچار دەکــرد بــڕۆنە لاوە و هەنــدێکجار خۆشــیان دەشـاردەوە و نەدەبینـران... هەواڵ گەیشـت کە هێزێک یاخیبووە: "لەلایەن ژەنەڕاڵ کوتیپۆڤەوە فەرمانـدەیی هێزێـک کـرا بـۆ سـزادانی هێـزە یاخیبووەکـان و تەقەکـردن لە خۆپیشـاندەران بەڵام لەماوەیەکی کەم و لە ئێوارەدا هێزەکە و سـەیارە جەنگییەکانیـان شکسـتیان هێنـا، پاشـان کوتیپــۆڤ دەنووســێت: "بەشــێکی گەورەی هێزەکەم چووبووە ناو خۆپیشاندەرانەوە".

لەبەیانیــــــدا، ژەنەڕاڵ خابــــــالۆڤ بە یەکینەکــانییەوە بەنــاو شــاردا ســوڕایەوە و هەڕەشـەی مەرگی لە سـەربازان دەکـرد ئەگەر بێتوو یاخی ببن. لە ئێوارەدا، ژەنەڕاڵ ئیڤانۆڤ، کە بە هێزەکــانییەوە پشــتیوانیی لە هێــزی پاشـایەتیی قەیســەر دەکـرد، تەلەگرافێکـی بـۆ

خابالۆڤ کرد لەسەر هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە.

**ئیڤانۆڤ: لە چ بەشێکی شاردا فەرمان جێبەجێدەکرێت؟**

**خابالۆڤ: لەڕاستیدا هەموو شار کەوتۆتە دەستی شۆڕشگێڕانەوە.**

**ئیڤانۆڤ: ئایا هەموو وەزارەتەکان کاروبارەکان بەشێوەیەکی دروست ئەنجام دەدەن؟**

**خابالۆڤ: زۆرێک لە وەزیرەکانیش لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە دەستگیرکراون.**

**ئیڤـانۆڤ: لەئێسـتادا چ هێزێکـی پۆلیس لەبەردەستی تۆدایە؟**

**خابالۆڤ: لەڕاستیدا هیچ.**

**ئیڤانۆڤ: چ تەکنیکێک و ئامرازێکی بەشـی جەنگیـی ئێسـتا لەبەردەسـتی تۆدایە بۆ کۆنترۆڵکردنەوە.؟**

**خابالۆڤ: هیچ شتێکم لەبەردەستدا نییە.**

ژەنەڕاڵ ئیڤـانۆڤ بە ئاگـاداربوون لەم بـارودۆخە بڕیـاری پاشەکشـەی دا. قۆنـاغی میلیتاریی شۆڕش تەواو ببوو.

پارادۆکسی شۆڕشی شوبات ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەوەی کۆتایی بە قەیسەرییەت هێنابوو،

بەڵام ئەم شۆڕشە حکومەتێکی ناهەڵبژێردراوی لیبراڵەکانی کردە جێگرەوە هەر ئەو کەسانەی بەتەواوی لە شـــۆڕش ترســـابوون، بەتەواوی گەیشــتنە دەســەڵات [بەهــۆی شۆڕشــەوە]. لە 27ی شـــوباتدا، "ئەوان بیســـتبوویان... ئیتــر ڕوویداوە یان لەڕاستیدا دەربڕین و نیشاندانی ســەلامەتیی خۆیــان لەتــرس ڕزگــار بــکەن"، یاریـدەدەری لیبراڵـی دۆمـا، وەهـای نووسـیوە. ئەمە پـوختەیەکی خـۆش بـوو، بەڵام ناڕاسـت، هەواڵ گەیشـــت کە "بەزوویـــی نائارامییەکـــان دادەمرکێنەوە". چاودێرێکی دیکە ئاماژەی بەوە کردووە "کە ئەوان ترسابوون، ئەوان دەلەرزین، ئەوان هەسـتەکانی خۆیـان خسـتبووە دەسـتی کۆمەڵە ڕەگەزێکی دژبەر و دوژمنی ڕێگایەکی نەناسراوەوە".

لەســـــەروەختی شۆڕشــــدا "هەڵوێســــتی بــۆرژوازیی تەواو ڕوون بــوو: هەڵوێســتییان لەلایەکەوە دەستبەسـەرداگرتنی شـۆڕش بـوو و خیـانەتکردن بـوو لێـی بۆ قەیسـەر و لەلایەکـی دیـــکەوە ســـوودوەرگرتن بـــوو لە دەرفەتەکە تـــابگەن بە ئامانجەکـــانی خۆیـــان". ئەمەش پەیوەنـــدیی هەبـــوو بە هەڵســـەنگاندنەکانی سـۆخانۆڤەوە، ڕابەری شـورای پیترۆگـراد، کە سیمپاتی و هاوسۆزیی بۆ مەنشەڤییەکان هەبوو و ڕۆڵێکـی یەکـاڵاکەرەوەی گێـڕا تـا دەسـەڵات لەدەسـتەکانیدا لەبەرژەوەنـدیی لیبڕاڵەکـان چـڕ بکاتەوە.

ئەو یـــــــارمەتییەکی زۆری زۆریـــــــنەی سۆسیالیســـتە میانڕەوەکـــانی دا. ســـکۆبیلۆڤی ســـــەرکردەی مەنشـــەڤیی نزیـــک بـــوو لە ڕۆدژیـانکۆی سـەرۆکی دۆمـای چـوارەم، بـۆ

پاراســـتن و بەدەســـتەوەگرتنی ژوورێـــک لە کۆشـکی تاوریـدی. ئامـانجی ئەو ڕێکخسـتنی شوورای کرێکاران بوو تا پەیڕەوی لە فەرمانە سەرەکییەکانی جێگر[ی دۆما] بکەن. کێرنسکی ترسی لە ئارامکردنەوەی ڕۆدزیانکۆ هەبوو کە لەوانەیە شـورا مەترسـیدار بێـت، و پێیگـوت: "پێویســـتە چەنـــد کەســـێکی کرێکـــاران دەستگیربکرێن".

بەپێچەوانەی شوورای کرێکارانی 1905 کە وەک ئامرازێکی خەباتی چینایەتیی دەرکەوتن، شـورا لە 27ی شـوباتدا واتـا دوای شۆڕشـەکە دامەزرا و لەلایەن ژمـــارەیەکی ئەنـــدامانەوە ڕابەرایەتیـی دەکـرا کە بەگشـتیی کـۆمیتەی جێبەجێکار بوو و پێکهاتبوون لە ڕۆشنبیرانێکی تایبەتمەند کە هیچ بەشدارییەکی چالاکانەیان لە شۆڕشدا نەبوو.

لێرەدا چەند کەموکورتییەک دەبینرێت: نوێنەرایەتیی 150 هەزار سەرباز لە پیترۆگراد دروستکرا کە لەسەرووی نوێنەرانی شورای کرێکاران و سەربازانەوە بوو. زۆرینەیان پیاوان بوون، دەستەیەکیش لە ژنان هەڵبژێردران کە نزیکەی 1200 هەڵبژێردراو دەبوون کە بەداخەوە ڕێژەیەکی کەمی بێ کاریگەر بوون. تەنانەت شورا هیچ مشتومڕ و گفتوگۆیەکی لەسەر مافی ڕێپێوانی 19ی مانگ لەلایەن ژنانەوە بۆ خۆپیشاندان نەکرد، کە تیایدا 25 هەزار بەشداربوو، هەبوون، لەنێویاندا هەزاران ژنی چینی کرێکار ئامادە هەبوون.

شورای پیترۆگراد "دەستووری ژمارە 1"ی بەناوبانگی قبوڵ و پشتڕاست کردەوە کە دەسەڵاتی دەدا بە سەربازان بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەکانی خۆیان بۆ ئەوەی کار بە یەکەکانی

خۆیـــان بـــکەن و پەیـــڕەویش لە ئەفســـەران و ***حکومەتی کاتیی*** بکەن ئەویش ئەگەر دەستوور و بڕیارەکـــانی ئەم شـــورایە کـــاری پێنەکـــرا و کەموکـــورتیی هەبـــوو – بەڵام لەڕاســـتیدا ئەم دەســـتووورە بریتـــی بـــوو لە بەیاســـاییکردنی دەســـتێوەردانی خـــودی ســـەربازانی تونـــدڕەو لەکاروبارەکاندا.

بـــۆیە بەســـەر لیبراڵەکـــان و ئـــێس ئـــاڕە هاوپەیمانەکـــانی کێرنســـکیدا ئەم ســـۆڤێتانە ســـەپێنران. ڕۆدزیـــانکۆ دەڵێـــت "ئەگەر ئـــێمە دەســـەڵاتمان بەدەســتەوە نەگرتبـایە، ئەوانیـدیکە دەگەیشتنە دەسەڵات". لەبەر ئەوەی  "چەند لات و پوتێـــک لە کارگەکـــان هەڵبژێردرابـــوون". کێرنســـی نووســـیویەتی "چارمـــان نەبـــوو جـگە لەدامەزرانـــدنی حکـــومەتیی کـــاتی. شـــورا وەک دەســـەڵاتی بـــاڵای شـــۆڕش خـــۆی ڕاگەیانـــد".

بەهـۆی ئەم بەرنـامەیەوە، خـۆ-ناونـانی گـروپ وەک کۆمیتەی کاتیی بەڕێوەبردنی شـورا خۆی ڕاگەیاند. بەڵام ئەوان لەبەرنامەکانی خۆیان زۆر دڵنیـــا نەبـــوون؛ ئەوان لـــێگەڕان ڕابەرانـــی مەنشـــەڤییەکان و ئـێس ئارەکـان بەشـێوەیەکی زۆر ناشرین و قێزەون شوراکان بەکاربێنن.

سۆخانۆڤ دەنووسێت جەبری شۆڕش لای مەنشـــــەڤییەکان ئەوە بـــوو کە دەبێـــت "ئەو حکـومەتەی قەیســەرییەتی لابـردوو دەبێـت بە حەتمیـی بـۆرژوازیی بێـت. ئەمە کـۆی ماشـێنی دەوڵەتیـی بـوو... دەبـوو تەنهـا پەیڕەویـی لە میلیۆکۆڤ بکرێت".

دانوســــــتانەکانی نێـــــوان دەســـــــتەی سەرپەرشـــــتیاریی شـــــورا و ڕابەرانـــــی هەڵنەبژێـردراوی لیبڕاڵەکـان لە یەکـی مارسـدا ئەنجـام درا. "میلیۆکـۆڤ بەتەواوی تێگەیشـتبوو

لەوەی کە دەستەی سەرپەرشتیاری کۆمیتە دەبوو بە تەواوی پۆستەکان و دەسەڵات ڕادەستی حکومەتی بۆرژوازیی بکات"، بەڵام سۆخانۆف ئەوەشی دەخاتە سەر "پێشتر دەسەڵات بۆ جێگرەوەی قەیسەرییەت دیاریکراوە و تەنها و تەنها دەبێت بۆرژوازیی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت... ئێمە دەبێت پەیڕەوی لەم پرەنسیپە بکەین. ئەگەرنا ڕاپەڕین سەرکەوتوو نابێت و شۆڕش شکست دەهێنێت".

ڕابەرانی شورا دەیانویست تەنانەت لانیکەم بەرنامەی "سێ نەهەنگ" جێبەجێ بکەن کە هەموو گروپە شۆڕشگێڕییەکان (هەشت سەعات لە ڕۆژدا، دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان، و کۆماریی دیموکراتیی) قبوڵ بکەن ئەگەر بێتوو تەنها لیبراڵەکان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ئەم هەموو ترسەی لە

هەبـــــوونی ئەم ڕێســــایانەدا دەرکەوتبـــــوو، سەرسەختانە وای لە میلیۆکۆڤ کرد پێداگریی لەسەر دروستکردنی دوایین ڕێگا بۆ پاراستنی پاشایەتیی بکات.

بەشـێوەیەک کە مەحـاڵە بـاوەڕی پێبکەیـت، سۆسیالیســـتەکان شکســـتییان قبـــوڵ کـــرد و پەیڕەویـان لە میخـایلی بـرای قەیســەر کـرد بـۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی خۆی یاسـا و ڕێسـاکان بەدەســـتەوە بگرێـــت. بـــۆی دەرکەوت هـــیچ ســـەلامەتیی و ئەمنییەتێکـــی شەخســـیی نابێـت چونکە دۆکی گەورە بەتەواوی داڕماوە. هەمـوو ئەم دانوسـتانانە لەپشـتی پەردەوە ئەنجامـدران، بەڵـــــێ، لەدووری چـــــاوی کرێکـــــاران و سەربازانەوە.

سیســـــتەمی "دووانە دەســــــەڵات" کە لەم مشتومڕانەوە سـەریهەڵدا – شـورا لەلایەکەوە و

حکومەتی کاتیی ناهەڵبژێردراو لەلایەکی دیکەوە – بۆ هەشت مانگ درێژەی کێشە.

زیڤـــا گـــالیلی ئەم دانوســـتانانەی وەک "باشـــترین ســـەعاتەکانی مەنشـــەڤییەکان" وەسـفکردوو. ترۆتسـکی ئەمەی وە یـارییەکی دابەشکاریی نیوە بەنیوە لەقەڵەمداوە: "لەیەکەوە شۆڕشگێڕان داوایان لە لیبراڵەکان کرد شۆڕش بپارێزن؛ لەلاکەی دیکەوە لیبراڵەکان داوایان لە پاشایەتیی کرد لیبراڵیزم بپارێزن".

باشە کرێکاران و سەربازان ئازایانە جەنگان تا قەیسەرییەت لەناوبەرن بۆ ئەوەی دەسەڵات بـخەنە نـاو دەسـتی حکـومەتێکی تـازەوە کە نوێنەری خاوەنداریێتیی و پیاوانی خاوەن موڵک بێـت؟ لەلایەکەوە زۆریـنەی کرێکـاران هێشـتا لەدەرەوەی سیاسەتەکانی پارتە سۆسیالیستییە جۆراوجۆرەکـــان بـــوون. وێـــڕای ئەمە،

بەلشـــەڤییەکان خۆیـــان زۆر ڕوون نەبـــوون دەربارەی ئەوەی چۆن خەبات دەکەن و بۆچی، لەبەر ئەوەی هەنـدێکیان هێشـتا ڕۆڵـی ئەوەیـان دەگێڕا شۆڕش وەک بۆرژوا-دیموکراتیی دەرک بـکەن کە تیایـدا حکـومەتی شۆڕشـگێڕیی کـاتیی دەســەڵاتی بەدەســتەوە بێـت. ئەمە چ مانـایەکی هەبوو لە پراکتیکدا، بەتایبەت دوای دامەزراندنی حکومەتی کاتیی، دەرگا ئاوەڵا بوو بۆ تەفسـیرە جۆراوجۆر و جیاوازەکان.

ئەگەرچی خەبـاتگێڕە بەلشـەڤییەکان ڕۆڵێکـی ڕەخنەیـی و گرنگییـان لەسەرتاسـەری ڕۆژانـی شۆڕشـدا گێـڕا، بەڵام بەگشـتیی بەربەسـت بـۆ ڕابەرانیـان دروسـت دەکـرا. لە شـوباتدا ژنـانی کـارگەی ڕسـتن و چنـین مانیـانگرت لەودیـوی فەرمانەکـانی ڕابەرانــی حــزب ئەوانەی بیریـان

دەکردەوە کات "هێشتا نەگەیشتووە" بۆ کردەی خەباتگێڕیی.

ڕابەرایەتیی ئیدارەی بەلشەڤییەکان (شلیاپنیکۆڤ، مۆلۆتۆڤ و زالوتسکی) هێشتا بڕیاریان نەدابوو. تەنانەت دوای مانگرتنی 23ی شوبات، شلیاپنیکۆڤ دەیگوت هێشتا بانگەواز بۆ مانگرتنی گشتیی زووە. ئیدارە نەیتوانیی بەیاننامەیەک بۆ سوپا و ڕەتکردنەوەی خواستەکانی سوپای کرێکاران بۆ ئاوێتەکردنی جەنگەکان.

زۆرینەی دەستپێوەردانەکان لەلایەن کۆمیتەی شارۆچکەی ڤایبۆرگەوە بوو، کردەکە بووە ئەمری واقیع بۆ ڕابەرانی ڕێکخراوەی حزب لە شارەکەدا، یان بۆ ئەندامان – بەتایبەتی لە ڕۆژی یەکەمدا، ئەو کاتەی ژنان ڕابەرانی حزبیان فەرامۆشکردبوو و ڕۆڵێکی

یەکالاکەرەوەیـان لە بەرهەمهێنـانی تیشـکەکانی بزووتنەوەی مانگرتندا گێڕا.

بەدرێژایـــی ڕێپێـــوان، پەرتەوازەبـــوون و دابــڕان ســـەری لە بەلشـــەڤییەکان شـێواندبوو. کاتێک شورای پیترۆگراد دەسەڵاتی سیاسیی بە بـۆرژوازیی دا لە یەکـــی مـــارس، لەو دوانـــزە بەلشـەڤییەی کۆمیتەی جێبەجێکار یەک دانەیان نارەزایی دەرنەبڕی. کاتێک بەلشـەڤییە چەپەکان گوتیان دەبێت فۆرمی حکومەت شـورایی بێت، تەنها 19 دەنگی هێنا، زۆرینەی بەلشـەڤییەکان بەدژی دەنگیـان دا. لە پێنجی مـارس، کۆمیتەی پیترۆگـــرادی پشـــتیوانیی شـــورایی بـــانگی کرێکـارانی کـرد بگەڕێـنەوە سـەر کارەکانیـان، تەنـانەت هەشـت سـەعات کـارکردن لە ڕۆژدا، لەســـەرەکیترین خواســـتەکانی بـــزووتنەوەی

شۆڕشــگێڕبوو، تــازە بەتــازە خەریــک بــوو دادەمەزرا.

ئیدارەی حزب لەژێر دەسەڵاتی شلیاپنیکۆڤ گوازرایەوە بۆ نزیکی ڕادیکاڵەکان لە ڤایبۆرگ، هەر ئەو ئەکەسەی بانگەشەی بۆ بەڕێوەبردنی شورایی دەکرد. بەڵام کاتێک کامینڤ، ستالین و مورانـۆڤ لە دوورخـرانەوەی سـیبریا گەڕانەوە و دەســتیان بەســەر ئیـدارەی حزبـدا گـرت لە 12ی مـــارس، سیاســـەتەکانی حـــزب زۆر بەخێرایـی بەرەو ڕاسـتگەرایی وەرچەرخـان – لەپێنـــاوی نزیکبـــوونەوە لە مەنشـــەڤییەکان و ڕابەرانـــی ئـــێس ئارەکـــان و زۆرێـــک لە خەبـاتگێڕانی نـاو کارگەکـان تـووڕە بـوون، و هەندێکیشیان وازیان هێنا.

لینـین بەتەواوی تـوڕە ببـوو. لە 7ی مـارس، لە سویســراوە دەنووســێت "حکــومەتی نــوێ

***هەرلەپێشەوە*** کۆت و بەندکراوە و دەستی بەسەردا گیراوە و بووەتە ئامانجی سەرمایەی ئیمپریالیستیی، لەلایەن سیاسەتی ئیمپریالیستییەوە بۆ **جەنگ** ئامادە کراوە و بەزەبر تالانکراوە". بەپێچەوانەوە، کامینێ لە ***پراڤدا***، لە 15ی مارسدا دەنووسێت "خەڵک ئازاد بوون و بەشێوەیەکی پتەو و بەهێز لە پۆست و پێگەکیاندان و گولە بە گولە وەڵام دەدرێتەوە، تویکڵیش بە تویکڵ". لە کۆتایی مارسدا، ستالین باسی لە گرنگیی یەکگرتن لەگەڵ مەنشەڤییەکان کرد و گوتی حکومەتی کاتیی "ڕۆڵێکی بەهێز دەگێڕێت لە بالادەستکردنی شۆڕشدا".

لینین لە دەربڕینی نارەزایەتیی و نیگەرانیی خۆیدا بۆ وەرچەرخانیی ڕابەرایەتیی بەرەو ڕاستگەرایی، لە 30ی مارسدا، دەنووسێت کە بەباشی دەزانێت "بەخێرایی جیابوونەوە لە

حزبماندا ڕوودات، لەوانەیە هەندێک بچنە پاڵ سۆسیال-پلاتفۆرمیزمی کێرنسکی و هاوپەیمانانی". هیچ یاساناسێک پێویست نەبوو تا قسەکانی لینین ڕوون بکاتەوە [واتا مەسەلەکە ڕوون بوو]. "کامینێف دەبێت لەئاستی بەدیهێنانی بەرپرسیارێتیی مێژوویی-جیهانیدا بێت".

جەوهەری لینینیزم لە 1905دا جەختکردنەوەی گشتیی بوو لەسەر بێ ئینتیمایی و بێ متمانەیی لیبراڵیزم وەک هێزی دژەشۆڕشگێڕیی و ڕەخنەی لە سۆسیالیستەکانیش دەگرت کە بەو ئاراستەیەدا دەرکەوتوون. بەڵام فۆرمولەی لینین لە ساڵی 1905 بۆ حکومەتی کاتیی شۆڕشگێڕ هێشتا گواستنەوەی بوو بۆ دەرەوەی شۆڕشی بۆرژوازیی یان ئەوەی لەوکاتەدا پێیدەگوت

"ئایدیای پووچ و شێوە ئەنارشیستیی" ترۆتسکی بـۆ "شۆڕشـی سۆسیالیسـتیی". کەچـی ئێسـتا لینیـنش شـەخی خـۆی ڕۆیشـتووە بەرەو ئەم ئایدیا پووچە بۆ سۆسیالیزم کاتێک بەلشـەڤییە پیرەکـان بەشـێوەیەکی ناتێگەیشـتوویی [لەکـاتی گەڕانەوەیـــدا] دەڵـــێن بەرەو ترۆتســـکیزم ڕۆیشتووە[1].

دەســتەیەکی بچــووکتر لەچەنــد ڕێگــایەکی کودەتــاوە لە ســەرەتای مــارس دەســەڵاتیان بەدەســـتەوە گـــرت – گروپێکـــی بچـــووکی هەڵنەبژێـــردراو دەســـەڵاتییان بـــرد لەپێنـــاوی

[1] واتــا کاتێــک پــێش شۆڕشــی شــوبات و لەســەرەوەختی شوباتیشدا ترۆتسکی بانگەشەی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستیی دەکرد بەڵام ستالین و کـامینڤ و چەنـدانی دیـکەی نـاو بەلشـەڤییەکان و هەروەها مەنشەڤییەکان و ئێس ئاڕ و لیبراڵەکانیش دژی بوون، لە نیساندا لینینیش کە لەتێزەکانیدا ئەم قەناعەتە ڕادەگەیەنێت دەڵێن بووە بە ترۆتسکیست(وەرگێڕ)

ئامـــانجە چینایەتییەکانیانـــدا. دوو جیـــاوازی سـەرەکیی بوونیـــان هەیە. یەکێکیـــان حزبـــی جەمـاوەری کرێکـار بـوو کە ماندوونەناسـانە خەباتی بۆ بەرژەوەندییەکانی دەکرد. دووەمیان، شوراکان بوونیان هەبوو.

لەو کـــاتەدا شۆڕشـــی ڕووســـیا تەنهـــا دەستپێکردبوو.

# ترۆتسکی: له یاخیبوونەوە بۆ شۆڕش

لیـــۆن ترۆتســـکی؛ لەدایکبـــووی 1879 له ئیمپراتـــۆریی کـــاتیی ڕووســـیا، وڵاتێـــک لەژێـــر حاکمییەتی قەیسەردا، پاشایەتییەک به کۆنترۆڵی سیاسیی تەواوەوە. ڕووسیا وڵاتێکی دواکەوتوو بـوو. زۆربەی خەڵـکەکەی هێشـتا وەک جوتیـار لەسەر زەوی کاریان دەکرد. زۆرینەیـان زەویـی خۆیـــان نەبـــوو، له ئەنجامـــدا دەبـــوو چەنـــدین سەعات کار بکەن و قەرزە گەورەکانی خۆیـان بدەنەوە دەستی خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان.

تـــا کۆتاییەکـــانی ئەم ســـەدەیەی دواتـــر، پیشەســـازیی بەخێرایـــی ڕەوتـــی گەشـــەکردنی خۆی لە ڕووسیادا گرتەبەر. کارگە گەورەکان لە بنەڕەتدا بەتێچوونی کۆمپانیا دەرەکییەکان دەرکەوتن. زۆرێک لە خاوەنی کارگەکانیش دەرکەوتن – بەڵام تەنانەت ئەوانیش مافێکی سیاسیی کەمیان هەبوو: هەموو بڕیارەکان بەدەستی قەیسەر بوون. لەم میانەیەدا، ملیۆنان جووتیار بۆ گەیشتن بە پیشەیەکی سەقامگیر، ڕژانە نـــاو شـــارەکانەوە. وردە وردە چینـــی کرێکاری مۆدێرن دەرکەوت. ناچارکردن بەوەی ســـــــەعاتگەلێکی دوور و درێـــــــژ ئەوان لە هەلـــومەرجێکی ترســـناک و بە کرێـــی کەم کـــاربکەن، کە بەشـــێوازێکی تونـــدوتیژ ئەنجـــام دەدرا، بەخێرایی تووڕەیی لەناو کرێکاراندا بەرز دەکردەوە. ئەوان مەحکومبوون بە ڕاپەڕین... و لە ساڵانی دواتریشدا، ئەم کارەیان کرد.

یەکەم ئەزمـــــوونی چـــــالاکیی سیاســــیی ترۆتسـکی ئەو کـاتە بـوو کە ئەو لە قوتابخـانە بـــوو. یەکێــک لە مامۆســـتاکان بەردەوام بـــوو لەســـــــەر قســـــەکردنە ڕەگەزپەرســــــتی و ڕاسیســــــــتییەکانی و بەردەوام ڕەفتــــــــاری ســــــوکایەتییئامێز و هەڕەشـــــەئامێزی لەگەڵ جولەکەکـان و کاتۆلیکەکانـدا دەکـرد. ترۆتسکی، وەک بەڕەچەڵەک جـولەکەیەک کە هەڵـبەت هـیچ باوەڕێکی بەئایین نەبـوو، نـاڕەزایەتییەکی بەگەڕ خســـت. ئەو کـــارێکی کـــرد کە خوێنـــدکاران بووەســـتنەوە و مامۆســـتاکە ڕاگـرن. بەڵام زۆر زوو تێگەیشـت کـاردانەوەی ڕاسـتەوخۆ، گەلێـک مەترسیی بەدواوەیە: ئەو لە قوتابخانە دەرکرا.

بەڵام ترۆتســـــکی تەســـــلیم نەبـــــوو. وەک خوێنـدکار لە بزووتنەوەیەکـدا بەشـداریکرد کە دەیویسـت چینـی نـوێی کرێکـارانی پیشەسـازیی

ڕێکبخات. یەکێتیی کرێکارانی ڕووسیای باشوور، لە سەرەتادا سەرکەوتنێکی گەورە بوو – سەدان کرێکار بەدرێژایی چەند مانگی یەکەم پەیوەندییان پێوەکردن و دەستیانکرد بە مانگرتن دژی خاوەن کارگەکان. بەڵام بەزوویی پۆلیس ڕێکخەرانی دەستگیر کرد. ترۆتسکی گیرا.

هەر ئەم بابەتە بوو کە ترۆتسکی تێگەیشت پێویست بە لەناوبردنی کۆی سیستەمی خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان لەگەڵ پارێزەرە پۆلیسییەکانیان دەکات. ترۆتسکی لە زینداندا دەستیکرد بە موتاڵەعەکردنی بیروباوەڕ و ئایدیا کۆمۆنیستییەکانی کارڵ مارکس، و بۆ هەموو ژیانی، وەک ڕێنمایی و ڕێنیشاندەری بیروباوەڕەکانی و هەنگاوەکانی خۆی بەکاریهێنا.

## دوورخستنەوە

ترۆتسکی کە بەتەنهایی لە دوورخرانەوەدا لە سـیبریا دەژیـا، بەرەو خۆرئـاوا ڕایکـرد. پەیوەنـدیی بە مارکسیسـتە ڕووسـەکانەوە لە مەنفـادا کـرد کە سـەرقاڵی ڕێکخسـتنی پـارتێکی سیاسیی نوێی چینی کرێکار بـوون، واتـا: پـارتی کرێکـارانی سۆسـیال دیمـوکراتی ڕووسـیا. لە لەنـدەن پەیوەنـدیی بە دەسـتەی نووسـەرانی ڕۆژنـامەکەی لینیـنەوە "ئایسـکرا" کـرد کە خوازیـاری دەرچـوون لە خەباتەکـانی کرێکـاران لە خەبـات بۆ هەلـومەرجی کـاری باشـتر بەرەو لەناوبردنی شۆڕشگێڕیی خودی قەیسەر بوو.

ترۆتسـکی لە کـۆنگرەی کـۆنگرەی دووەمـی حـزب لە سـاڵی 1903 بەشـداربوو. ئەو پشتیوانیی لەو ئەرگومێنتە کرد کە دەڵێت حـزب دەبێت خەبـات بـۆ شـۆڕش و نەک باشـترکردنی

هەڵــــــومەرجەکە و کــــــرێ بکـــــات. وەک جــولەکەیەکیش دژی کەمپینــی "باوندیســتەکان" بوو؛ ئەو "باوندیست"انەی دەیانویست گروپێکی تـــاییبەتی نـــاو حـــزب ئەنجـــوومەنێکی تەواو سەربەخۆ بێت کە لەنێوان کرێکارانی جولەکەدا پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنیان دەکرد؛ ترۆتسکی بەپـێچەوانەوە بەرگریـی لەیەکێتیـی لەنـاوەوەی حزبێکدا کرد.

کاتێــک حـــزب لەنێـــوان بەرەی زۆریـــنە (بەلشەڤیکەکان) کە داوای گروپێکی یەکگرتوو و ڕێکیـــــان دەکـــــرد و بەرەی کەمیـــــنە (مەنشەڤیکەکان)دا دابەش بوو کە بەرگرییان لە پـارتێکی نەرمتـر و بـێ کـۆت و بەنـدتر دەکـرد، ترۆتسکی چووە بەرەی مەنشـەڤیکەکانەوە. ئەو شــتەی دواتــر خــۆی پێیگــوت یەکێـک لە هەڵە گەورەکانی.

بەزوویـــــــی پەیوەنـــــــدیی خـــــــۆی بە مەنشەڤیکەکانیشـــــەوە پچڕانـــــد. بەبـــــاوەڕی مەنشـــەڤیکەکان، لە شۆڕشـــی داهـــاتوودا دژی قەیسەر، دەبێت چینی کرێکار ڕێگا بدات چینی سـەرمایەدار ڕابەرایەتیی بەدەستەوە بگرێت و ڕووسیا بەرەو وڵاتێکی سەرمایەداریی مۆدێرن ببـــات. لینـــین، وەک ڕێـــبەری بەلشـــەڤیکەکان، پێیوابـوو سـەرمایەداران جێگـای متمـانە نـین و دەبێت چینی کرێکار سەیری هێزی خۆی بکات و لەگەڵ ملیۆنـــــان جووتیـــــاردا یەکێتیــــــی خەبـاتگێڕیی پێکبهێنێـت و ڕابەرایەتیـی شـۆڕش بکات.

## تەمرینی کۆتایی

ترۆتسکی هەنگاوێک زیاتر ڕۆیشت. ئەو پەرەی بە "تیۆریی شۆڕشی بەردەوام" دا. وەک لینین، ئەو پێیوابوو چینی سەرمایەداری ڕووسیا لەڕادەبەدەر لاوازە بۆ لەناوبردنی قەیسەر. کرێکارانی پیشەسازیی ناچار دەبن ڕابەرایەتیی جووتیاران بکەن و خۆیان کارەکە ئەنجام بدەن. بەڵام ئایدیاکەی ترۆتسکی ئەوە بوو کە کرێکاران بە هەنگاونان بۆ شۆڕش، دەبنە هێزێکی ڕابەری کۆی ڕووسیا و ناچار دەبن حکومەتی خۆیان پێکبهێنن. لەئەنجامدا چیتر مەسەلەی وەستان لە قۆناغی سەرمایەداریدا بوونی نابێت. دەبێت حکومەتی کرێکاری بەرەو هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریّتیی سەرمایەداران و دەستپێک و

سەرەتای بونیادنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستیی بچێتە پێشەوە.

لەو دەمەدا هیچ یەکێک لە سۆسیالیستە دیارەکانی ڕووسیا گومانی ئەوەیان نەدەکرد شتێکی وەها مومکین بێت. بەڵام ڕووداوەکانی دواتر دەریخت ترۆتسکی و تیۆریی شۆڕشی بەردەوام لەسەرحەق بوون.

ڕووسیا لە ساڵی 1905دا لەناکاو ڕۆچووە نێو شۆڕشەوە. سەربازان بەدەوری ڕێپێوانێکی جەماوەریدا ئاگریان کردەوە کە دەیانویست تۆماری نارەزایەتیی بگەیەننە قەیسەر و سەدان کەسیان لێکوژرا. ئەم کوشتارە – یەکشەممەی ڕەش – تیشکەکانی مانگرتنێکی گشتیی ڕۆشن کردەوە، بەجۆرێک کرێکاران لە سەرتاسەری ڕووسیادا ئامرازەکانی کارکردنیان خستە سەر زەوییەکە.

کرێکاران گەلێک ڕێکخراوی تازەیان بۆ بردنە پێشەوەی خەبات بەگەڕخست. ئەم شورا نوێنەرایەتییە هەڵبژێردراوانە – واتا "سۆڤێت"ـەکان – جۆرێکی نوێ و دیموکراتیتر بوون لەو ڕێکخراوانەی کە هەرگیز لە ڕابردوودا نەبینراوە. کرێکاران لە هەر کارگەیەک، فەرمانگە و ناحیەیەکدا نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژارد کە لە هەر کاتێکدا بەئاسانی دەکرا لاببرێن و هی دیکە هەڵببژێردرێن.

ترۆتسکی وەک نوێنەری سەرەکیی شورای پیترزبۆرگ، پایتەختی ڕووسیا، هەڵبژێردرا. ترۆتسکی، دەستیکرد بە ڕاگەیاندنی داواکاریی ڕۆژی کاری کورتتر، هەڵبژاردنی پەرلەمانیی و ئازادیی. دەیزانی بەدیهاتنی ئەم داواکارییانە، خەباتێکی قورسی دەوێت. ئەو بانگی شورای

کـرد بـۆ ڕێکخسـتنی ڕاپەڕینێکـی چەکـدارانە لەپێناوی لەناوبردنی قەیسەر.

ئەگەرچـی شۆڕشـی 1905 شکسـتی هێنـا، بەڵام ئەمە کۆتـایی حیکـایەتەکە نەبـوو. بەڵکـو تەمرینێکـی کۆتـایی گرنـگ بـوو بـۆ ڕووداوە گەورەترەکانی داهاتوو.

## جەنگی یەکەمی جیهان

لە ئـابی 1914، حـاکمییەتی سـەرمایەداریی ئەوروپـا، ملیۆنـان کەسـی لە گەنجـان بـۆ گیـان بەختکردن لە بەرەکانی خەباتی جەنگی یەکەمـی جیهـان نـارد. هەنـدێک لە "سۆسیالیست"ـەکانی وەک پـارتی کـاری بریتـانی و مەنشـەڤیکەکانی ڕووسـیا، بڕیـاری پشـتیوانیکردنیان لە "وڵاتـی خۆیـان" دا. ئەوانیـدیکەی وەک بەلشـەڤیکەکان

دەیـانبینی کە جەنـگ بڕیـارە کـۆنترۆڵی بەشــی گەورەی ســــــامانی جیهــــــان، ســـــــەرچاوە سروشــتییەکان و بازاڕەکــان بخــاتە دەســتی ملیۆنەرەکـــــــانەوە. ئەوان دەســــــــــتیانکرد بەدژایەتیکردنــی جەنــگ و هەرگیــز نەچــوونە بەرەی پاشـــــــایان، ســـــــەرۆککۆمارەکان و ژەنەڕاڵەکانەوە.

ترۆتسکی دژایەتیی جەنگی کرد و هێرشــی کردە سـەر ئەو کەسانەی پشتیوانیان لە جەنگ دەکرد و وەک خائینانی چینی کرێکار ناوزەدی کـــردن. تەنـــانەت ئەو کـــاتەی ژمـــارەی ئەو کەســـــانەی دژی جەنـــگ بـــوون لە ژمـــارەی پەنجەکــــانی دەســــت تێـــنەدەپەڕی، ئەو لە هەڵوێستی خۆیدا بە پایەداری و سەختگیرییەوە مایەوە. ئەم ئازایەتییە، دەرەنجامی بەداووە بوو. بەدرێژبــوونەوەی جەنــگ، ملیۆنــان کرێکــار و

جوتیار، هەژارتر و هەژارتر و شەکەت بوون. لەکۆتاییدا، ئەوان خۆیان لە وەستانەوەیاندا دژی هەڵگیرسێنەرانی جەنگ، کۆتاییان بەجەنگ هێنا.

## شۆڕش

کرێکارانی ڕووسیا ئەو کەسانە بوون کە ڕاپەڕین. لە شوباتی 1917، چەندین مانگرتن و یاخیبوون و ڕاپەڕینیان لە سان پیترزبۆرگ (کە پێشتر ناوەکەی گۆڕابوو بۆ "پیترۆگراد") و بەخێرایی دەستیان بۆ یاخیبوونێک برد کە قەیسەری ناچارکرد دەستلەکار بکێشێتەوە. شوراکان لەهەموو ڕووسیادا پەیدابوون. حکومەتێکی نوێ هاتەسەرکار کە فراکسیۆنێک بوو لە وەزیرەکانی سەرمایەداریی و نوێنەرانی

پارتەکـانی دیـکە، وەک مەنشـەڤیکەکان. ئەوان لەفـــز و دەســـــتەواژە شۆڕشـــگێڕییەکانیان بەکاردەهێنـا، کەچـی خۆیـان بەدووردەگـرت لە هێنـانەدەرەوەی ڕووسـیا لە جەنگی زلهێزەکـان، پێـــدانی زەوی بەو جووتیـــارانەی بەهـــۆی برسـێتییەوە لەسـەرەمەرگدا بـوون و سـپاردنی ئیدارەی کارگەکان بەخودی کرێکاران.

ترۆتسکی ئێستا دەیتوانی تیـۆریی "شۆڕشـی بەردەوام"ی خۆی لە پراکتیکدا تاقیبکـاتەوە. ئەو دەسـتیکرد بەدژایەتیکردنـی حکـومەتی نـوێ و ڕایگەیانـد دەبێـت شـوراکانی کرێکـاران خۆیـان دەســـەڵات بەدەســـتەوە بگـــرن و حکـــومەتێکی کرێکـــاریی دابمەزرێـــنن. لینینـــیش قســـەیەکی وەهای کرد و ترۆتسکی هەموو بەلشـەڤیکەکانی بە قبـوڵکردنی دروشـمی "هەمـوو دەسـەڵات بـۆ شـــوراکان" ڕازی کـــرد. ترۆتســـکی ئێســـتا

تێدەگەیشـــت بەلشـــەڤیکەکان تەنهـــا پـــارتی شۆڕشـگێڕن لە ڕووسـیا و پەیوەنـدیی بەوانەوە کـرد. تـا ئۆکتـۆبەری 1917 ئەو جـارێکی دیـکە گەیشتبوو بە پێگەیەکی بەرجەستە و کاریگەرتر لە شورادا و هاوشانی بەلشەڤیکەکان ئەوانی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ڕازی کرد.

لە شـــەوی 24ی ئۆکتـــۆبەردا، کرێکـــارانی چەکـدار و سـەربازانی وەفـاداری شـورا، بەرەو بەدەســـتەوەگرتنی دەســـەڵاتی هەمـــوو نـــاوچە سەرەکییەکانی شارەکانی سەرتاسەری ڕووسیا جوڵەیـان کـرد. لە پیترۆگـراد، جەمـاوەری چینـی کرێکـار بەجۆرێـک ئامـادەی شـۆڕش بـوون کە بەدەگمەن بەرهەڵستییەکیان لەبەرانبەر خۆیانـدا دەبینییەوە. حکومەتێکی تازەی شورایی دامەزرا. یەکەم شۆڕشـــی کرێکـــاریی ســـەرکەوتووی جیهان، ڕوویدابوو.

## ئەنتەرناسیۆنال

ڕووسیای سۆڤێت لەسەروبەندی دامەزراندنی یەکەم هەوڵدا بوو بۆ سیستەمی سۆسیالیستیی. بەڵام ترۆتسکی و لینین لەوە تێدەگەیشتن سەرکەوتنەکانیان، زیاتر لە هەرشتێک، بە شتێکەوە بەستراوەتەوە: شۆڕشە سۆسیالیستەکانی وڵاتانی دیکە. ئێمە لەئابوورییەکی نێونەتەوەییدا دەژین. هەروەکچۆن ترۆتسکی بەخێراییەکی تەواوەوە ڕوونی کردەوە، بەبێ فراوانبوونی شۆڕش، کۆماری کرێکاران لە ڕووسیا گۆشەگیر دەبێت و دواجار بەرەو شکست دەڕوات.

کەوتنی یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی 1991، بەڕواڵەت پێدەچوو ناکارایی سۆسیالیزم بسەلمێنێت. ئەو کەمینە بێ ئەهمییەتەی مۆڵتی ملیاردێرەکان کە دونیا هەڵدەسوڕێنن، لە هەوڵ

و تەقەلادا بـــــــــوون کە "وانەیەک" بە لاوان و کرێکاران بدەن: هـیچ ئەڵتەرنـاتیڤ و بەدیلێک لە بەرانبەر نایەکسانیی، هەژاریی و پشـێویی بـازاڕ بـوونی نیـیە و سـەرمایەداریی جیهـانیی، تەنهـا سیستەمێکە کاردەکات. داوامـان لێدەکەن بـاوەڕ بکەیـن هەرجـۆرە هەوڵێـک بـۆ ڕزگـاربوون لە خـــراپەی ســــەرمایەداریی، دەبێـــتە هـــۆی سـتەمکاریی، ڕیـزە درێژەکـانی نـان و کەوتنـی کۆتایی... ڕێک وەک ڕووسیا.

بەڵام ئەو سیســــــتەمەی لە ڕووســــــیای سۆڤێتیی لە ساڵی 1991 کەوت، سۆسیالیستیی نەبوو. وێڕای هەموو ئـاڵا سـوورەکان، ئەسـتێرە سوورەکان و پەیکەرەکانی لینین، ئەم سیستەمە هەزاران میـل لە سۆسـیالیزمەوە دووربـوو. تـا ساڵی 1991، حاکمانی یەکێتیی سۆڤێت هەمـوو پرەنســیپەکانی شۆڕشــی سۆسیالیســتییان بە

ڕابەرایەتیی لینین و ترۆتسکی لە ساڵی 1917دا پێشێل کردبوو.

## یەکێتیی سۆڤێت سۆسیالیستیی نەبوو، بەڵکو ستالینیستیی بوو

جیاوازییەکە چییە؟ زۆر قورسە بزانین کە دەبێت لەکوێوە دەستپێبکەین.

لە ساڵی 1917، ئیمتیازاتی دەوڵەمەندەکان ڕەتکرایەوە و تەرخانکرا بۆ ڕەتکردنەوەی درز و جیاکاریی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران. بەڵام لەژێر سایەی ستالینیزمدا، حاکمانی ڕووسیا بڕێکی گەورە و پارویەکی چەوریان بۆخۆیان گلدابووەو و بەراورد بەهەموو دانیشتووان، لە خۆشگوزەرانیی و ئارایشتدا دەژیان.

لە ســـــاڵی 1917، یەکەی نیشــــتەجێبوون دابەشکرا و ماڵی دووەمی دەوڵەمەندان دەستی بەسەردا گیران و بە بێ لانە و هەژارەکان درا. تا ساڵی 1991، حاکمانی ڕووسیا ڕازاوەترین باڵەخانەیان لە مۆسکۆ و جوانترین ڤێلایان لە دەریای ڕەشدا هەبوو.

لە ساڵی 1917، یەکسانیی یاسایی کامڵ بە ژنـــان درا. لەبـــاربردن، مەنـــع (ڕێگریکـــردن لەدووگیــــــانبوون) و تەڵاق (جیــــــابوونەوە) بەیاسـایی کـران. تـا سـاڵی 1991، حـاکمییەتی ڕووسیا ئەم هێڵەیان گرتە بەر کە وەزیفەی ژن بریتییە لە دایکایەتیی و جارێکی دیکە لەباربردن قەدەغە کرایەوە.

لە ساڵی 1917، هۆمۆسێکسوالیتە بەیاسایی کرا. تا ساڵی 1991، دیسان یاساغ کرایەوە.

لە ساڵی 1917، هەموو نەتەوەکانی ژێر چەتری حاکمییەتی ڕووسیا، مافی چارەی خۆنووسینی داهاتوو و جیابوونەوەیان لە ڕووسیا بەگوێرەی دەنگدانی خەڵک هەبوو، کەچی تا ساڵی 1991، هەموو نەتەوەکانی ناو یەکێتیی سۆڤیێت دژی ئارەزووی خۆیان دەبوو لەناو ئەم چوارچێوەیەدا بمێننەوە و ڕووسەکان بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە، لەسەرتر و خاوەن ئیمتیازی گەورەتر بوون.

## دەسەڵاتی کرێکاریی

لەهەمووی گرنگتر، لە ساڵی 1917، چینی کرێکار لەڕێگای شوراکانی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران، جووتیاران و سەربازان ("سۆڤیێت"ەکان) دەسەڵاتی

کۆمەڵگایان بەدەستەوە گرت. ئەندامانی پارتی بەلشەڤیک خاوەن مافی تەواوبوون لە باس و مشتومڕ لەسەر دیدگا جیاوازەکانی خۆیان و دەنگی ئازاد بۆ بڕیاردانی سیاسیی. تا ساڵی 1991 [و بەدواوە]، دیموکراسیی هەرگیز بۆ چینی کرێکار بوونی نەبوو. ئەندامانی حزب (ئێستا ناوی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێتە) هەرگیز مافیان بۆ ناکۆکبوون لەگەڵ هێڵی ڕابەرانی سەرەوەدا نەبوو.

چەندین هەنگاو بۆ دواوە نران؛ هەنگاوگەلێک بەرەو دوورکەوتنەوە لە سۆسیالیزم؛ چینی کرێکار بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی، پێویستیی بەوە دەبێت دەسەڵات لەڕێگای شورا کرێکارییەکانەوە بەدەستەوە بگرێت و پاشان دەستبکات بە ڕەتکردنەوەی جیاکارییە

چینایەتییەکـان. بـۆ کـارێکی وەهـاش، بـوونی بـاڵاترین دیموکراسـیی کرێکـاریی، کـارێکی زەروورییـی و گـرنگە. کرێکـاران خۆیـان پێویستییان بە بەرنامەدانانی ئابووریی دەبێت. دەبێت زاڵبـبن بەسـەر هەمـوو درزە ڕەگەزیـی، سێکسـوالیی یـان ئەتنیکییەکـانی نـاو چینـی کرێکاران.

ئەم پرۆسـەیەی گـۆڕانی کۆمەڵگـا بەرەو سۆسـیالیزم، دوای شۆڕشـی 1917 مـومکین بـوو. بەڵام لە دەیەی 1920 و 1930، ستالینیزم کۆی پرۆسەکەی ئاوەژوو کردەوە.

ئەوەی سـەرمایەداران هەرگیـز دەربـارەی مێژووی یەکێتیی سۆڤێت بەئێمەی ناڵێن، ئەمەیە کە زۆرێـک لە بەلشـەڤیکەکان دژی ئەم پرۆسـەیەی ئـاوەژووکردنەوە و خیـانەت لە شـۆڕش وەسـتانەوە و خەباتیـان کـرد. ئەوان

هەرگیز پێمان نالێن ئەڵتەرناتیڤێک هەم لە بەرانبەر سەرمایەداریی و هەم لەبەرانبەر ستالینیزمدا بوونی هەبوو.

بەم هۆیەوەیە شۆڕشگێڕانی ئەمڕۆش هەروەها بیردەکەنەوە کە مێژووی ڕووسیا گرنگی هەیە. ئەمە شۆڕشێکی کرێکاریی بوو و بەم هۆیەوە بەشێکە لە مێژووی ئێمە. ئەمڕۆش خەباتی نێوان ترۆتسکیزم و ستالینیزم، زۆر گرنگە، چونکە پڕە لە وانەگەلێک بۆ داهاتووی ئێمە و ئەو شۆڕشەی کرێکاران و لاوانی جیهان دەیانەوێت لە سەدەی بیست و یەکدا بەرپای بکەن.

## سەرهەڵدانی ستالینیزم

ڕووسیای پێش شۆڕش، وڵاتێکی دواکەوتوو بوو. چینی کرێکار و پارتی بەلشەڤیک دەیانزانی وەزیـــــفەی گەورەی بەمـــــۆدێرنکردنی وڵات، دامەزرانــدنی هێڵەکــانی هێــز و پیشەســازییە قورســەکان و فێرکردنــی ملیۆنــان جووتیــاری نەخوێنـدەوار، کەوتـۆتە سەرشـانی ئەوان. بەڵام هەرگیـز لێنەگەڕان ئەوان لەئاشـتیدا بـن تـا ئەم وەزیفەیە ئەنجام بدەن.

14 وڵاتــی ســـەرمایەداریی لەهەوڵـــدا بـــۆ لەنـاوبردنی کۆمـاری کرێکـاران، هێرشـیانکردە ســەر ڕووســیا و لە ڕیــزی "ســوپای ســپی"دا، وەستان، واتا هێزی وەفاداری خاوەن موڵکەکان و بنەماڵەی پاشایەتیی پێشوو. لە ساڵی 1921، بەڕابەرایەتیــی ترۆتســکی، ســوپای ســوری

کرێکـاران و جووتیـاران لە جەنگـی ناوخۆییـدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

بەڵام شۆڕشی ڕووسیا لەبەردەم هەرەس و شکستدا بوو، دواجار نەک بەهۆی دوژمنانی لە دەرەوە، بەڵکـو بەهـۆی مەرگبـارترین دوژمنـی ناوەکییەوە.

ژۆزێـف سـتالین بەتـاقی تەنهـا بەرپرسـی دارمـان و دارزانـی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەر نەبـوو. ئەو شۆڕشـەی پشـتیوانیی ملیۆنـان کرێکـاری هەبـوو، ناکرێـت بە هەنگاوەکـانی تـاکە کەسـێک لەناو بچێت. سـتالین گەیشـتە دەسـەڵات، چـونکە نـوێنەری هێزێکـی ڕوولەگەشـەی نـاو دەوڵەتـی سۆڤێت بوو: بیرۆکراسی.

لینـین، ترۆتسـکی و بەلشـەڤیکەکان هەمیشـە لەوە تێدەگەیشتن کە سۆسیالیزم مەحاڵە لەیەک

ولاتـــدا بونیادبنرێـــت، چ بگـــات بە وەلاتێکـــی دواکەوتـــووی وەک ڕووســـیا. ســـەرمایەداریی، سیســـتەمێکی جیهـــانییە. سۆســـیالیزم تەنهـــا وەختێـک ســـەرکەوتوو دەبێـت ئەگەر بتوانێـت ســـتانداردی ژیـــانی بەرزتـــر و ئـــابوورییەکی بەهێزتـر لە سـەرمایەداریی جیهـانیی بەدیـاری بهێنێت.

شۆڕشی ڕووسیا، ئاگری خەباتەکانی چینی کرێکاریی هەموو جیهانی خۆشکرد. لە ئەوروپا، گەلێک شۆڕشـی گەورە بەرپـابوون. شـوراکانی هاوشێوەی "سۆڤێت"ـەکانی ڕووسیا لە هەنگاریا و ئەڵمانیـــا دروســـتکران. کرێکـــارانی ئیتاڵیـــا لەمیـــانەی دوو ســـاڵی خەبـــاتی شـــکۆمەندا دەستیان بەسەر کارگەکانی خۆیاندا گرت. بەلام ئەم دەرفەتـــانە یەک لەدوای یەک هەرەســـیان هێنـا، چـونکە هـیچ پـارتێکی بەهێـزی کرێکـاریی

وەک بەلشەڤیکەکان، ڕێکخراو و ئامادەی گرتنە دەستی دەسەڵات، بوونی نەبوو.

یەکێتیی سۆڤێت تەنها و گۆشەگیر بوو. دەبوو گەلێک سازش لەگەڵ جووتیارانی دەوڵەمەنددا بکات بۆ ئەوەی خۆراک بۆ شارەکان بنێردرێت. توێژێکی جامباز و بەرپرسە ئیدارییەکان دەرکەوتن ژیانێکی بەڕادەیەک خۆشگوزەرانیان لەدۆخی باڵادەستدا بۆخۆیان دروستکرد. ئەوان قەرزباری دەوڵەتی سۆڤێت بوون بۆ پێگە و پۆستە هەنوکەییەکەیان، هەر لەبەر ئەوەش بوو داوای گەڕانەوەی سەرمایەدارییان نەدەکرد. بەڵام لە هەمانکاتدا، پێویستبوون بەم کەسانە، تەنها بەو هۆیەوە بوو کە ڕووسیا گۆشەگیر ببوو. ئەوان ترسان لە ئەگەری شۆڕش لە دەرەوە کە دەیتوانی گۆشەگیریی و تەنهایی ڕووسیا

بشکێنێت. بەتایبەت ئەوان لەخودی چینی کرێکار دەترسان. لە ئەنجامدا دەستیانکرد بە سەرکوتی مشتومڕ، گفتوگۆ و دیموکراسی، چ لەناوەوەی شوراکان و چ لە ناوەوەی پارتی کۆمۆنیستدا.

ستالین سکرتێری گشتیی حزب بوو. ئەو زیاتر و ڕوونتر لە هەر کەسێک بەرژەوەندییەکانی تویژی بیرۆکراتی دەخستەڕوو و وەڵامی دەدایەوە. لینین لە وەسیێتنامەکەی خۆیدا کە دوای مردنی بڵاوبووەوە، دەڵێت ستالین دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەیە و دەبێت لە دەسەڵات دابماڵرێت.

دوای مردنی لینین، ستالین بە "تیۆری"یەکەوە هات کە هێرش بوو دژی هەموو ئەو شتەی بەلشەڤیکەکان بەرگرییان لێدەکرد. ئەو بانگەشەی ئەوەی کرد ڕووسیا دەتوانێت

خـــودی خـــۆی سۆســـیالیزم بونیادبنێـــت. "سۆســـیالیزم لەیەک وڵات" بەو مانـــایە بـــوو شۆڕشی جیهانیی، تـا ئەو شـوێنەی بیرۆکراسـی مەبەسـتی بـوو، چیتـر زەروورەتـی نەمـاوە. لەجیـاتی شۆڕشـی جیهـانی، ستالینیسـتەکان داوای پێکەوەژیـــانی ئاشـــتییئامێزیان لەگەڵ سەرمایەداریی لە دەرەوەدا کرد.

هەرکاتێـــک ستالینیســـتەکان دەســـتیان بە مـــامەڵە لەگەڵ یەکێـــک لە دەســـەڵاتەکانی ســـەرمایەداریی کردبێـــت، ســـتالین فشـــاری دەخستە سـەر کۆمۆنیستەکانی وڵاتـانی دەرەوە کە هیچ کارێک بۆ نائومێدکردنی ئەم هاوپەیمانە تـــازەیەی ئەوان نەکەن. لە دەیەی 1930، ئەمە بەو مانـــــایە بـــــوو ستالینیســـــتەکان دژی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن چینی کرێکارەوە لە وڵاتـــــانی وەک فەڕەنســـــا و ئیســـــپانیا

هەڵوێستیان وەرگرتووە و بڕیاریان داوە. بەپێچەوانەوە بڕیاربوو شۆڕشەکان بۆ ئامانجی دیموکراسی نەک سۆسیالیزم کورت بکرێنەوە.

## ترۆتسکی ڕووبەڕوو دەبێتەوە

لە ساڵی 1923، ترۆتسکی دەستیکرد بە جەنگێکی سیاسی دژی ستالین و هەموو ئەو شتانەی ستالین نوێنەرایەتیی دەکردن. ترۆتسکی داوای گەڕانەوەی دیموکراسیی کرێکاریی ڕاستەقینەی ناوەوەی حزب و هەموو ئۆرگانەکانی ژیانی دەکرد. ئەو خوازیاری بەرنامەیەکی دیموکراتیی بوو بۆ بەڕێوەبردنی ئابووریی بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار نەک بیرۆکراتەکان. گرنگتر لەهەمووی، ئەو تیۆریی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتی

ڕەتکردەوە و پشتیوانیی لەخەبات بۆ شۆڕشی جیهانیی کرد.

ترۆتسکیستەکان بە کەمپینێکی پڕ لە تۆقاندن و ئازار و ئەشکەنجەدان شکستیان پێهێنرا. ئەوان قەدەغە کران، لە کەمپەکانی کاری زۆرەملێ قایمکران، دوورخرانەوە، تیرۆرکران. لەمیانەی زنجیرەیەک پاکتاوکردن و "دادگاییە نمایشییەکان"دا ترۆتسکیستەکان بەهەموو شتێک تۆمەتبار کران، لە خزمەتگوزارانی هیتلەرەوە بیگرە تادەگاتە تێکدان و ئاژاوەنانەوە لەناو پیشەسازییەکاندا. هەموو کێشەیەک لە ڕووسیا، هەموو شکستێکی ڕژێم، دەخرایە گەردنی ترۆتسکیستەکانەوە. ستالین تەنانەت پڕوپاگەندەیەکی دژەجولەکایەتیی قێزەونیشی بەگەڕخست، چونکە ترۆتسکی و هەندێکی دیکەی ڕابەرانی ئۆپۆزیسیۆن خاوەن

باگراونــدی جــولەکە بــوون. هەزاران کەس لە سـیبریا یـان بەهـۆی گـوللە لەپشـتەوە گیانیـان بەختکرد.

کـــورەکەی ترۆتســـکی، "ســـێرگی"، وەک ئەندازیارێکی سۆڤێت کە هیچ مەیلێکی سیاسیی نەبـوو، تۆمەتبـارکرا بە ڕووداوێکـی عەمـدی و بەمەبەست لەسەر کار لابرا و پاشان بەبێ هـیچ جــۆرە هەڵگرتنەوەیەکـــی شــــوێنپێ، بزرکـــرا. کـورەکەی دیـکەی ترۆتسـکی، "لیـۆن سـیدۆڤ"، وەک شۆڕشگێڕێکی چالاک لە فەڕەنسا، لەلایەن بەکرێگیراوێکی سۆڤێتەوە تیرۆرکرا.

ترۆتســـکی خـــۆی لە ڕووســـیا دەرکـــرا؛ حکـــومەتە ســــەرمایەدارییەکان کە زیـــاتر لە ترۆتسکی دەترسان نەک ستالین، ئەویان ناچار دەکرد لە وڵاتـێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە هەڵبێت. لایەنگرانــــــی ترۆتســــــکی یەک لەدوای یەک

بەدەستی پۆلیسی نهێنیی ستالین تیرۆر دەکران. دواجار خودی ترۆتسکیش لە مەکسیک، لەساڵی 1940 تیرۆرکرا.

لە سەرەتادا ترۆتسکی پێیوابوو نەخۆشیی ستالینیستیی دەکرێت بە کۆمەڵێک ڕیفۆرم لە یەکێتیی سۆڤێتدا چارەسەر بکرێت. لە ناوەڕاستی دەیەی 1930، تێگەیشت شۆڕش تەنها ڕێگای لەناوبردنی دیکتاتۆرێکی گەندەڵی دژەچینی کرێکاری وەک ڕژێمی ستالینە. هاوزەمان ترۆتسکی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە هێشتا سەرمایەداریی لەڕووسیا نەگەڕاوەتەوە. دوای نەمانی ستالینیستەکان، کرێکاران پێویستیان بە پاراستنی بەرنامەی دەوڵەت و پیشەسازییەکانی سەر بە دەوڵەت دەبێت، بەڵام دەبێت ئەوانە بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی چینی کرێکارەوە بۆ ئەوەی

دووبارە لەسەر ڕەوت و ڕێگای سۆسیالیزمدا بەگەڕبخرێنەوە.

بۆ ترۆتسکی، یەکێتیی سۆڤێت نە سەرمایەداریی بوو نە سۆسیالیستیی، بەڵکو دەوڵەتێکی لێکهەڵوەشاوەی کرێکاریی بوو کە لەلایەن بیرۆکراتەکانەوە بەڕێوەدەبرا. ئەو شیکردنەوەی بۆ ئەوە کرد کە دەکرێت یەکێتیی سۆڤێت بە دەوڵەتێکی کرێکاریی ناوببرێت، "بەڕادەیەک هەر بەو جۆرە کە... یەکێتییەکی کرێکاریی، لەژێر ڕابەرایەتیی و خیانەتی ئۆپۆرتۆنیستەکان، واتا خزمەتکارانی سەرمایە، دەکرێت وەک سەندیکایەکی کرێکاریی بانگبکرێن". هێشتا دەبوو لەکاتی هێرشی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانەوە بەرگریی لە یەکێتیی سۆڤێت بکرێت، وەک ئەو کاتەی ئەڵمانیای نازی لە ساڵی 1941 هێرشی کردە

سـەر ڕووسـیا. بەڵام بەهـیچ جۆرێـک نابێـت پشتیوانیی لە ستالین یان باندەکەی ئەو بکرێت. ترۆتسکی پێیوابوو بەو جۆرەی چینی کرێکار بیرۆکراتە ستالینیستییەکان نەهێڵێت و دووبارە دەسەڵات بۆ شورا دیموکراتییە کرێکارییەکان بگەڕێنێتەوە، ئەوا سەرەنجام بیرۆکراتەکان خۆیان ڕووسیا بۆ ناو دڵی سەرمایەداریی دەگەڕێننەوە.

ئەو تەواو لەسەرحەق بوو! دوای ساڵی 1991، ئەمە بەرپرسانی ستالینیستی ڕابردوو بوون کە لە سەرەوەی هێرش بەرەو گۆڕان بۆ مۆڵتی ملیاردێری سەرمایەداریی وەستابوون؛ سیستەمی بازاڕ و قازانج بەشێوەیەکی بەردەوام لە سەرتاسەری ڕووسیا و ئەورووپای خۆرهەلاتیی سەرلەنوێ سەقامگیرکرایەوە و

بێکاریی بەرفراوان، تاوان، قەیران و گەندەڵیی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

زۆرێک دەڵێن لەخەباتدا دژی ستالین، ترۆتسکی دۆڕا. هەندێکی دیکە دەڵێن بێگومان ترۆتسکی هەڵەی کردووە، ئەگەر ڕاستی گوتبێت دەبوو بتوانێت لەخەباتدا سەرکەوتوو بێت! دەبێت ئەم کەسانە بە وردیی بیربکەنەوە. ئەگەر دۆڕان لەخەباتێکدا خۆبەخۆ بەمانای هەڵەی ئێوە بێت، کەواتە دەبێت لەلای هەندێک لە خراپترین دیکتاتۆرەکان و ستەمکارترین کەسەکانی مێژوو بەدوای عەدالەتدا بگەڕێین.

بەڵام ڕەخنەگرانی ترۆتسکی لەلایەکەوە و تەنانەت گرنگتریش، هەڵەدەکەن. ئەمە سۆسیالیزم نەبوو کە لە 1991 کەوت. ئەمە ستالینیزم بوو. بۆیە کاتێک ملیۆنان کەسی لاو بەدرێژایی سالانی بەردەمیان دەرکی جەوهەری

سیستەمی سەرمایەداریی بکەن، ئەوا ئەوان نەک بەرەو ئایدیا شکستخواردووەکان، بەڵکو بەرەو ئایدیا ڕاستەقینەکانی بەلشەڤیزم، واتا بەرەو ئەو ئایدیایانە دەڕۆن کە ترۆتسکی خەباتی لەپێناودا کرد و گیانیشی بەخشی؛ واتا: دیموکراسیی کرێکاریی، یەکسانی و شۆڕشی جیهانیی.

# لینین، ترۆتسکی و ئەنتەرناسیۆنالیزم

پۆڵ داماتۆ

کاتێـک شۆڕشـی ڕووسـیای سـاڵی 1917 سـەرکەوت، ئەوە بـۆ لینـین و ترۆتسـکی و ئەوانیـدیکەش ڕوون بـوو کە هەلـومەرجی ئـابووریی بۆ سۆسیالیزم لە ئاستی "جیهانی"دا ئامـادەیە، بەڵام ڕووسـیەی تەریـک و گۆشـەگیر ڕەنـگە نەتوانێـت وەک دەوڵەتێکـی کرێکـاریی زینـدوو بمێنێـتەوە. لینـین دەنووسـێت "ئـێمە هەمیشـە بەختـی خۆمـان خسـتە نێـو قومـاری

شۆڕشـــی جیهـــانییەوە... بەئەنجامگەیانـــدنی کـارێکی وەک شۆڕشـی سۆسیالیسـتیی لە یەک وڵاتدا، کارێکی مەحاڵە" [هەمان تێزی ستالین و بەشـــێکی دیـــکەی ئەنـــدامانی بەلشـــەڤیک، کە ترۆتسکی لە کۆتـایی کتێبی دووەمـی مێژووی شۆڕشی ڕووسیا بەوردیی خولیای ستالین و زۆرێکـی دیـکەی بـۆ ئەم تێـزە دەرخسـتووە، و پاشـان ستالین بەئاشـکرا هەم بانگەشـەی بـۆ دەکـات و هەم سۆسیالیزم لەیەک وڵاتدا بەرەو بیرۆکراســییەت و دواتــر بەرەو ســەرمایەی دەوڵەتیــی و دیکتــاتۆرییەت و تۆتالیتــاریزمی دەبـات، هەر بانگەشـەیەکی لەم چەشـنە ڕژێمـی ستالینیی سـەرەنجامەکەی دەبێت، سۆسـیالیزم یـــان جیهـــانییە یـــان هـــیچە و مەرگ چارەنووسـەکەی دەبێت، هەروەک چۆن مەرگ چارەنووسی سۆڤیێتی دیاریکرد-وەرگێڕ].

کاتێک بیرۆکراسیی ستالینیستیی سەرەتاکانی دەیەی 1920 سەریهەڵدا، ترۆتسکیی کە لە ڕێکخەرانی سەرەکیی ڕاپەڕینی 1917 بوو، بوو بە پاڵەوانێکی گەورەی خەبات دژی ستالین. لینین پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات لە ساڵی 1924دا، دەستیکردبوو بە تەحەداکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بیرکۆراسییەتە: بۆ نموونە پێشنیاریی لابردنی ستالینی لە سکرتێریی گشتیی حزب کردبوو کە کۆمیتەی ناوەندیی دوای مەرگی لینین، ئەم وەسێت و پێشنیارەی شاردەوە. [لینین ئەم پێشنیارە دەداتە کرۆپسکایای خێزانی و ستالین کە سیخوڕی بەسەر کرۆپسکایاوە کردووە بە مەسەلەکە دەزانێت و تەنانەت زلەیەکی پیا دەکێشێت، دوای مەرگی ستالین، هەموو بەڵگەنامەکان ئاشکرا دەبن - وەرگێڕ].

ترۆتسکیی وەک "یەکەم قۆناغی گەڕانەوەی بۆرژوازیی" ڕژێمی ستالین مەحکوم دەکات. ئەو بە گەڕانەوە بۆ مارکس دەڵێت دامەزراندنی "سۆسیالیزم لەیەک وڵات" لە بنەڕەتدا هەموو شتێکە دامەزراندنی سۆسیالیزم نەبێت؛ هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە بارودۆخی دەگمەنیدا، تەنها دەبێتە هۆی زیندووبوونەوەی پەیوەندییە نایەکسانییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان لەڕووسیادا.

ترۆتسکی بانگەواز بۆ لەناوبردنی بیرۆکراسییەتی نێو دەکات: شۆڕشی سیاسیی. نازناوێکی تازە سەریهەڵدا: "ترۆتسکیست". چەندین پڕوپاگەندەی دەوڵەتیی بەڕێوە دەبرێت بۆ ئەوەی "بسەلمێنرێت" کە ترۆتسکی درەنگ هاتۆتە ناو حزبی بەلشەڤیکەوە و لە سەرەتاوە

تاکۆتایی لەڕاستیدا چالاکیی بۆ لاوازکردنی شۆڕش نواندووە.

ترۆتسکی ڕێبەرێکی گونجاو بوو بۆ ئۆپۆزیسیۆنی نوێی چەپ لە ڕووسیا. تیۆریی "شۆڕشی بەردەوام"ی ئەو، ئەوەی ڕوونکردبووەوە کە خەسڵەتی "ئاوێتە و تێکەڵ"ی گەشەی ئابووریی ڕووسیا – خەسڵەتێک کە مۆدێرنترین پیشەسازیی دەبەستێتەوە بە دواکەوتووترین ئابووریی جووتیارییەوە – بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ دەهێنێتە بوونەوە کە وەزیفە و ئەرکەکانی شۆڕشێکی بۆرژوازیی و کرێکاریی تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر دەکات.

لیبراڵەکانی ڕووسیا دژی چینی کرێکار لەگەڵ کۆنەپارێزە خاوەن زەوییەکاندا یەکدەگرن. بە قەولی ترۆتسکی، "چەندە خەباتی

جەماوەر ئازایانەتر[بێت]، گۆڕانی کۆنەپارێزیی لیبرالیزم خێراتر [دەبێت]". تەنها چینی کرێکاری ڕووسیا دەیتوانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی "بۆرژوازیی" بکات.

ئەمە کەم تا زۆر هەمان ئەو شتەیە کە ساڵی 1917 ڕوویدا. وێڕای ئەمە ئاسۆی ترۆتسکی، وەک لینین تەواو ئەنتەرناسیۆنالیستیی بوو. شۆڕشی ڕووسیا نەیدەتوانی دواجار سەربکەوێت، ئەگەر نەتوانێت شۆڕش فراوان بکات و پەرەی پێبدات. ترۆتسکی ساڵی 1906 دەنووسێت "بەبێ پشتیوانیی ڕاستەوخۆی حکومەتی پرۆلیتاریای ئەوروپا، چینی کرێکاری ڕووسیا ناتوانێت خۆی لەدەسەڵاتدا بهێڵێتەوە".

ترۆتسکیی چاوەڕوانیی ئەوە بوو بە دەستێوەردانی سەربازیی دەرەکیی لە تەنیشت

سوپا دژەشۆڕشەکان و لەناوبردنی فیزیکیی دەوڵەتیی کرێکاریی، شکستێکی گریمانەیی دەگات. بەڵام بەلشەڤیکەکان لە جەنگی ناوخۆییدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. شۆڕش لەبری ئەوەی لەناو بچێت، لەناوەوە دارما. وێڕای ئەمە گۆشەگیریی شۆڕش، هەر بەو جۆرەی ترۆتسکی پێشبینیی کردبوو، بووە هۆی ئەوەی کرێکارانی ڕووسیا دەسەڵات بۆ دژەشۆڕشێکی بیرۆکراتیی بدۆڕێنن.

زۆر نووسەر دەربارەی بلیمەتیی ترۆتسکیی و گەمژەیی و حەماقەتی ستالین بیروبۆچوونیان دەربڕیوە. ئەی باشە چۆن دەتوانین سەرکەوتنی ستالین و شکستی ترۆتسکیی ڕوون بکەینەوە؟ هێزی ترۆتسکی وەک ڕێبەرێک، پەیوەندیی بە بەهێزیی بالآی چینی کرێکارەوە هەبوو. لەکاتێکدا ستالین و

بیرۆکراسـیی هێـزی خۆیـان لە لاوازیـی چینـی کرێکارەوە وەردەگرت.

سەرەڕای ئەمانە، ڕەخنە و شیکاریی زیرەک و عـاقڵانە و تونـدی ترۆتسـکی بـۆ دارمـانی شـــۆڕش، هەلـــومەرجی بـــۆ ســـەرکەوتنی خـــوازراوی ســـتالین بەدیهێنـــا. ترۆتســـکیی لەکۆتاییـدا سـاڵی 1928 لە یەکێتیـی سـۆڤێت دوورخـــرایەوە. دوای دەیەیەک، ســـتالین وەک دژەشۆڕشـێکی کامـڵ و پێرفێکـت دەرکەوت و هەمـــوو ئاســـەوار و نیشـــانەکانی شۆڕشـــی ئۆکتۆبەری 1917ی لەناوبرد.

ســـتالین تەنهـــا بە بـــرەودان بەئایـــدیا و بیروبۆچـــــــــــوونە لەبنەڕەتـــــــــــدا دژەمارکسیستییەکانەوە لەژێر چەتر و پەردەی مارکسـیزمدا نەوەسـتدا (بـۆ نمـوونە تیـۆریی "سۆســـیالیزم لەیەک وڵات"، کە چەمکێکـــی

ڕێکخراوەیـــی تەواو بیرۆکراتییـــانە بـــوو نەک دیموکراتییانە)، بەڵکو دەستیکرد بە پاکتاوکردنی جەســـتەیی و فیزیکیـــی ڕێبەرانـــی شۆڕشـــی ئۆکتۆبەر.

بە قەولی نیکیتا خرۆشۆڤ، ستالین 70%ی ئەنـــدامان و کاندیـــدەکانی کـــۆمیتەی ناوەنـــدیی هەڵبژێـــردراوی ســـاڵی 1934 و 80%ی ئەو کەســـانەی کوشـــت و لەنـــاوبرد کە پـــێش ســـاڵی 1921 پەیوەندییان بەحزبەوە کردبوو.

خەبـــاتی ترۆتســـکی دژی کـــاریگەریی ســـتالینیزم بـــابەتی لێکـــۆڵینەوە و مشـــتومڕی دواتری ئێمە دەبێت.

لە وێـــب ســـایتی فەرمیـــی سۆسیالیســـتە شۆڕشگێڕەکان وەرگیراوە و کراوە بەکوردیی